

# بکوژی خودا

رۆشبیری لەپێناو تەندروستی

مافی لەبەرگرتنەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نووسەر
بەکارهێنانی هەر بەشێکی ئەم بەرهەمە و کۆپیکردن یان بەکارهێنانی
لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ڕێگەپێنەدراوە بێ ڕەزامەندی نووسەر



# بکوژی خودا

پشتیوان هەڵەبجەیی

ناوی کتێب: بکوژی خودا
بابەت: ڕۆمان
نووسینی: پشتیوان هەڵەبجەیی
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
قەبارە: ٣١ * ١٩
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٦٠٠٠ دینار
ساڵێ چاپ: ٢٠١٧ - سلێمانی
ژمارەی لاپەڕە: ٣٩٠ لاپەڕە

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (     ) ی ساڵی ٢٠١٧ ی پێدراوە

ئـەو ڕۆژەی کە بەهمەنی سەحاف برایە لای ئەبوو عابدی ئەنساری ، ئازارێکی زۆری هەبوو ، دەم و چاوی شین و مۆر ببویەوە و نەیدەتوانی لەسەر قاچەکانی خۆی ڕاوەستێت ، ئەو هێزی کۆترێکی تێدا نەمابوو ، لە خانوویەکی چەپەکی پیسدا لەبەردەم ئەبوو عابدی ئەنساری فڕێدرا .

ئەبوعابدی ئەنساری کەمێک لێی دەڕوانـێت و چاو بـەچـەکدارەکـانـدا دەخشێنێت کـە هـەمـوویـان سیمایان شاردبوویەوە، پاشان بەدەستەکانی خۆی قژی دەگرێت و سیمای بەرزدەکاتەوە و لە قوڵایی چاوەکانی دەڕوانێت و تـەمـاشـای چـەکـدارەکـان دەکـات و دەڵـێـت: نـەدەبـوو ئاوەهای لێبکەن چاوەکانی پڕن لە حەقیقەت، بەهێواشی سەری دادەگرێتەوە بۆ سەر زەوی و ئاماژە بۆ یەکێک لە چەکدارەکان دەکات و دەڵێت: بیبەن چارەسەری بۆ بکەن و کاتێک هۆشی هاتەوە بۆم بێننەوە بۆ ماڵی دووەمم .

دوای هەفتەیەک یەکێک لەچەکدارەکان لەئۆتۆمبیلێکی جام ڕەشدا بەهمەن دەباتە ڤیلایەکی گەورەوە کە ئەبووعابدی ئەنساری پێشوازی لێدەکات ، ئـەو بەبینینی دیمەنەکە دەحەپەسێت ، ئەنساری لەحەوزێکی گەورە دێتە دەرەوە کە چەند کچێکی ڕووت وشکی دەکەنەوە و جلی لەبەر دەکەن

و پاشان بەبتڵێک شەرابی سورەوە دێتە بەردەم بەهمەنی سەحاف و دەڵێت: ها سەحاف دەشێت زۆر بەشوێن مندا گەڕابیت ، پێت وانیە هێندەش زەحمەت نیە پیاوێکی قاچاغ بدۆزیەوە ، پێم ناڵێی ئەبوعابدی ئەنساریت بۆچی بوو ، ئەمە منم بەپێی پێناس منم بەڵام لە حەقیقەتدا ئەو پیاوە بونی نیە بەڵام من پێناسەکەیم هەڵگرتووە گەر پێکەوە بمێنینەوە ئەو حیکایەتەت بۆ دەگێڕمەوە

بەهمەنی سەحاف دەحەپەسێت نازانێت چی بڵێت ، دەمی دادەچەقێت ، بۆماوەیەک هیچی بۆ ناگوترێت و بڕوا بەچاوەکانی خۆی ناکات و هەست دەکات سیحری لێکراوە، سەری گێژ دەخوات ، ئاخر ناهەقی نەبوو ئاوای لێبێت هەموو دونیا باسی نزیکی ئەویان دەکرد لەخوداوە ئەو شۆڕشی لەدژی بێ خوداکان هەڵگیرساندبوو ، ئاڵای جیهادی بەرزکردبوویەوە ، بەهمەن بڕوای نەدەکرد ئەوە ئەنساری بێت، ئاخر بینینی ئەنساری بەوجۆرە و لەناو حەوزی مەلە و ڤێلا و لەگەڵ کچی ڕووت و بەشەرابی سورەوە جێگای بڕوا نەبوو، ئەنساری بەخۆی و ڕێکخراوەکەیەوە ببوو بەسەردێڕی گشت میدیاکانی دونیا و شەوانە باس باسی هەواڵە توندوتیژیەکانی ئەوان بوون، جیهانیان کردبوو بەسێ بەشەوە کە بەشێک بەهیچ شێوەیەک لەگەڵیان نەبوون و شەڕیان لەگەڵ دەکردن، بەشێک لەگەڵیان بوون و پشتیوانیان دەکردن و بەشێکی زۆریش نەلەگەڵیان بوون و نەلەدژیان بوون، ئەوان لەهەموو دونیادا هەوادار و گروپ و دەستەیان هەبوو، وە لەهەموو وڵاتانی دونیادا

کار و چالاکی توندووتیژیان هەبوو، لەهەر جێگایەکیش بەڕەنگێکەوە دەردەکـەوتـن، ئیدی ئەبوعابدی ئەنساری سەرچاوەی ڕژانی خوێن بوو لەهەموو دونیادا .

بەهمەنی سەحاف پێی سەیر بوو کە ئەبوعابدی ئەنساری لەسەر ئاڵایەکی ڕەش بەخەتی سپی نوسی بووی (تەنها خودا ) کەچی لەوێدا چەشنی سەرمایەدار و بێ خوداکان لەڤێلای ڕازاوەدا دەژیا، لەگەڵ حەوزی مەلە و کچی ڕۆژئاوایی ، بڕوای بەو دیمەنە نەدەکرد ، ئەبوعابدی ئەنساری کەمێ لێی دەچێتە پێشەوە و پرسیارەکەی دووبـارە دەکاتەوە وەک ئەوەی بەهمەن گوێی لەپرسیارەکەی نەبوبێت دەڵێ: پێم ناڵێی ئەبوعابدی ئەنساریت بۆچی بوو، ئەو لەترس و گومان و دوودڵیدا، لەترسی لەشێکی گەورە و زەبەلاحی بێ ڕەحمی ڕەشتاڵەدا بیری چووبویەوە کە ئەبوعابدی بۆچی بووە و پاش زەمەنێ تێفکرین دەڵێ: لەتیڤیەوە ڕاسپێردراوم کە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ تۆ ئەنجام بدەم .

ئەبوعابد بانگی سەحاف دەکات بۆ ژوورەکـەی خۆی، ئەو ژورە جۆرێک دەبێت لە ئۆفیس و شوێنی ئیش و کاری ڕەسمی کە هەندێک مێز و کورسی مۆدێرن دانراوە و لەسەر مێزی نوسینەکەیدا ئاڵایەکی ڕەش دانراوە و لەسەر ئاڵاکە بەخەتی سپی نوسراوە ( تەنها خودا ) لەسەر دیوارەکەش کۆمەڵێک وێنە هەڵواسراوە کە بەهمەن چەند دانەیەکیان دەناسێتەوە کە دیکتاتۆرەکانی دونیا دەبن .

بەهمەن چاوێک بەژورەکەدا دەگێڕێت و سەیرێکی دار و دیوارەکە دەکات و بەترسەوە دەڵێت ببورە بەڕێز من

تەواوی تۆمارە دەنگی و ڕەنگیەکانی ئەبوعابدم گوێ لێ بووە، نازانم هەست دەکەم شتێک لەشوێنی خۆیدا نیە، هەستەکەم بۆ شوێنێکی هەڵە هاتووم، ئاخر ئەو پیاوە لەهەموو دەرکەوتنەکانیدا جلی ڕۆژهەڵاتی پۆشیوە و ڕیشی درێژی هەیە و چەکێکی لەباوەشدایە و بەسیمایەکی گرژەوە هەڕەشە لەدونیا دەکات .

ئەبوعابد بەزەردەخەنەیەکی پڕ ماناوە دەڵێ: ئەی پیاو تۆ تەنها لە تیڤیەکانەوە منت بینیوە و دەرکەوتنی تیڤی هیچ حەقیقەتێکی تیا نیە، شاشەی تیڤی تەنها شتی ئاسایی و ناڕاست نیشان دەدات، بەهمەن تەماشایەکی نێو چاوانی دەکات و دەڵێ: ئاخر چەند جارێک ئەبوعابدم لە تۆمارە دەنگی و ڕەنگیەکاندا دیتووە، ئەو هەرجارە و بەجۆرێک دەرکەوتووە، هەر جارەی لەوڵاتێک دەرکەوتووە، جارێک لەناوو بەفری چیاکانی ڕوسیادا هەڕەشەی لە شوعیەت دەکرد، جارێک لە ویلایەتی لۆس ئەنجلوس هەڕەشەی لە ئەمریکا دەکرد، چەند جارێک لە بۆرما هەڕەشەی لە مەسیحیەکان دەکرد، جارێک لە فەلەستینەوە هەڕەشەی لەجولەکە دەکرد و جارێکی تر لە ئەفغانستان باسی ویران کردنی ئەمریکای دەکرد، لەم دواییانەشدا لە عێراقەوە هەڕەشەی خاپور کردنی دونیات دەکرد، تۆ لەو پیاوە توندڕەوە ناچیت ، ناکرێت هەموو ئەو ڕوداوانە تۆی لە پشت بیت، کوشتن، تۆقاندن، سەربڕین، پارچەپارچە کردنی ئینسان، تەقاندنەوەی مرۆڤ، تەقینەوە و هەڕەشە کردن و فڕاندن و لەناوبردنی ئەو هەموو خەڵکە ناکرێت تۆی لەپشت

بێت، تۆ لەو پیاوانە ناچیت کە دەستی سورە بەخوێنی ئەو هەموو مەخلوقە .

ئەبوعابد تەنها خەندەیەک دەکات و هیچ وەڵامی ناداتەوە . بەهمەنی سەحاف بــەردەوام دەبێت و دەڵــێ ئاخر تۆ پیاوێکی ئاسایی دیاریت ، لەو پیاوە ناچیت کە من زەمەنێکی زۆرە بەشوێنیدا وێڵم، ئاخر من زەمەنێکی زۆرە دوای هەواڵەکانی ئێوە کەوتووم و لە هەرکوێیەک بچوکترین زانیاریم دەست کەوتبێت هەوڵمداوە پێی گەشتبم ، جارێک چوومە بەندینخانە بۆلای چەند بریندارێکی ڕێکخراوەکەت بەڵام پێش ئەوەی من بیانگەمێ ئەوان خۆکوژیان کرد، چەند جارێک خۆمم گەیاندە سەنگەری جەنگاوەرەکانت کەچی پێش ئـەوەی وشەیەک لە یەک جەنگاوەر ببیستم ئەوان خۆیان دەتەقاندەوە، من زۆر ماندووبووم تا تۆم دۆزیەوە، تۆ هیچ خزم و کەس و ناسراوێکت نەبوو، تەنانەت هەموو ئەوانەش کە پێشتر قسەیان لەگەڵت کردبوو دەیانگوت ئەو گەڕۆکە هەر جارەی لەوڵاتێکە هەر ساتەی لە شارو شەقام و کوچەیەکە، دەیانگوت هەر ڕۆژەی ژمارەیەکی پەیوەندی و ئیمەیلێک دەگۆڕیت، بەهمەنی سەحاف کەمێک لێی دەچێتە پێشەوە و دەڵێ کابرا تۆ کە دواین جار دەرکەوتی لەتیڤیەکی مەزهەبیەوە دەرکەوتی، ئەوکات ڕیشێکی درێژت هەبوو، دەستێک جلی درێژت لەبەر بوو، کڵاشینکۆفێکت لەباوەشدا بوو، دەیان جەنگاوەر بەڕیش و چەکەوە لە پشتەوەی تۆوە ئاڵای ڕەشیان بەرز کردبوویەوە .

بەهمەن تەماشای قوڵایی چاوی دەکات و دەڵێ دەزانی

دواجار چۆن تۆم دۆزیەوە ، ئەو زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات و دەڵێ دواجار بەڕێوەبەری تیڤیەکە گوتی: لە ئینتەر نێت پەیامێک بڵاوکەرەوە ئەوان خۆیان دێن بەدەم پەیامەکەتەوە، منیش ئاوەهام کرد کەچی جەنگاوەرەکانت خەریک بوو بمکوژن.

ئەبوعابدی ئەنساری لەژورەکەدا تابلۆیەکی گەورە لادەبات و لەپشت تابلۆکەوە دەرگایەک دەکاتەوە و دەستی بەهمەنی سەحاف دەگرێت و دەیباتە هۆڵێکی گەورەوە هۆڵێکی پڕ لەوێنە و تابلۆی گەورە گەورە ، تابلۆی چەکداری ڕۆژهەڵاتی و ڕیشدار ، تابلۆی بەرەکانی جەنگ، تابلۆی هەرچوارەوەرزەکە، بەهمەن دەحەپەسێت و ئەنساری سەرسامیەکەی دەڕەوێنێتەوە و دەڵێت، هەموو دەرکەوتنەکانی من لێرەوە تۆمار کراوە، هەموو دیمەنەکانی پشتەوەی من وێنەی وەستاوە و من بۆ هیچ شوێنێک نەچووم و لەگەڵ کەس چاوپێکەوتنم ئەنجام نەداوە و هەمووشتێک لێرەدا ئامادە کراوە،

بەهمەن توشی شۆک دەبێت، هیچی بۆ ناگوترێت نازانێ بیر لەچی بکاتەوە، لەخەیاڵ و سەرسامیدا نوقم دەبێت، لە پڕ ئەبوعابد دەست دەخاتە سەرشانی و لەخەیاڵدا دەریدێنێت و دەڵێ: بۆ خودی خۆت هەندێ زانیاریم پێیە، بەڵام بۆ تیڤیەکەت هیچم لا نیە، دەبێت بزانیت من بەپێی پلان کاردەکەم لەئێستاوە تا ماوەیەکی دیکە نامەوێت دەرکەوم، وە هەرکاتێک بمەوێت دەرکەوم ئەوکاتانە دەردەکەوم کەشتێکم هەبێت بۆ گوتن، لەئیستادا هیچم نیە بۆ گوتن، جگە

لەوەش هەموو دەرکەوتنێکی من ملیۆنەها دۆلاری دەوێت، بۆنمونە هەرجارێک دەرکەوتووم و هەڕەشەم لەولاتێک کردبێت یان تەقینەوەمان لە ولاتێکدا کردبێت لەلایەن کۆمپانیاو کارگەکانی چەک و تەقەمەنیەوە ملیۆنان دۆلار چووەتە سەر حسابەکەم، لەئێستادا هیچم بۆ تیڤیەکەت نییە، بەلام بۆ خۆت زۆر شت هەیە پێم خۆشە بیزانیت، دەشێ بونی شاهیدێکی زیندوو بۆپاش مەرگم شتێکی خراپ نییە.

بەهمەنی سەحاف ئەو شەوە بڕیاری مانەوە دەدات و ئەبوعابدی ئەنساری یەکەمین بەیانی دەڵێت: یەکەمین شت پێویستە بزانیت کە من ئەبوعابدی حەقیقی نیم، ئەبوعابدی حەقیقی لەزینداندا کە لەسەر ماددەی هۆشبەر و کاری ناساغ و بازرگانی چەک و کاری تێکدەرانە و کۆمەڵێ دۆسیەی تر بەند کرابوو خۆی کوشت ، بەهۆی ئەوەی سەرپەرشتی توندڕەوەکانی دونیای دەکرد، بەخوداناس و بێ خوداکانەوە، حکومەت پێویستی بەوە هەبوو کە نەمرێت، دواتر سیمای ئەویان بۆمن دانا و پێناسی ئەویشیان پێدام و ئێستا من ئەرکی ئەو بەڕێوە دەبەم. بەلام وەک ئەوە نا کە ئەوان داوای دەکەن، وەک ئەوە نا کە ئەوان بیری لێدەکەنەوە، ڕاستە سەرەتا هەندێک نەخشەی سەری ئەوانم جێبەجێ کرد، بەلام لەداهاتوودا وەک ئەوە دەکەم کە لە سەرما نەخشەم بۆ کێشاوە بەجۆرێک دونیا سەرسام دەکەم.

بەهمەنی سەحاف هیچ حاڵی نابێت و سەری نەزانی ڕادەوەشێنێت، ئەنساری دەڵێت: من ڕاسپێردرام کە دونیا

ڕزگاربکەم، سەحاف بەنیشانەی سەرسامی و پرسیار دەڵێ: تۆ دونیا ڕزگاربکەی!؟ ئەنساری دەڵێت: بەڵێ من دونیا ڕزگار دەکەم لەدەست گەمژەیی و توندوتیژی دەرونە شەڕانگێزەکان و خودای عەسکەرتاریەت و جەنگ. بەڵام بەهمەن هیچ حاڵی نابێت بەتایبەت لەوەی کە دونیا لەدەست خودا ڕزگار دەکات.

بەڵام ئەبوعابد دەیەوێت بەمەیدانی و بەرجەستە شتەکەی تێبگەیەنێت. لەهەفتەی یەکەمدا گەشتێکی پێدەکات و دەیبات بەناو سەدان سەربازگە و شوێنی مەشق و شوێنی ئامادە کردنی جەنگاوەردا و پێی دەڵێت: ئەمانە گروپ گەلی سەر بەئاینە جیاوازەکانن، ئەمانە توندڕەوی سەرجەم ئاینەکانی دونیان، ئەمانە ئەو چەکدارانەن کە ئامادەن خۆیان و دونیا خەڵتانی خوێن بکەن، ئەمانە بۆیان بکرێت دونیا وێران دەکەن. بەهمەنی سەحاف سەری سوڕدەمێنێ بەحەپەسانەوە تەماشای ئەبوعابدی ئەنساری دەکات، ئەو دەڵێ: ئەمانە گروپی جیاز و جۆربەجۆرن و هەموویان دەکرێن بەجەنگاوەر، جەنگاوەرێک کە ئامادەی مردن وکوشتنی هەموو کەسێکن، ئەمانە هەر گروپەیان بۆ وڵاتێک ئامادە ئەکرێت و لەهەر وڵاتێک ئاینێک کەمینە بوو، ئەمانە دادەنرێن و کەسانی ئاینزای زۆرینە لەناو دەبەن و بەبێ ئەوەی خۆیان پێ بزانن هەموویان لەدژی یەکتری پرچەک دەکرێن و ئەمەش تەنها من و سەرکردەی سوپاکانیان دەزانین، لەبەر ئەمەشە بەدەگمەن سەرکردەی سوپایەک دەمرێت، ئەوانەشی لە تیڤی نیشان دەدرێت هیچ

نیە جگە لەسیناریۆ و یاری ئێمە، ئەگینا هیچ پیاوێکی مەزن ناکوژرێت، تەنها ئەوەیە ئیشمان بەهەرکەسێک نەمێنێ بەسینارۆیەک لەناوی دەبەین و لەبیری خەڵکی دەبەینەوە و دواتر لەشوێنێکی تر و بەناوێکی تر و سیمایەکی دیکەوە دەریدەخەینەوە.

لەو هەفتەیەدا ئەبوعابدی ئەنساری دڵگەرمی و ئامادەگی و عیشقی سەربازەکان بۆ مردن و کوشتن و خوێن و لەناوبردن نیشانی بەهمەنی سەحاف دەدات و پێی دەڵێ: ئەها سەحاف تەماشاکە ئەمانە چەندە بەعیشەقەوە ڕووبەڕوی مردن هەنگاو دەنێن، چەندە تامەزرۆی مردنن، چۆن ئامادەن ڕوبارێ خوێن بەشارەکاندا ڕاکێشن، ئەها هاوڕێ چەندە بەشەوق و زەوقەوە فێری یاریەکانی مردن دەبن .

لەهەفتەی دووەمدا سەردانی کۆمەڵێک لەمەزارگە و مەعبەد و کڵێساو مزگەوت و پەرەستگاو ئەوشوێنانە دەکەن کە مرۆڤ بۆ خودا پەرستی ڕوی تێدەکات، سەرەتا گۆڕی چەند کەسێک دەبینن و ئەبوعابد دەڵێ: هاوڕێ ئێرە گۆڕی ئەو پیاوانەیە کە لەجەنگ ولەکاتی پیاو کوشتندا کوژراون و ئێستا لای خەڵک پیرۆزن بەحساب ئەمانە لەپێناو خودایا مردوون و خودا بەقسەیان دەکات ، خەڵک دێن لەم گۆڕانە دەپاڕێنەوە تا خودا مرازیان حاسڵ بکات، واتە خەڵک لە کۆمەڵێک ئێسک و پروسک دەپاڕێتەوە، ئەوان ئەو ماوەیە هەزاران مرۆڤ دەبینن کە لەو گۆڕانە دەپاڕێنەوە. دواین جارکە ئەو گۆڕانە بەجێدەهێڵن، ئەبوعابد ئەڵێ: ئەمانە

خراپترین جۆری گەمژەییە کە لەئاینەکاندا هەیە، بەهمەن لەژێر لێوەوە دەڵێ: بەڵێ دەزانم نەنکم زۆرجار دەیبردین بۆ سەر گۆڕی پیاوچاکان.

پاشان بەیانیەکی دی دەچنە وڵاتێکەوە و هەزاران کەس دەبینن کە بەزنجیری ئاسن لەخۆیان دەدەن و سەرو سیماو پشتی خۆیان خەڵتانی خوێن کردووە و جگە لەخۆشیان مناڵەکانیشیان خەڵتانی خوێن کردووە، ئەبوعابد خەندەیەک بۆ بەهمەن دەکات و بەگوێچکەیدا دەچپێنێ و دەڵێ: لەحیکایەتێکدا هاتووە کە سەدان پشتی ئەمانە هەڵەیان کردووە و بەهەڵە دوو گەنجیان کوشتووە کە دواتر سەر بەخۆیان دەرچوون و نزیکترین کەس بوون لە پەیامبەرەکەیانەوە، ئێستا ئەمانە لەبری ئەوان ساڵانە لەڕۆژی هەڵەکەی ئەواندا لەخۆیان دەدەن و خوێن لەخۆیان دێنن تا خودا ڕازی ببێت، ئەمەش جۆرێکی ترە لە گەمژەیی کە ئاینەکان بەرامبەر بە گەمژەکردنی مرۆڤ ئەنجامی داوە ، ئەمانە هەوڵی هێشتنەوەی مرۆڤە بەگەمژەیی لەلایەن ئاینەکانەوە.

بەهمەنی سەحاف بەحەپەساویەوە لە ئەبوعابد ئەڕوانێت، وەک ئەوەی کوفری لەخودا ناسیێکەوە گوێ لێ بووبێت، پێی سەیر دەبێت کە پیاوێک ئاڵای شۆڕشی خودای هەڵکردبێت ئاوا سەبارەت بە ئاین دەدوێت ، حەز دەکات پرسیاری لێ بکات بەڵام هیچ ناڵێت .

ئەوان ئێوارەیەک سواری فڕۆکە دەبن و دەچن بۆ وڵاتێکی غەریب و لەشارێکی مات و بێدەنگ لادەدەن و شەو

لەئوتێلێک پشوو دەدەن و پاشان بۆماوەی چەندین هەفتە لەوێ سەردانی مەعبەدەکان دەکەن و لەکاتی گەڕانەوەیاندا ئەبو عابد دەڵێ: دەتوانین بڵێین خودا لەو شارەدا لەدایک بووە، یان بڵێین ئاین لەوێدا دروست بووە، واتە هەرسێ ئاینە ئاسمانیەکە لەوێدا سەوز بووە و هەر سێ ئاینە ئاسمانیەکە لەسەر خوداکەیان لەوێدا شەڕ دەکەن، تەورات و ئینجیل و قورئان لەو شارەدا لەشەڕدان و هەرسێ پەیامبەرەکە لەوشارەدا ڕوداوی سەیریان بەسەردا هاتووە، ( موسا ) لەوشارەدا سوتێنراوە، ( عیسا ) لەوێ لەخاچ دراوە و ( موحەمەد ) گوایە لەوێوە ڕۆشتووە بۆ حەوت چینی ئاسمان و لەگەڵ خودا قسەی کردووە، بەهمەن بەتاسوقەوە گوێ بۆ قسەکانی ڕادەگرێت و تەماشای قوڵایی چاوی دەکات کە ئەبوعابد بەبڕوا بەخۆبوونەوە دەڵێ: خۆ بینیت جەنگی ئەو سێ ئاینە کە گوایە تاکە ئاینی ئاسمانین و قسەی خودان، لەسەر هەندێ شتی زۆر بێ بایەخە، جەنگی ئەوانە لەسەر هەندێک بەرد و دار و خاک و دیواری ڕوخاو و گۆڕی ئەفسانەییە، ئەها بەهمەن تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت هەزاران ساڵە شەڕی ئاینەکان لەسەر ئەم شارەیە، لەسەر ئەوەیە خودا کامیانی زیاتر خۆش دەوێت و کامیان زیاتر لەخوداوە نزیکن، بەملیۆنان مرۆڤ کوژراوە لەسەر ئەم شارە لەسەر ئەوەی خودا پشتیوانی کامیان دەکات . ئەو شارە شاری دروست بوون و هەڵتۆقینی ئاینەکانە، کە دەشێ خودا و ئاینەکان هیچ نەبن جگە لەوەی سێ پیاو دروست بوون کە لەخەڵکی ئاسایی زانیاریان زۆر تربووە ، سێ پیاو کە

خۆیان کردووە بە نێردراوی خوداو بەپێی ویستی خۆیان بەناوی خوداوە قسەیان کردووە ، ئیدی لەبەرژەوەندی خۆیان و هۆزەکانیان بەناوی خوداوە بڕیاریان داوە و زۆرجاریش شتی زۆر نامۆ و بێمانایان گوتووە ، یەکێک لە پەیامبەرەکان بەناوی خوداوە چی ژن هەیە بۆخۆی حەڵاڵی کردووە. مرۆڤایەتی هەرگیز نایەت بەزوبانی ئەقڵ ئاینەکان بخوێنێتەوە، هەمیشە بەچاوی پیرۆزیەوە لێی دەڕوانێت بۆیە زاتی ئەوەناکەن بیر لە دەقە پیرۆزەکان بکەنەوە، هەرکەسێک بەچاوی ڕەخنەوە دەقە پیرۆزەکان بخوێنێتەوە هەست دەکات ، کە ئەوانە نەک وشەی خودا نین ، ئەوانە وشەی هەندێک پیاون کە دەکرێت لەسەر دەمەکەی خۆیاندا هەندێک شتیان زانی بێت ، بەڵام بۆ ئەم سەردەمە بە ئاشکرا هەڵەکانیان دیارە کەچی کەس زاتی ئەوە ناکات بەو چاوە سەیری بکات کە ئەمە دەق و نوسینی مرۆڤە نەک خودا.

بەهمەنی سەحاف دەڵێت ئاخر هەزاران ساڵە ئاوا هاتووەو هەر واش دەڕوات، ئەبووعابدی ئەنساری کە لەپەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە دەکات دەڵێ: هەر وا هاتووە بەڵام بۆچی هەر وا بڕوات، خۆ چاوت لێ بوو هەرسێ ئاینەکە سەرقاڵی پەرستنی بەرد و دار بوون، هەر سێ ئاینەکە دیوای مەعبەدەکانیان ماچ دەکرد، لە ئێسک و پروسک دەپاڕانەوە، کڕنوشیان بۆ پەیکەر و پیاوی ئاینی دەبرد، لەبەردەم هەندێک پەیکەری بەردیندا دانیان بە گوناهەکانیاندا ئەنا، ئەوە ڕێک بت پەرستیە .خۆ بینیت بەدەم پاڕانەوەوە پارەیان دەخستە نێو کۆمەڵێ سندوقی

مەعبەدەکانەوە، ئاخر مانەوەی ئاینەکان پەیوەندی بەو ژیانە شاهانەوە هەیە کەپیاوە ئاینیەکان لە پەنای مەعبەد و کڵێسا و مزگەوتەکاندا دەستیان دەکەوێت، دین ئەوە هێشتویێتیەوە کە هەر کەسێک نزیکی بێتەوە و خۆی بۆ تەرخان بکات بە پارەی ئەو سندوقانە وەک پاشا دەژی.

ئەوان دەگەنەوە بە شارەکەی ئەبوعابدی ئەنساری و نیوەشەوێک لەفڕۆکەکە دادەبەزن و پێکەوە بە شەقامەکاندا پیاسەیەک دەکەن و بەدەم پیاسە کردنەوە ئەنساری دەست دەخاتە سەرشانی سەحاف و دەڵێ: پیاوی گەنج سەرجەم ئاینەکانی سەرزەمین بۆ گەمژە کردنی مرۆڤ دانراون، مرۆڤ بونەوەرێکی سەرکەشە تەنها لەلایەن ئاینەوە دەتوانرێت دەستەمۆ بکرێت، تەنها بەناوی خوداوە دەتوانرێت، کۆیلە بکرێت، مرۆڤ پێویستی بەشتێک هەیە لەسەر و ئیرادەی خۆیەوە، شتێک بتوانێت لە وەیشومەکان بیپارێزێت، مرۆڤ شتێکی دەوێت کەبیپارێزێت، ئیدی پێویستی بەوەیە کە خودایەک لەخەیاڵی خۆیدا بتاشێت و پشتی پێ ببەستێت، ئیدی چەند کەسێک کە بەهۆی کار و کاسپی و بازرگانیەوە وڵاتان گەڕابوون کەمێک شارەزاییان زیاتر پەیدا کردبوو، لەبەرژەوەندی خۆیان و هۆزەکەیان وەک پەیامبەر خۆیان ناساند و بۆ هەندێکیان چووە سەر و هەندێکیشیان لەلایەن ئەوانەوە لەناوبران کە کارو کاسپیان دەکەوتە خەتەریاتەوە، ئەبوعابدی ئەنساری دەیەوەیت بەردەوام بێت لەسەر قسەکانی بەڵام بەهمەن قسەکانی پێدەبڕێت و دەڵێ ئەمانەی تۆ دەیڵێی جێگای بڕوا نین، تۆ دونیای خودا

ناسان شانازیت پێوەدەکەن و لەپێناو تۆدا خۆیان بە کوشت دەدەن، ئەو هەر بەدەم ڕێگای شەقامەکانەوە بەبێ ئەوەی لەسیمای بڕوانێت دەڵێ: بەهمەنی دۆست، مرۆڤ لەبەرامبەر خودای داتاشراودا بێدەسەڵاتە هەر کە ناوی خودا هێنرا ئیدی پەل و پۆی دەشکێت و توانای بیرکردنەوەی لە کار دەکەوێت ، مرۆڤیش کەبیری نەکردەوە بەردێکی لێدەبێت بە خودا، دەیگوت: سەحاف گەر لەڕێگای ئاینەوە نەبێت و بەناوی خوداوە نەبێت ئێمە ناتوانین یەک پیاو نزیکی مەرگ بکەینەوە، ئاین لەهەموو سەردەمەکاندا بەجۆری خۆی مرۆڤی لەخشتە بردووە و پیاوە هەلپەرستەکان بەناوی خوداوە مرۆڤیان کۆیلە و گەمژە کردووە ، مەعبەدەکان مرۆڤی سەرکز و شەرمن و تەسلیم بەرهەم دێنن.

بەهمەنی سەحاف لەسەر سیلەی شەقامێک ئەبوعابد ڕادەگرێت و دەڵێ: تۆ خۆت گوێت لەو قسانە هەیە کە لەدەمت دەردەچێت، تۆ دەزانی لەبارەی خوداوە چ دەڵێی ئەبوعابد دەستی دەگرێت و دەکەونەوە پیاسە و دەڵێ: هاوڕێ ئەمە دیوی دووەمی منە، هەمووشتێک دیوی دووەمی هەیە، ئەمە دیوی دووەمی ڕوداوەکانە، سەحاف دەڵێ: گەر وابێت ، گەر ئاین تەنها گەمژەیی بەرهەم بێنێت تۆ بۆخۆت لەناوجەرگەی گەمژەیدای.

ئەبوعابدی ئەنساری دەستی دەخاتە سەرشانی و دەڵێ: هاوڕێ گەنجەکەم ، مرۆڤ گەر بیەوێت دوژمنێکی سەرسەخت بکوژێت، دەکرێت وەک دۆست لێی نزیک بێتەوە، من وەک دۆست لە خودا داتاشراوەکان نزیک

دەبمەوە، کەس ناتوانێت لەدوورەوە دوژمنەکەی بکوژێت، ئیدی کاری ئێمەش سڕینەوە و کوشتنی ئەو شتەیە کەخەڵک بۆ خۆی دروستی کردووە و پێی دەڵێت خودا، بۆ کوشتنی ئەوشتەش ئەبێت تەواو لێی نزیک بینەوە و ببین بەنزیک ترین کەس لێیەوە.

بەهمەنی سەحاف لەپێچ کردنەوەی شەقامێکدا جارێکی تر ڕایدەگرێت و دەڵێت یەک دەقە ڕاوەستە کابرا تۆ نلوڵی لێدەکەیت و حاشا لەبونی دەکەیت ئەو کەنەبێت تۆ لەچی نزیک دەبیتەوە و چی دەکوژیت، هەست دەکەم گێژ دەبم بەم قسانە، ئەبوعابد دەڵێ: ئاساییە گێژ بیت شتێک کە هەموو تەمەن هەستت پێی کردووە و ئاخنیویانە بەگویتا ئاسان نیە باسی کوشتنی بکرێت، ڕاستە ئەو نیەو من لێی نزیک دەبمەوە، ئەو بەحەقیقی نیە، بونێک نیە و لەگەردوندا بێت ، بەڵام لەخەیاڵ و هزر و بیری خەڵدا بونی هەیە ئێمە دەمانەوێت لەخودای خەیاڵی ئەو خەڵکە نزیک بینەوە و دواجار بیسڕینەوە لە خەیاڵی خەڵکدا.

ئەنساری بەڕێدەکەویتەوە و سەحاف دوای دەکەوێت و دەڵێت باشە ئەی پیاو شتێک کەبونی نیە کارتان چیە بەسەریەوە، کەبونی نیە بۆچی دەتانەوێت بیکوژن، شتێک بونی نەبێت چۆن دەکوژرێت، ئەنساری بەخەندەیەکی ماناداراەوە دەڵێ: ئاخر ئێمە لەبنەڕەتدا کێشەمان لەگەڵ خودا نیە ، شتێک بونی نەبێت کێ کاری بەکاریەوە هەیە، بەڵام من دەمەوێت خودا لەناوبەرم تا لوتی ئەوانە بشکێت کە لەژێر عەبای خودایا ئەیانەوێت ببن بە ئیمپراتۆریەتی

دونیا، ئەمەویت ئەوە دووبارە نەبێتەوە کە بەناوی خوداوە سوپایان پێک دەهێناو دەیانگوت بە پاشاکان یان وڵات تەسلیم هێزی خودا بکە یان هەموو میللەتەکەت دەکوژین یان دەبێت باج بدەیت، دەمەوێت ئەو دەستانە ببڕم کە بەناوی خوداوە دەسەڵاتەکانی خۆیان فراوان دەکەن، من دژی ئەوانەم کە بەناوی خوداوە گەمژەیی بڵاو دەکەنەوە و دەیانەوێت دونیا داگیر بکەن، هێزی ئاینی ناهێڵێ مرۆڤایەتی هەنگاوێک بۆ پێشەوە بڕوات، چەندین سەدەیە خەڵکیان سەرقال کردووە بە لێسانەوەی قەبر و ماچ کردنی دار و دیوارەوە، خەڵکیان مەشغوڵ کردووە بە کڕنوش بردن بۆ شتێک کە هیچ بونێکی نیە. تۆ هەست ناکەی مرۆڤایەتی لەمەترسیدایە کاتێک مردوویەک لەسەر گۆڕێک چوک دادەدات کە نازانرێت گۆڕی گوێدرێژە یان ئینسانە و لێی دەپاڕێتەوە، دەزانی چەندە کارەسات بارە زیندوو لە مردوو بپاڕێتەوە، دەزانی بەناوی خوداوە لەم سەردەمەدا بتخانە دانراوە .

بەهمەنی سەحاف هەربەدەم ڕێگاوە قسەکەی پێدەبڕێت و دەڵێ: ئاخر تۆ بۆخۆت لەهەمان بەرەدای، لەگەڵ هەمان خودا ناسەکاندای ، تۆ شۆرشت کردووە بۆ بەرگری کردن لە خودا. ئیدی چۆن خودا لەبیری خەڵک دەبەیتەوە، ئەو بەبێ ئەوەی تەماشای سەحاف بکات دەڵێ: ئاخر کێشەکە لەوێدایە کەمادەم بەملیۆنان مرۆڤ بەشانازیەوە بتپەرستی تاقی دەکەنەوە و بەڕێزەوە بەرد و دار پیرۆز دەکەن و دەیلێسنەوە ئیدی مرۆڤایەتی و گەورەیی ئینسان لە

مەترسیدایە و دەبێت ئێمە شتێک بکەین ، شتێک کە هێدی هێدی خودا ڕووت کەینەوە لەپیرۆزی و نەمری ، من هاتووم تا مەعبەد و مزگەوت و کڵێساو پەرەستگاو ماڵەکانی خودا و ئەو شوێنانە خاپورکەم کەبۆنی خودای لێدێت، من هاتووم تابتخانەکان خاپورکەم، تا ئەوانە لەناوبەرم کەخۆیان بە کوڕی خودا و میراتگری دەزانن.

ئـەوشـەوە خەریکە دونیا ڕونـاک دەبێتەوە دگەنەوە کۆشکەکەی ئەنساری و بەرەبەیانێکی دڕەنگ دەنوون.

ئەو ماوەیە ئەبوعابدی ئەنساری باس لەوە دەکات کە بەهمەنی سەحاف ببات هەندێک دیاردەی نابوتی ئینسانی پێ نیشان بدات، بەڵام پێش ئەوەی هیچی نیشان بدات دەڵێ: بەهمەن هەمیشە ئەو پیاوانەی کەسود لەناوی خودا ئەبینن و ئاینەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دێنن، سود لەمرۆڤی گەمژەو بێلانە و سەرلێشێواو دەبینن، سود لەوانە وەردەگرن کەهیچیان نیە لەدەستی بدەن و ئومێدیان بەژیانی ئاسایی دۆڕاندووە، ئیدی کەمرۆڤیش ئومێدی دۆڕاند هەموو شتێک دەکات، دەست بۆ هەمووشتێک دەبات، مرۆڤی نائومێد هیچ ئامانج و ئومێدێکی نیە بۆی بژی، مرۆڤ تەنها بەئومێد و ئامانجەوە دەژی، کە ئومێدیان دۆڕاند ئیدی دەبنە کۆیلەی مافیا ئاینیەکان، ئەوان موژدەی دونیایەکی تریان پێدەدەن، باسی سەرزەمینێکیان بۆدەکەن، ئەو پیاوانەی کە ئاین بۆ بـەرژەوەنـدی بەکاردێنن دەستیان بەم مرۆڤە نائومێدانە ئەگات و بەڵێنی بەهەشتیان پێدەدەن، بەهەشت لەدونیایەکی تردا، ئەو پیاوانە دەزانـن کەمرۆڤ ئەم دونیایەی دۆڕاند

بەدوای دونیایەکی تردا دەگەڕێت، ئیدی تا سێبەری خودا هەبێت ئەم دووجۆرەش لە ئینسان هەیە و جۆرێکیان لەژێر ناوی خودایا وەک پاشا دەژین و جۆرێکی تریان بەناوی خوداوە دەبنە قوربانی و دونیایان لێدەکەن بە جەهەنەم .

شەوێک بەهمەنی سەحاف دەبات و دەیان باڕو دیسکۆ و شوێنی خواردنەوە و شوێنی سەمای نیشان دەدات ، سەدان پیاوی سەرخۆشی نیشان دەدات، ئەو پیاوانەی کە بەسەر شەقامەکان و ناو هۆڵەکاندا دەرشێنەوە و ئاگایان لەخۆیان و ژیان و زەمین نەماوە، سەدان مرۆڤی غەمگین نیشانی بەهمەن دەدات، هەندێ پیاوی نیشان دەدات کە لە قوڵپی گریاندان، دەڵێ بەهمەن ئەمانە پیاوانی بێ ئامانج و خاڵین و پڕمەترسی ترین پیاون کە هەرکەسێک بیەوێت ئەتوانێت بۆ وێران کردنی دونیا بەکاریان بێنێت من سوپاکەم بەمانە ڕازاندۆتەوە.

بەهمەنی سەحاف لەیەکێک لەباڕەکاندا دەڵێ:ئەنساری من لەوە تێناگەم بۆچی هەموو دونیا لەدژی تۆ شەڕ دەکات؟ بۆچی دەوڵەتانی دونیا لەدژی ئێوەشەڕی ڕاگەیاندووە؟ دەوڵەتانی ئیسلامی و عیلمانی و مارکسی لەدژی ئێوەن؟ هەست ناکەی جێگای گومانە هیچ کەس لەگەڵ ئێوەدا هاوڕا نیە؟ کەس ئێوەی خۆش ناوێت.

ئەبوعابد دەڵێ: هاوڕێ یەکجار بەو جۆرەش نیە کە لە ڕاگەیاندن باس دەکرێت، بابەتەکە سێ دیووی هەیە، دیووی یەکەمی ئەوەیە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لەدژی ئێمە قسە دەکەن، ڕاست ناکەن ئەگەر ئاوەهایە و دونیا لەدژی ئێمەیە

بۆچی ئێمە ئاوەها گەشە دەکەین، بۆچی دونیا ناتوانێت ئێمە لەناوبەرێت، ئەگەر ئەوانەی لەدژی ئێمە قسە دەکەن ڕاست بکەن ئێمە بەرگەی چەند خولەکێک ناگرین، هەموو ئەوانەی لای ئێمە بوون بە جەنگاوەر لەلایەن وڵاتەکانیانەوە بە چەند قات مەسروفیان دەکێشرێت و زۆر جاریش سەرمایەی دونیا دەخەنە بەر دەستمان تاوەکو کار بۆ گەنجە توند ڕەوەکانیان بکەین و بێنە ناوومان و دواتر لەناوبچن، دیووی دووەمی بابەتەکەش ئەوەیە کەدەسەڵاتدارەکان مرۆڤی ئازادیان ناوێت، مرۆڤی بیرکەرەوەیان ناوێت، ئەو مرۆڤانەیان ناوێت کە کێشە بۆ حکومەت و کۆمەڵگاکان دروست دەکەن، دیووی سێیەمیشی ئەوەیە هەندێکیان دەزانن من خەریکی چیم، دەزانن من بۆ کوشتنی خودا هاتووم، کاری ئەوانیش هێشتنەوەی خودا و بەردەوامی گەمژەییە، دەسەڵات دارەکان مرۆڤی کۆیلە و شەرمنیان دەوێت، دەی ئاینیش باشترین بیانووە بۆ کۆیلەکردنی ئینسان، هەموو ئاینەکان کڕنوش بەئینسان دەبەن، خودا مرۆڤ فێری ئەوە دەکات کە بەرامبەر گەورەکانی بەڕیزەوە ڕاوەستێت و کڕنوش بەرێت، دەسەڵات ئەو مرۆڤانەی دەوێت کەفێر نەکراون بۆ هیچ شتێک بڵێن نەخێر، هیچ دەسەڵاتێک حەز ناکات میللەتەکەی زۆر وشیار بێت، حەزناکات میللەتەکەی یاخی بێت لەخودا، ئاخر ئەوانەی لەخودا یاخی دەبن دواتر لەهەموو شتێک کە ئەقڵ نایبڕێت یاخی دەبن و نرخ بۆ دەسەڵاتە زەمینیەکان دانانێن، دەسەڵاتەکانی دونیا دەیانەوێت مرۆڤ گەمژەبێت تا دەستی بەسەرابگرن.

ئەو شەوە بەهمەنی سەحاف بەدەم سەرنج دانەوە لە پیاوە سەرخۆشەکان دەڵێ: کوانێ دەوڵەتانی زلهێز حەز بەمانەوەی خودا ئەکەن؟ ئەوان بەئاشکرا دژایەتی دەکەن، ئەبوعابدی ئەنساری دەڵێ: ئاخر کێشەکە لەوەدایە بەشکرا دژایەتی دەکەن و بەنهێنی لەگەڵ مانەوەی خودایان، ئاخر تا خودا هەبێت دەسەڵات دارە دیکتاتۆرەکانیش بونیان هەیە، کێشە ئەوەیە ئەوانەی شوێن خودا ئەکەون واز لەزەمین ئەهێنن، سیاسیەکان مرۆڤ سەرقاڵ دەکەن بەماچ کردن و لێسانەوەی دار و دیواری مەعبەدەکانەوە و شارەکان پڕدەکەن لە عیبادەتگا، لەشارێکی چکۆلەدا سەدان پەرەستگا دەکەنەوە و لەشارێکی گەورەدا تەنها یەک پەڕتووکخانە دروست دەکەن، یەک پەڕتووک خانە کە ڕێگاش نادەم هەموو جۆرە کتێبێکی تیا بێت، تا گەنجانی وڵات وشیاربنەوە، وشیاری گەنجان مەرگی دیکتاتۆرەکانە، دواجار گەورەترین دیاری بۆ سیاسیەکان ئەوەیە کە خاوەنی میللەتێکی گەمژە و ئاینی بن، میللەتێک کە هێندە سەرقاڵ بن بە کاروباری خودا و ئاسمانەکانەوە لە یادیان بچێت کە ئیشی ئەوان و ژیانی سەدەیەکی ئەوان لەسەر زەمیندایە.

ئەوان بەشەقامەکاندا پیاسەدەکەن و ئەبوعابد ئاماژە بۆ کۆڵانێکی ڕازاوە بە ڕوناکی ڕەنگاوڕەنگ دەکات و دەڵێ: هاورێ تەماشا ئەوێ کوچەی سۆزانیە غەمگینەکانە، لەم شارەدا دەیان کوچەی لەم شێوەیە هەیە، کە هەر کوچەیەک سەدان سۆزانی لێدەژی، هەر ماڵێک دەیان ژنە سۆزانی تیایە، هەر شەوەی هەزاران پیاوی گەمژە بەڕێدەکەن و

سەدان پیاو شەوانە لەم کوچانەدا ڕۆژ دەکەنەوە و خۆیان سەرقاڵ دەکەن بە خەوتن لەگەڵ ژنانی جیاوازدا، ئەمە ئیشی دەوڵەتەکانە ئیشی سیاسەتە، کە پێی خۆشە پیاوەکان بچوک کاتەوە و بەشتی بچوکەوە سەر قاڵیان بکات، حەز دەکات بەهەفتەو مانگ پیاوەکان لەباوەشی ژنە شەهوەت بازەکاندا مەست بن، تا ئاگاداری بەڕێوەبردنی وڵات نەبن، تا نەزانن سەروەتی میللەت چی لێدەکرێت ، تاخاڵی بنەوە لەبیرکردنەوە و زانست، لەم کۆڵانانەدا هەزاران پیاو سەرگەردان و مەستن، مەست بەیاریە بچوکەکانەوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەمانەدا پیاوەکانی سیاسەت بۆ خۆیان یاریە گەورەکان بەڕێوەدەبەن و سەرقاڵن بەداگیرکردن و کۆکردنەوەی پارە و هێرش کردنە سەر وڵاتانی یەکتری و بەڕێوە بردنی وڵاتان.

ئەوە ئیشی سیاسیەکانە کەمیللەت لەزەلکاوی شەهوەتدا غەرق دەکەن، ئەوان بەچەندین شێوە مرۆڤ سەرقاڵ دەکەن، گرنگ ئەوەیە بیر لە سیاسەت و حوکم ڕانی و بەشداری کردن لەدەسەڵاتدا نەکرێتەوە، ئیدی گرنگ نیە مرۆڤ دەبێتە سۆفی یان شەهوەت باز ، گرنگ نیە دەبێتە شێخ یان دەبێتە شۆخی ، ئیشی ئەوان تەنها ئەوەیە مرۆڤ سەرقاڵ بکەن بەشتە هیچ و پوچەکانەوە، ئیدی گرنگ نیە بەهەر چیەکەوە سەرقاڵ دەبێت، باشترین سەرقاڵیش بۆ مرۆڤ خۆ خەریک کردنە بەئاسمان و خوداوە، ئەوان مرۆڤ بەوەهم و خورافەوە سەرقاڵ دەکەن، کەمرۆڤیش هەستی کرد شتێک لەسەر و ئەوەوە هەیە و کارەکان

ڕادەپەڕێنێ و پشتیوانی لێدەکات و لەخراپە دەیپارێزێت و لەدواجاردا سزا و پاداشت دیاری دەکات، ئیدی هەوڵ بۆ گۆڕینی هیچ شتێک نادات، ئیدی گرنگی بەناعەدالەتی و خراپەکاریەکان نادات و چاوەڕێی هێزێکی ئاسمانی دەکات تا نابوتیەکان چاک کاتەوە، ئیدی دونیاکەی خۆی ناگۆڕێت و دەڵێ: هەووشت کاری خودایە و لەدەستی مندا نیە، ئیدی سیاسیەکانیش ئەمەیان دەوێت کەهیچ کەس دەست نەخاتە ئیش و کارەکانیانەوە، ئیدی مرۆڤ پارچەیەکە لەئومێد و هیوا، کەپشتی بەخودایەک قایم بوو ، کەهەستی کرد ئاسمان پشتیوانیەتی هیچ شتێک ناکات و هەمووشت دەداتە دەست خودا.

بەهمەنی سەحاف هەمیشە سیاسیەکانی دونیا پیاوانی ڕۆژهـەڵات سەرقاڵ دەکـەن بەکاروباری ئاسمان و ئاین و خوداوە ، سەرقاڵیان دەکەن بەهەندێ شتی بچوکەوە ، بەتایبەت ئاین پشکی شێری هەیە لەمەدا ، ئاین پێک هاتووە لەسەرقاڵیەکی بـەردەوام ، وەک چۆنێتی پۆشینی جل و بەرگ و بەڕێگادا ڕۆشتن و سڵاو کردن و شێوازی نوێژ و دەست نوێژ و کڕنوش بردن . ئاین پێک هاتووە لەهەندێ ئامۆژگاری کە هەموو ئەوانە لەهزر و بیری مرۆڤی کامڵدا هەیە ، بەڵام پەیامبەرەکان دونیایەک شتیان بۆ زیاد کردووە تا مرۆڤ تەواو سەرقاڵ بێت تا بێ ئاگابن لەکار و بارە زەمینیەکان.

ئەو شـەوە دوای ئـەوەی کە دەگەڕێنەوە کۆشکەکەی ئەنساری و لەحەوزەکەدا مەلەدەکات و کچەکان وشکی

دەکەنەوە و جلی لەبەر دەکەنەوە ، لەحەوشەی کۆشکەکەدا لەسەر مێزێکی ڕازاوە بەشەرابی سور، دادەنیشن و دوای ئەوەی ئەبوعابد پێکێ لەشەرابەکە دەدات و جگەرەیەک پێدەکات دەڵێ: کاک بەهمەن (مرۆڤ بۆ ئەوەی کاری گەورە ئەنجام بدات دەبێت سێ شت بکات ، یەکەم دڵی لەهیچ شوێنێ دانەنێت و دووەم خۆی خاڵی بکاتەوە لەخودا و هەرگیز بۆ دواوە ئاوڕ نەداتەوە کەهەست بکات شتێکی جێهێشتووە)

بەهمەن دەڵێ: تۆ خۆت ئەمەت کردووە؟ ئەبوعابد: ئەمە کەمێ ئەستەمە بەڵام مرۆڤ تا خودای هەبێت ناتوانێت کاری گەورە ئەنجام بدات، تادڵی لەشوێنێ بێت ناتوانێت یاخی ببێت، تا خەیاڵی لەدواوەوە بێت ناتوانێ هەنگاوی گەورە بۆ پێشەوە بنێت ، وەک ئەو منداڵانەی کەتا پیر دەبن لای باوانیان دەمێننەوە ناتوانن هەنگاوێک بێ پرس بنێن. ئەنساری بەردەوام دەبێت و دەڵێ: دەشێت خودی خودا بۆ گەوجاندنی مرۆڤایەتی دروست کرابێت ، وەک چۆن ئێستا ڕۆژئاوا ڕۆژهەڵاتی سەرقاڵ کردووە بەکار و باری ئاسمانەوە و خۆیان زەوی دەپشکنن بەدوای مادەکاندا، بەدوای نەوت و زێڕ و ئەڵماس و مادەکانی تردا دەگەڕێن و موشەک بۆ یەک بەیەکی هەسارەکان دەنێرن و بەدوای ژیانێکی تردا دەگەڕێن. ئەوەیە ئیشی سیاسیەکانە کە لەوڵاتانی ڕۆژهەڵات مەعبەد دروست دەکەن و لای خۆشیان سەرقاڵی دروست کردنی کورەی ئەتۆمن، ئەواتا تادێت کڵێساو مزگەوت و مەعبەد وماڵەکانی خودا

لەڕۆژهەڵات و وڵاتە دواکەوتووەکان زۆر دەبێت و لای خۆشیان لە ڕۆژئاوا، تادێت زانکۆ و خوێندنگە و کتێبخانە و کارگە و زانستگەکان و مۆزەخانە و سیاحەت خانە پەرەی پێدەدرێت .

ئەنساری و سەحاف شەوێکی دیکە چەند شەقامێک بەسەر دەکەنەوە و ئەنساری شەڕی سەرخۆشەکان نیشانی سەحاف دەدات، شەڕی ئەو پیاوانەی کە بەمەستی و بەبتڵی شەرابەکانیان یەکتریان خەڵتانی خوێن کردبوو، بەجۆرێک کە خوێن شەقامەکەی سور کردبوو، دوای بینینی دیمەنەکان لەسەر کورسی باخچەیەک دادەنیشن و ئەنساری دەڵێ: هاوڕێ ئەها ئەمانە ناتوانن بەئاشتی و بەبێ ئەوەی والەخۆیان بکەن لەباخچەیەکدا سەرگەرمی کات بەسەر بردن بن ، ناتوانن بەو جۆرە مەست نەبن و دەست بخەنە سەرشانی یەکدی و پیاسەیەک بکەن ، ناتوانن لە ئارامیدا بن، دێن یەکتر خەڵتانی خوێن دەکەن، ئەمانە کۆمەڵێ مرۆڤن کە ژیانێکی باشیان نەبووە و تینوی خوێن ڕشتنن و خۆیان بەم یاریە نەگریسانەوە سەرقاڵ دەکەن و بەبێ نرخی لەڕەگەزەکەی خۆیان دەڕوانن،

سیاسیەکان بیردەکەنەوە کە چۆن میللەتەکانی خۆیان و دونیا سەرقاڵ بکەن ، دەزانن هەندێک پیاو بەخوداوە سەرقاڵ ناکرێت ، دەزانن هەندێک کەس یاخیە و بەناوی خوداوە دەستەمۆناکرێن،دەزانن شەرابی مەعبەدەکان هەندێک کەس سەرخۆش ناکات، دێن خراپ ترین جۆری مەشروبات و مادەی هۆشبەریان بۆ دروست دەکەن،

مەلهایان بۆ دەکەنەوە ، شەقامەکان پڕدەکەن لە قومار خانە، تەنها بۆ مەست کردن و سەرقاڵ کردنی ئینسان، ئەوان چارەسەریان بۆ هەمووشتێک لەلایە ، هیچ شتێکیان لەدەست دەرناچێت، کاری ئەوان تەنها سەرقاڵ کردنە . ئەنساری تەماشای دیمەنێکی دووری باخچەکە دەکات و دەڵێ: هاوڕێ تۆ تەماشاکە ئەمانە مرۆڤ چۆن سەرقاڵ دەکەن.

بەهمەنی سەحاف دەڵێ: واتە ئەو کتێبانەشی کەلەسەر نوێژ و دەست نوێژ و شێوازی سوژدە و پۆشینی جل و بەرگ و شێوازی سڵاوی مرۆڤی ئاینی و ئەوشتانەدا نوسراوە هەموو سەرقاڵ کردنی مرۆڤە. ئەبوعابد دەلێ: پێویست ناکات بۆ ترلیدانێک هەزاران ڕیوایەت و گێڕانەوە و باس و خواس هەبێت ئایا دەستنوێژ دەشکێت یان ناشکێت، ناکرێت خودا سەرقاڵ بووبێت بەهەندێک بابەتی بچوکەوە ، لەکاتێکدا کە مرۆڤایەتی خەریکی تەواو کردنی یەکتری بوون و دەستیان لەخوێنی یەکتریدا بووە و مرۆڤ ئافرەتی زیندە بەچاڵ کردووە، جێی بڕوا نیە خودا گرنگی دابێت بە هەندێ شتی بچوکی وەک شاردنەوەی پرچی ژنەکان و بەرکەوتنی دەستی نێر و مێ.

ئەوان هەڵدەسنەوە و ئەبوعابد پێش دەکەوێت و چەند شەقامێک دەبڕن و پاشان خۆیان دەکەن بە ژێرزەمینێکی گەورەدا و کۆمەڵێک مرۆڤ نیشانی سەحاف دەدات و دەڵێ ئەوانە لێرە سەرقاڵی قومار کردنن، ئەمانە بەڕۆژ لەکاردا پارە پەیدا ئەکەن و بەشەو لێرە یاری لەسەر دەکەن، زۆر

جار لێرە قومارچیەکان لەنێوان خۆیاندا قومار لەسەر ژنەکانیشیان دەکەن، پیاوێکی کەڵەگەت نیشانی بەهمەن دەدات و دەڵێ: ئەوە دەبینی ، ئەوە لەیەک شەودا ژنەکەشی و کچەکەشی بەهاوڕێکەی دۆڕاند ئێستا قومارچیەک لەگەڵ دایک و کچدا دەنوێت لەیەک کاتدا، لێرە شەو نیە شەڕێک ڕوونەدات شەو نیە خوێنێک نەڕژێت.

بەهمەن: ئەی یاسا لەم شارەدا ئیشی چیە؟

ئەبوعابد لەدوای قاقایەک دەڵێ: ئەو پیاوەی کە لەسوچەکەدا دانیشتووە و ماسکی خستۆتە سەر سیمای بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەم شارەیە، هەموو دۆسیەی شەڕەکانی ئێرە لای ئەو کۆتاییان پێدێت، ئەمەش جۆرێکی ترە لەسەرقاڵ کردنی ئەوانەی کە دەیانەوێت لەپڕ دەوڵەمەند بن بۆ ئەوەی بیر لەشۆڕش و کودەتاو دەستخستنە سیاسەت نەکەنەوە لەم ژێرزەمینەدا کۆتایی بەخەونەکانیان دێت،

ئەوان دێنە دەرەوە و بەشەقامەکاندا هەنگاو دەنێن و ئەنساری دەڵێ: هاوڕێ ڕۆژئاوا و سیاسیەکان بەدووشێواز خەڵک سەرقاڵ دەکات، جۆرێک بەئاسمانەوە و دەبێت کچەکانیان تەنها چاویان بەدەرەوە بێت و پیاوەکانیان چاوی خۆیان بگرن لەبەرامبەر ئافرەتدا و کردنەوەی مەعبەد و جۆرێکیان بەڕوتکردنەوەی کچەکان و کردنەوەی مەلهاو نادی و قومارخانە و هۆڵی سەماو سەنتەری مەساج و گروپی سەما و چی و چی و هەزاران جۆر لەمۆدیلاتی جل و بەرگ و هەزاران جۆر ئامێری ئەلیکترۆنی دەنێرنە بازاڕەکان بەجۆرێک کەمرۆڤی ئەم سەردەمە هیچ کاتی

بەدەستەوە نابێت بۆ بیر کردنەوە تەنها بیرلەوە دەکاتەوە چی جۆرە جلێک بپۆشێت و ئامێرەکانی لەچ مارکەیەک بێت.

سیاسیەکان بەناوی گەشتیارەوە هەزاران سیخوڕ بەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاو دەکەنەوە و لەپاش چەند ساڵێک هەموو تایبەت مەندی و نهێنی میللەتان دەگاتەوە بەڕۆژئاوا و کلیلی داگیر کردنیان پێدەگات و دواجار دەزانن کە میللەتەکانی دونیا موحتاجی چین و بەچی شتێک ڕام و دەستەمۆ و سەرقاڵ دەکرێن، وەک ئەوەی جارێک یەکێ لەسیخوڕەکان بە ئاغاکەی گوتبوو کە سەرکردەکانی ڕۆژهەڵات بەبینینی یەک دووکچی قەشەنگ ئەژنۆیان ئەشکێت و تەسلیم دەبن. سیخوڕێکی تر گوتبووی ڕۆژهەڵات پێویستیان بەهەندێک پەرستگاو پیاوێکی ئاینی هەیە ئیدی تا دونیا کۆتایی دێت ئەوان لەحوزوری خودا هەڵناسنەوە.

ئەوان نیوەشەوێکی درەنگ دەچنە ژێر زەمینێکی پەراوێز خراوەوە کە کۆمەڵێک پیاو و ژن و منداڵ لەو پەڕی بێهۆشیدا ڕاکشا بوون و بۆگەنیان سەحافی هەراسان کردبوو، کاتێ بەپەلە دێنە دەرەوە ئەبوعابد دەست دەخاتە سەرشانی بەهمەن و دەڵێ هاوڕێ پشت ئەم ژێرزەمینە پۆلیسخانەی شاری لێیە و نەک پۆلیسخانە بگرە هەموو شارەکە ئاگاداری ئەم شوێنەن بەڵام کەس کاری بەکاریانەوە نیە ، تەنها مەست بن ئیدی کێشەی حکومەت نیە ، نەک هەر ڕێگریان لێناکەن زۆر کەس بازرگانیان بەسەرەوە دەکەن و لەوڵاتانەوە دەرمانیان بۆ دێنن، حکومەت تەنها کیشەی ئەوەیە میللەت مەست بێت و بیر لەهیچ نەکاتەوە،

لای دەوڵەتانی دیکتاتۆر و هەل پەرەست گرنگ نیە میللەت سەرقاڵە بەدروست کردنی دونیایەکی جوانەوە یان سەرقاڵە بەوێران کردنی خۆی و نیشتیمانەوە یان تا ئەبەد مەستە . گرنگ ئەوەیە سەرقاڵ بێت و ئاگای لەسیاسەت نەمێنێت.

ئەو شەوە تا دونیا ڕوناک دەبێتەوە ئەوان بەشەقامەکاندا دەسوڕێنەوە و لەبەیانیەکی فێنکدا کە تازە گزنگ هەڵهاتووە خۆیان دەگەیەننە شەقامی هەژار نشینەکان و لەوێ ئەبوعابد سەدان خێزان بەمناڵ و پیرو گەنج و لاوەوە نیشانی بەهمەن دەدات ، کەلەسەر پاشماوە و خاشاکی شارەکە دەژین و پارچە سەموون و نانی ڕەق و میوەی گەنیوو دەدۆزنەوە و دەیخۆن و پێی دەژین، ئەبوعابد دەڵێ: ئەها بەهمەن سەرقاڵ بوونیش بەژیان و هەژاری و پەیدا کردنی ژەمی ڕۆژانەوە بەشێکی ترە لەسەرقاڵی مرۆڤەکان تا تەنها بیر لەنان بکەنەوە ، دەوڵەتان دەتوانن کێشەی هەژاری چارەسەر بکەن ، دەتوانن کارگەیەک بکەنەوە بۆ ئەم مرۆڤانە و بەشێک لەقازانجەکەیان بدەنێ ئیدی کێشەی هەژاری ئاسەواری نامێنێت ، بەڵام ئەوان ئەمەیان دەوێت.

ئەبوعابدی ئەنساری دەڵێ: سبەینێ دەچین هەندێ شتی نوێ ببینە، هەندێک دیمەنی تازە ببینە، ئەوان ماوەیەک بەجلی سەربازی و دونیایە داڵ و ئەستێرەی سەرشانەوە و بەناوی شارەزای سەربازیەوە لەچەند وڵاتێک سەردانی سەربازگەی سەربازی و حکومی دەکەن و سەربازەکان دەبینن کە بەتامەزرۆییەوە مەشق لەسەر چۆنیەتی پیاو کوشتن و هێرش بردن و لەناوبردن و خاپوورکردن دەکرێن.

پاشان ماوەیەکی دی شوێنی مەشقی جەنگاوەرە یاخیەکان دەبینن ، هەزاران جەنگاوەری ڕیشدار دەبینن، کە لەفێرگەکاندا فێری کوشتن دەکرێن ، فێری پارچەپارچەکردن و سەربڕین و خۆتەقاندنەوە و دانانی بۆمب و هەڵدانی نارنجۆک و موشەک و شت دەکرێن و ئامادە ئەکرێن بۆ جەنگ و مردن .

ئەبوعابد ئەڵێ هاوڕێ خۆت دڵگەرمی سەرباز و جەنگاوەرەکانت بینی هەردوولایان زۆر بەشەوق و زەوقەوە خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ جەنگ و کوشتن و مردن ، ئەوان بەعیشقەوە خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ بەرەکانی جەنگ، سەرباز و جەنگاوەرەکانی هەردوو لایان عاشقی جەنگن ، ئەگەر عاشقی جەنگ نەبن دەتوانن خۆیان بەیاریەکی ترەوە سەرقاڵ بکەن، جەنگاوەرەکانی لای منیش هەروان ئەوانەی کە ئامادەن خۆیان بکوژن لەپێناو ئەوەی بەرامبەر بکوژن، هیچ ژیان دۆست نین، هیچ لەجوانی ژیان تێنەگەشتوون ، ئەمانە هەمان ئەو مرۆڤانەن کە لەشارەکاندا دەمان بینین، هەمان سەر لێشێواوەکانن دواجار تاقەتیان ئەچێت و پەیوەندی بەمنەوە دەکەن، هەندێکیان لەوانەن کە لەخانەوادەیەکی خواناسدا گەورەبوون لەوانەی کە لەمنداڵیدا بەیانیان سەتڵێک ئاوی ساردیان پیادەکردن تا خەبەریان بێتەوە و نوێژ بکەن ، هەموو ئەو خێزانانە باجی هەڵەکانیان دەدەن و ئەو جگەر گۆشانەیان لەناو دەچن کە زیاد لەپێویست خودایان ئاخنیوە بەدڵیاندا، هەموو ئەوانەی دێن لەقوڵای چاویاندا دیارە کەچەندە نائوێد و ڕەش بین و

دوورن لەژیانەوە ، بەئاشکرا دیارە کە لەژیان هەڵهاتوون گەیشتوون بەمن، کەم جار ڕوودەدات پیاوێک بێتە ناو سوپاکەی منەوە و لەژیان هەڵنەهاتبێت ڕووبەڕووی مەرگ ، ئەوانەشی کە ژیان دۆستن و بەهەڵە دەگەنە ئێرە ئێمە وێنەکانیان بڵاو دەکەینەوە تادواجار ڕێگای گەڕانەوەیان نامێنێت و ببنە عیبرەت، لێرە هەموو ئەو پیاوانە کۆکراونەتەوە کە بۆنی مردنیان لێدێت ، هەموو ئەوانەی کە مەترسین بۆ کۆمەڵگاکانی خۆیان لێرە من ئامادەیان دەکەم بۆ مردن و حەقی زەحمەتەکەشم لە وڵاتەکانیان وەر دەگرم، ئەوانەشی کە بەناوی نیشتیمانەوە توند و تیژن لەوبەر دەوڵەت بەکوشتیان دەدات. ئەبوو عابد دەڵێ: لێرەوە دەرونە شەڕانگێزەکان ڕەوانەی دونیا دەکەین و جەنگەکانی دونیا دەستی من و جەنگاوەرەکانمی تیایە.

ئەنساری بەیانیەک جانتا بۆخۆی و سەحاف دەپێچێتەوە و بەرەو فڕۆکەخانە بەڕێدەکەون و لەفڕۆکەکەدا بەدەم خەندەیەکی گاڵتە جاڕانەوە دەڵێ: هاوڕێ ئێمە بۆ ماڵی خودا بەڕێکەوتووین، دوای ئەوەی سەردانی( کەعبە ) دەکەن و یەکی پارچە قوماشێک لەخۆیان دەئاڵێنن و هەموو بەشەکانی کەعبە دەپشکنن ، لەگەڕانەوەیاندا و لەناو فڕۆکەکەدا سەحاف چاوەڕێیە ئەنساری لەسەر ئەو گەشتەیان بدوێت ، لەنیوەی ڕێگا بەئاسمانەوە و لەناو فڕۆکەکەدا لەکاتێکدا کە ئەبووعابد لەپەنجەرەی فڕۆکەکەوە لەو شار و ڕوبارانە دەڕوانێت کە لە ژێریانەوە بەجێدەمێنێت، دەڵێ: سەحاف تۆ دەزانی کەبۆچی ئەم سەفەرەمان کرد ، دەزانی ئەوە یەکێک

لە پایەکانی یەکێک لە ئاینەکانە ، تۆ هیچ شتێکت بینی کە پیرۆز بێت ، من تێنەگەشتم سوڕانەوە بەدەوری ئەو بەردە ڕەشەدا چ حیکمەتێکی تیایە جگە لەبت پەرستی.

بەهمەنی سەحاف دەڵێ: تۆ پێت وایە ئەمەش بۆ سەرقاڵ کردنی خەڵک دروست کراوە؟ ئەنساری: نا هاوڕێ ئەمەیان جۆرێکی ترە پەیامبەری ئەم ئاینە لەدوای ئەوەی کە بت پەرستی قەدەغەدەکات هەست دەکات بڕیارەکەی ئاسان نیە و ئەو خەڵکەی کە ملیۆنان ساڵە خویان بەوەوە گرتووە کە لەبەردێک بپاڕێنەوە ئاسان نیە پێیان تەرک بکرێت، وە ئەو بەردە ڕەشە هەر هەبوو، هەر پیرۆز بووە ، هەر دەپەرسترا و تەنانەت هۆزەکان لەنێوان خۆیاندا شەڕیان لەسەر دەکرد، ئیدی پەیامبەر ئەوەی بەهەل زانی کە لەبری ئەو هەموو بەرد پەرستیە تەنها یەک بەرد بپەرسترێت ڕێک چەشنی ئەوەی کە هەموو خوداکانی ڕەد کردەوە بانگەشەی ئەوەی کرد کە تەنها یەک خودا بپەرسترێت، ئاوەهاش ئەم بەردەی پیرۆز کرد و خۆی یەکەمین کەس بوو کە سەردنی بەردەکەی کرد و دواتر بوو بەخوو بۆئەوانەی دوای خۆی، پەیامبەر نەیتوانی بەتەواوی بتەکان بشکێنێ، بتێکی گەورەی هێشتەوە وەک هاوسۆزیەک بۆ بیروڕای باوانی ئەو خەڵکە، وە هەر بەمەشەوە نەوەستاوە ئەوێی کردووە بە قیبلە و چەقی بتپەرستی دونیا، ئەو زانیویەتی کە لەدونیادا بەملیار گەمژە هەیە، ئەوەی داناوە تا گەمژەکان بچنە حزووری.

بەهمەنی سەحاف دەڵێ: پێم وایە هەر ئەمە نیە ، ئەو وڵاتەی ئەم بەردە ڕەشەی لێدانراوە لەو سەردەمەدا هیچ

سەرمایەیەکی نەبووە، هیچ پیشەسازیەکی نەبوو، ئاوی نەبووە بۆ کشتووکاڵ، بیابانێکی دەیم بووە و هیچی لێ سەوز نەبووە و ئەوکاتیش نەوت نەدۆزرابوویەوە پەیامبەر ڕەنگە بۆ ئەوە ئەوێی ئاوا پیرۆز کردبێت، تا لەدونیاوە خەڵک بچن لەوێ پارەکانیا خەرج کەن و وڵاتەکە ببوژێتەوە ، کە ئێستا هیچ کارگە و بیرە نەوتێک لە دونیادا هێندەی ئەو بەردە ڕەشە داهاتی نیە.

ئەنساری دەست دەکاتە ملی سەحاف و دەڵێ ئافەرین کوڕی گەنج خەریکە لەشتەکان تێدەگەیت، من دەمەوێت خودا بکوژم تا مێژووی گەمژایەتی و گەوجاندن کۆتایی پێبێت، ئەو مێژووە دەسرمەوە کە گەمژەکان شانازی پێوەدەکەن و سەرمایەکانیان دەخەنە خزمەتی و شەڕی بۆ دەکەن. دەمەوێت ئەو خەڵکە لەخەونی بێئاگاهی خەبەر کەمەوە و ئەو بەردە ڕەشە و تەواوی بەردە ڕەش و سپیەکانی دونیا بتەقێنمەوە و ئەم خەڵکە هەژار و گەمژانە ڕزگار بکەم لەدەست گەمژەیی، ئیدی هاوڕێ کاتی ئەوە هاتووە دەستی خودا و ئاین لە ژیانی کۆمەڵگاکان دەربهێنرێت و کۆتایی بهێنرێت بەپیرۆز تەماشا کردنی دار و دیوارەکان، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندیەک نەمێنێت لەنێوان سیاسەت و ئاین و حوکم ڕانیدا، ئەگەر بتونم ئەوە بکەم ئەوە بەشێکی دونیا لەگەمژەیی و هەستی شەڕانگێزی ڕزگار دەکەم. دەشێ دواجار من بگەمە خاپوور کردنی ئەو بەردە ڕەشە و ئەو شارەش.

سەحاف لەوێدا ئەنساری ڕادەوەستێنێت و دەڵێ: باشە

چ کێشەیەکی تیا هەیە، کە ئەگەر کۆمەڵێک پیاو بڕوایان بە خودایەکی تەنها هەبێت و سوژدەی بۆ بەرن و بیپەرستن ، ئەوە چ مەترسیەک بۆ سەر ژیان دروست دەکات.

ئەبوعابد: نا ئەوە عەیبی نیە هەرکەس بڕوا داربوو لەماڵەکەی خۆیەوە سوژدە بۆ خودا بەرێت ، ئاساییە ئەگەر نیوەی دونیا لەماڵەکانی خۆیانەوە سوژدە بۆ خودایەک بەرن کە ئەقڵیش قبوڵی نەکات، ئەوە ئازادی ئینسانە ، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە من سوژدەم بۆ هەر خودایەک برد شمشێرێک هەڵگرم و پەلاماری هەموو چواردەورەکەم بدەم و بڵێم دەبێت ئێوەش سوژدەی بۆ بەرن، ئەو کارەساتە کە کۆمەڵێک بەناوی خوداکەیانەوە فەرمانی کوشتنی ئەوانە دەربکەن کە خودای ئەوان ناپەرستن، مرۆڤ ئازادە چ خودایەک دەپەرستێت بەڵام ئازاد نیە خوداکەی بسەپێنێت بەسەر هەموو دونیادا ئازاد نیە ، کە دژایەتی ئەوانە بکات کە خوداکەی ئەو ناپەرستن، ئەمە هەستی ڕق لێبونەوە و دوژمنکارانەی ئینسان زەق دەکاتەوە ، کێشە ئەوەیە لەهەندێک لە ئاینەکاندا بەناوی خوداوە فەرمانی کوشتنی ئەوانە دراوە کەخوداکەی ئەوان ناپەرستن، دەبێت ئەوانە کۆتاییان پێبهێنرێت، دەبێت ئاین تەنها ئیشی خۆی بکات ، ئاین پەیوەندیەکی ڕۆحی بێت لەنێوان ئاسمان و مرۆڤدا، نەک ئاین ببێتە هۆکاری حوکم ڕانی و دەست گرتن بەسەر کورسیەکانی دەسەڵاتدا کە هەندێک لە بروادارانی سیاسی ئەوە دەکەن، بەناوی خوداوە دەچنە دەسەڵاتەوە و لەپێناو کورسی دەسەڵاتدا ئەیانەوێت دونیا لەناوبەرن، دەبێت ئیدی

کەس دەوری خودا بەرجەستە نەکات.

ئەوان دەگەنەوە بەشارەکەی ئەنساری و دەگەنەوە بە کۆشکەکە و ئەو شەوە پشوو دەدەن و لەبەیانیەکەیدا ئەوان لەناو ئۆتۆمبیلێکی جام تاریکدا بەشەقامەکاندا پیاسە دەکەن و سەحاف بەئەسپایی دەپرسێت و دەڵێ: من هەندێک شتم لەلا ڕوون نیە، تۆ لەسەر ئـالآی ڕێکخراوەکەت لەسەر قوماشێکی ڕەش بەخەتی سپی نوسیووتە (تەنها خودا) وە هەموو کارەکانت بەناوی خوداوەیە، کەچی خوداپەرستی بە گەمژەیی لەقەڵەم دەدەیت، ئەگەر وایە بۆچی بەئاشکرا دانی پیانانێیت، بۆچی شۆڕشەکەت بەوناوەوە نیە، بۆچی لەسەر ئالآکەت نانوسیت خودا نیە، بۆچی ڕێک ڕاست ناڵێی خودا پەرستی گەمژەییە و من هاتووم گەمژەیی لەناو بەرم

ئەنساری: هـاوڕێ ئـەوە ئاسان نیە کە تەنها مرۆڤێک خودای ملیارێک زیاتری ئینسانی سەر زەمین ڕەد کاتەوە ، من بەتەنها و بە ئاشکرا ناتوانم ئەوە بکەم هیچ دەوڵەتێک لەدونیادا نیە بتوانێت خودا ڕەد کاتەوە، بەتەنها دژایەتی هەموو دونیا ناکرێت، گەر ئەوە بکەم ڕەنگە چەند کەسێک پەیوەندیم پێوەبکەن کە بەعەقڵ بڕوایان بەبونی خودا نیە بەڵام ئامادە نین جەنگ لەدژی خودا پەرستان ڕاگەیەنن، ئەوانەی کە بڕوایان بەخودا نیە زۆربەیان بڕوایان بەدژایەتی کردنی هیچ ئینسانێکیش نیە .

سەحاف: چۆن وادەڵێی ئەی ئەوانە کێ بوون کە جەنگە جیهانیەکانیان ڕاگەیاند ، ئـەوانـە کێ بـوون کە ملیۆنان جولەکەیان سوتاند ، ئەوانە کێ بوون کە بۆمبی زەڕەیان

لـەدژی هێرۆشیما بەکارهێنا، هیتلەر چی بوو ، صـدام چ دینێکی هەبوو ، جەنگیز خان و تەیمری لەنگ و هۆلاکۆچی بوو ، ئەی ئەمانەی کەمێژوویان بەخوێن سور کردووە خۆ هیچیان خودا ناس نەبوون .

ئەنساری بەتەنیشت باخچەیەکدا پێچ دەکاتەوە و دەڵێ: باشتەکان تێکەڵ نەکەین ، هەندێک لەوانە هەمان شەڕی نێوان ئاینەکان بووە بۆ نمونە سوتاندنی جولەکەکان ئیشی مەسیحیەکان بوو جەنگەکانی تریش هەندێکی دوور و نزیک پەیوەندیان بە ئاینەوە هەبووە و ئەوەشی پەیوەندی بە ئاینەوە نەبووبێت پەیوەندی بە دەسـەڵات و داگیر کاری وڵاتانەوە هەبووە هیچی پەیوەندی بەئاین و بێ ئاینەوە نەبووە.

بـەهـەرحـاڵ بالەباسەکە دەرنـەچـین ئـەم ئـاڵایـەی تۆ دەیبینی تا سەر وا نامێنێ تا سەر لەسەری نانوسرێت تەنها خودا، ئەوە تەنها تەکنیکی جەنگەکەیە، دواجار لەژێر ئەو ناوەدا کارە گەورەکە دەکەم، دواجار بەم ناوەوە خودا ڕووت دەکەمەوە ، من دەڵێم تەنها خودا واتە لێکردنەوەی هەموو ئەوشتانەی کە بەخوداوە لکێنراوە ، واتە کوشتنی پاسەوانەکانی خودا، تەنها خودا واتە ڕوخاندنی شوراکانی دەوری خودا، لەئێستادا ئاسان نیە لەسەر ئاڵاکەم بنوسم ناخودا ئاسان نیە بە پیرە پیاوێک بڵێم ببورە تۆ پەنجا ساڵە خورافە دەپەرستی ، ناکرێ بەپیرە ژنێک بڵێی ببورە تۆ هەموو تەمەنت تەواو بوو لەترسی خودا زاتی ئەوەت نەکرد لەنیگایەک بڕوانیت بڵێم ببوورن ئێوە هەموو تەمەنتان تەواو

بوو ساڵانە خۆتان لەنان و ئاو دەگرتەوە لە پێناو شتێکدا کە هیچ نیە، ببورن ماڵی خوداکەی ئێوە تەنها دەغیلەی سواڵە بۆ پیاوە ئاینیەکان.

لەو کاتەدا کە بەبازاڕێکی قەرەباڵخدا بەهێواشی ئۆتۆمبیلەکەی دەئاژوێت، تەلەفونی بۆدێت چەند دەقیقەیەک بەزوبانێکی جیاواز قسە دەکات کە سەحاف تەنها لە مەسەلەی پارە و مامەڵەیەک تێگەیشت وە پاشان، خۆی تەلەفون بۆ عەلی ناوێک دەکات و دەڵێ: لەم مانگەدا نزیکەی سێ سەد چەکدار بەچەک و ئەسڵەحەی تەواوەوە بنێرن بۆ فلان ولات و هەوڵ بدەن لەچەند شارێک هەندێک تەقینەوە ئەنجام بدەن. ئەمە دەڵێت و چاوەڕێی وەڵام ناکات تەلەفونەکە دادەخاتەوە.

کە تەلەفۆنەکە دادەنێتەوە سەیری سەحاف دەکات و دەڵێ: دەزگای نهێنی یەکێک لە وڵاتەکانە و پارەیەکی زۆر دەدەن تا لەیەکێک لەوڵاتەکانی رۆژهەلات یاریەک لەنێوان دوو مەزهەبی یەک ئایندا ئەنجام بدەن ، ئێمە هیچ لەدەست نادەین جگە لەهەندێک پیاو کە خەمی ئەوەیانە مەزهەبەکەیان لەناو نەچێت هەندێک پیاو کە توند ڕەوی ئاینین، من تەنها هەندێک گەمژە لەدەست دەدەم هەندێک گەمژە کە لەهەردوو مەزهەبەکە هەر لەپیاوی ئێمە دەڕوات، ئەمەش جۆرێکە لەسەرقاڵ کردنی بڕواداران بەجەنگەوە ، ئەوان هێندە لێهاتوون تەنانەت جەنگ دەخەنە نێوان یەک ئاینیشەوە ، تەنانەت ئەتوانن وابکەن کە خەڵکی شارێک سەرقاڵی جەنگ بن لەگەڵ یەکتری، سەرقاڵیان دەکەن

بەیاری جەنگەوە تا بیریان بچێتەوە کە ژێر خاکەکەیان چی تیایە. ئەمە پلانی ڕۆژئاوایە بۆ ڕۆژهەڵات ، ئیستا من ئەو یاریە ئەنجام دەدەم، بەڵام ئەم یاریە تاسەر وانابێت ، کە خودام ڕوت کردەوە لە پاسەوانەکانی کە خودام کوشت یاریەکە پێچەوانە ئەبێتەوە و ئیدی ڕۆژ هەڵات دەرفەتی ئەوەی دەبێت بیر لە خۆی و خاکەکەی بکاتەوە. تا سەرقاڵی جەنگ بن لە پێناو خودایا ، تا سەرقاڵی یاریە بچوکەکان بن لەیاریە گەورەکانی ڕۆژئاوا حاڵی نابن.

سەحاف بەسەر سوڕمانەوە دەڵێ: دەی کەوابێت تۆ لەئێستادا هاوکاری ڕۆژئاوا دەکەی تا مرۆڤەکان بە شەڕی ئاینیەوە سەرقاڵ بکەی .ئەبوعابدی ئەنساری: لەئێستادا چەشنی کۆمپانیایەک ئەو کارانە دەکەین ، بەڵام خۆم لەبنەڕەتدا دەزانم چی دەکەم، دەمەوێت بەم شەڕانە لافاوی خوێن هەستێنم و هێدی هێدی ڕۆژهەڵاتیەکان هیلاک بن لەجەنگ و ئەوانەی کە توند ڕەوی ئاینین هەموویان تیاچن، ئەوانەیشی کە دەیانەوێت توندڕەوی ئاینی بکوژن هەر تیادەچن لەجەنگەکاندا ، ئیدی لەکۆتایدا ڕۆژهەڵاتێکمان دەبێت کە نەتوند ڕەوی ئاینی تیایە، نەتوندڕەوی غەیرە ئاینی، هیچ جیاوازی نیە لەنێوان توند ڕەوی ئاینی و غەیرە ئاینیدا ئەوەی پەنای بۆ چەک برد چ ئاینی بێت چ کۆمۆنیست بێت دواجار دەیەوێت ئینسان بکوژێت من دەمەوێت بەم جەنگانە هەموویان لەناو بەرم.

چەندین دەوڵەت لەدونیادا بوونی هەیە کە مانەوەیان بەندە بەمانەوەی خودا و گەمژاندنی میللەتانەوە ، ئەوانەی

کە جەنگ لەگەڵ بێ بڕواکان ڕادەگەیەنن ، ئەوە ئەو دەوڵەتانە نین کە خودایان خۆش دەوێت ، ئەوانەن کە هێزی گەمژاندنیان خۆش دەوێت، ئەوانەن کە ئەگەر میللەتەکانیان سەرقاڵ نەبن بەخوداوە ئەوە بیر لەشۆڕش دەکەنەوە و دەسەڵاتەکانیان لەناو دەبەن ، ئەو دەوڵەتانەی کە بەرگری لەخودا ئەکەن بەرگری لەدەسەڵاتی خۆیان دەکەن ، ئەگەر خودا بمرێت دەسەڵاتی ئەوانیش کۆتایی پێدێت. هەر دەوڵەتان نیە کە سود لەبونی خودا ئەبینن بگرە بەملیۆنان پیاوی ئاینی هەیە سەر بەهەموو ئاینەکانی دونیا کە سود لە ئاین وەر دەگرن و بەناوی ئاینەوە سەر قاڵی بازرگانی و پارە پەیدا کردنن.

بەهەمەن ملیۆنان پیاو لەتەنیشت ناوی خودایا وەک پاشاکان دەژین و بەدڵ پارێزگاری و پشتگیری و بەرگری لە بتی خودا دەکەن، سەدان گروپ و حیزب و قەوارەی سیاسی لەپەڕلەمانی وڵاتەکانیان بەناوی خوداوە کورسی و وەزیر و پۆستی گەورەیان هەیە و بەدڵ پشتیوانی لەخودا ئەکەن تا دەسەڵاتی خۆیان بەردەوام بێت ، ئەگەر ساغ بێتەوە کە خودا هیچ نیە جگە لەبتێکی خەیاڵی ئێمە ئەوا هەموو ئەوانە ناتوانن بەر دەوام بن لە فریودانی دونیا، ئەوانە پاسەوانی لەخودا ئەکەن تا کورسیەکانیان نە کەوێتە مەترسیەوە . ملیۆنان شوێنی عیبادەت و خواپەرستی لەدونیادا هەیە کە کاردەکەن بۆ دابین کردنی ملیۆنان مرۆڤ و بەنەمانی ئەمانە ژیان و گوزەران و سەلتەنەتی ئەوانیش دەکەوێتە مەترسیەوە. ئەمە جگە لەو ملیۆنان ئینسانانەی کە

بەسروشتی و بەبێ بیرکردنەوە و وەک بۆ ماوەیی خودایان بۆ ماوەتەوە و قەلس دەبن بەوەی کە یەکێک باسی نەبوونی خودا بکات ناکرێت لەناکاو بێیت و بڵێی خودا مرد، خودا نیە، خودا نەبووە، ئەبێت ئەمە جۆرێک بگوترێت کە خەڵک خۆیان بێن و بڵێن ئەم خودایەمان ناوێت.

ئەبوو عابدی ئەنساری دەگاتە کۆتایی شەقامێکی قەرەباڵخ و سەرەتای شەقامێکی نوێ و پێچ دەکاتەوە بۆ شەقامێکی چۆڵ و دەڵێ: سەحافی ئازیز ئیدی من هاتووم تا گەمژەیی بەگەمژەیی چارەسەر بکەم، هاتووم بەهەمان ئەو چەکە خودا بکوژم کە بڕواداران بەرگری لێدەکەن، هاتووم بەهەنگوین خوداناسان بخنکێنم، ئیدی ئاوایە هەرشتێک زیادە ڕەوی تیا کرا ئەو شتە لەناو دەچێت ، من هاتووم تا زیادە ڕەوی لە دیندا بکەن. ئەنساری ئۆتۆمبیلەکە دەباتە سەر ڕێگایەکی تیژ ڕەو وە لەوێوە بەرە و دەشتاییەک دەڕوات و پاش دوو کاتژمێر ڕێگا بڕین دەگاتە چیایەک و لەوێ سەحاف دەحەپەسێت، چاوی بەسەدان چەکداری ریشدار دەکەوێت کە ئامادە ئەکرێن بۆ جەنگ و هەموو بەچەک و کەل و پەل و جانتای پێداویستیەوە ئامادەن وە فڕۆکەیەکیش ئامادەیە لەوێ ئەم لەدوورەوە ڕادەوەستێت و ئەبوعابد دەچێت یەک بەیەکیان ماچ دەکات و بەڕێیان دەکات بۆ ناو فڕۆکەکە و پێیان دەڵێت بەئیزنی خوا یەکتر دەبینینەوە ئەگەر یەکیشمان نەبینیەوە لە بەهەشتەکەی خودا یەکتری دەبینینەوە. چەکدارەکان بەڕێدەکات و نەخشەی شوێنی تەقینەوە و جەنگەکان دەدات بە سەرۆکەکەیان کە پیاوێکی

ڕیش سوری ئەوروپی دەبێت. لەگەڕانەوەیاندا بۆ شار سەحاف بە حەپەسانەوە دەڵێت: کەواتە فڕۆکەشتان هەیە ، ئەنساری بەپێکەنینەوە دەڵێ گەر پێویست بکات قیتاریشمان هەیە. ئەوان کاتێک دەگەنەوە شار و لە چێشتخانەیەک لادەدەن بۆ نان خواردن و بەدەم نان خواردنەوە ئەنساری دەڵێ: سەحافی هاوڕێم ئەم بەیانیە ویستم ئەوەت بۆ ڕوون بکەمەوە کە چۆن گەمژەیی بەگەمژەیی چارەسەر دەکەم. بەڵێ هاوڕێ هەموو جەنگێ چەکی خۆی دەوێت ، ناکرێت بەفیشەک تەقەت لێبکەن و تۆ شیعریان بۆ بنێریت، گەمژەیی بەگەمژەیی چارەسەر دەبێت.

سەحاف دەڵێت ئەوە چۆن دەکرێت چ گەمژەییەک بە گەمژەیی چارەسەر دەبێت ؟

ئەنساری: ئاخر ئێمە دەبین بە ئەوان و ئاڵایی تەنها خودامان بەرز کردووەتەوە واتە تەنها خودا شایەنی پەرستنە بەم ئاڵایە ئێمە خودا ڕووت دەکەینەوە ، هەموو شتەکانی چوار دەوری خودا لادەبەین، کاری ئێمە سەرەتا ڕوتکردنەوەی خودایە، لە پاسەوانەکانی، لەقەڵاکانی چوار دەوری، لەشوراکانی دەور و پشتی ، ئاخر خودا بەملیۆنان پاسەوان و قەڵا و پەرژین و قوللە و شورا و قەڵغان پارێزراوە ، خودا چەشنی ئەو بتانەیە کە ئیبراهیم شکاندی توانای پاراستنی خۆی نیە ، توانای ئەوەی نیە خۆی بپارێزێت پێویستی بەوەیە بیپارێزن، ئێمە ئیشمان ئەوەیە لەژێر ئاڵایی تەنها خودا ، خودا ڕووت دەکەینەوە و دیوار و شوراکانی خاپور دەکەین تاوەکو خودا ڕووت بێتەوە لە پاسەوانەکانی،

تاوەکو ئەوانەی کە خودایان بەپیرۆزی هێشتووە لەناو بچن، دواتر دەست بۆ پەیکەری خوداش دەبەین. ئەو پەرداخێ ئاو دەخواتەوە و دەڵێ: ئیدی کاتی ئەوە هاتووە خودا ڕووت بێتەوە لەپاسەوانە خورافیەکانی، لە مەزارگە و گۆڕە پیرۆزەکانی، دەبێت ڕووت بێتەوە لەمێژووەکەی کە نیوەی دونیای لەزەلکاوی گەمژەیدا ڕاگرتووە، ڕووت بێتەوە لە مەعبەد و پەرەستگاکانی، ڕووت بێتەوە لەوانەی کە نان و دەسەڵاتیان بەندە بە مانەوەی خوداوە، دەبێت نان و کاسپی و کورسی ئەوانە بشکێنین کە بەناوی خوداوە لەسەر کورسی پاشایەتیدان، دواجار کە خودا خۆی بەتەنها مایەوە و هیچ شتێ نەما کە بەرگری لێبکات ئەوە شکاندنی بتی خوداش ئاسان دەبێت، ئەمە وەک ئەوە وایە سوپایەک هێرش بکاتە سەر شانشینێک و سەرجەم جەنگاوەرانی شا و شوراو قەڵاکانی تێک بشکێنێت بشڵێن ئەمانە لەپێناو پادشادا ئەکەین، دواجار منداڵێکیش دەتوانیت پادشاکە بکوژێت.کە هیچی نەما لە چواردەور ،

ئەنساری هەر بەدەم نان خواردنەوە دەڵێ ئەی کاری دووەمتان چیە ، ئەی لەدوای ئەوەی کە خودا لە پاسەوانەکانی ڕووت دەکەنەوە دواتر چی دەکەن، ئەنساری ئیشارەتی بۆ دەکات کە تەماشای تیڤیەکە بکات ، تەماشا دەکات گوێی لەهەواڵێک دەبێت کە باس لە تەقاندنەوەی گۆڕی چەند پێغەمبەرێک دەکات لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە، لەدوای ئەو هەواڵەش باس چەندین تەقینەوە دەکات لەوڵاتێکی تر ، ئەنساری دەڵێت: ئەوە کارەکانی ئێمەن

ئەوە قۆناغی ڕووت کردنەوەی خودایە ، قۆنافی یەکەمی کارەکانمانە ، بەلام لە قۆناغی دووەمدا کاتێک خۆمان بوینە خاوەنی خودا کاتێک تەنها ئێمە بەرگریمان لەخودا کرد ، ئیدی نەخشەی دووەم جێبەجێ دەکەین ئیدی دەست دەکەین بە ئەو کارانەی کە خودا لەبەر چاوی خەڵک سوک و ناشرین بکەین ، ئیدی بەناوی خوداوە لافاوی خوێن هەڵدەسێنین و ئەوەی ئینسانیەتی تیانەبێت و مرۆڤ بیری لێنەکاتەوە لەکاری دڕندانە ئێمە لەژێر ئالای تەنها خودایا دەیکەین ، ئیدی کاری دووەممان ئەوەیە بەناوی خوداوە مرۆڤ سەربڕین و مرۆڤ پارچە پارچەی بکەین و مرۆڤ بفڕێنین و ئازاری ڕۆحی مرۆڤایەتی دەدەین بە جۆرێک کە خودی خوداناسەکانیش ڕشانەوەیان بێت بەخودا، کارێ دەکەین خەڵک خۆی هەوڵ بدات پەیکەری خودا ورد و خاش بکات، بەجۆرێ خودا لەدڵی مرۆڤدا هەپرون هەپرون دەکەین کە بەهیچ کەسێک کۆنەکرێتەوە.

کاتێ لەنان خواردن دەبنەوە و سواری ئۆتۆمبیلە جام ڕەشەکە دەبنەوە سەحاف دەپرسێت باشە ئەی دەوڵەتان چی ئەوانەی کە مانەوەیان بەندە بە مانەوەی خوداوە؟

ئەنساری: دەشێ ئەرکی ئێمە بەو جۆرەش ئاسان نەبێت، دەشێ توشی نارەحەتی بێین، چونکە جگە لەدەوڵەتانی ڕۆژهەلات و ئەوانەی کە لەگەمژەیدا شوێن خودا کەوتوون ، هەندێک لەدەوڵەتانی ڕۆژئاوا و کارگە گەورەکان لەسودی ئەوانە خودا بمێنێتەوەو زۆر بەجدی بەرگری لە مانەوەی خودا ئەکەن، ولاتانی گەورەی دونیا و کۆمپانیا گەورەکانی

دونیا ، مانەوەیان بەندە بە بونی خودا و گەمژاندنی میللەتانەوە هەیە، وڵاتانی زلهێزی دوونیا خاوەنی گەورەترین کارگە و عەمباری چەک و تەقەمەنی و کەرەستەکانی جەنگن ، بۆ ئەوە مانەوەی خودایان ئەوێت تا جەنگ بەردەوام بێت و فرۆشی چەک و ئەسڵەحە و تەقەمنی ئەوانیش پەرەی پێبدرێت، ئەوان خودایان ناوێت تەنها بەردەوامی چەکیان دەوێت لەتەنیشت خودایا، ئەوان کەرەستەی جەنگی و خۆراکی جەنگی و تەقەمەنی بۆ بەرەکانی جەنگی نێوان ئاینەکان و مەزهەبەکان دابین دەکەن ، تەنها کێشەی ئەوان ئەوەیە، کە جەنگ بەردەوام بێت، ئەوان لەئاین زۆر سود وەردەگرن ، چاپ خانە بۆ کتێبە پیرۆزەکان دەکەنەوە ، مەواد بۆ مەعبەدەکان دابین دەکەن، ئەوان کێشەیان نیە کێ چی دەپەرستێ ، ڕۆژئاوا تەنها بیر لەقازانج و سەرمایە و ژێرخانی ئابووری دەکاتەوە ، حەز دەکەن دونیا مشک بپەرستێ تا ئەوان کارگەی دروست کردنی مشکی شوشە بکەنەوە، ئیدی هەر ئەوانن ساڵانە کارێک دەکەن تا خودا لەدڵی خەڵکدا تازەکەنەوە، ئیدی کاری ئەوان بەردەوامیدانە بەجەنگ و باشترین بیانووی جەنگیش خودایە، ئەوان چەکیان هەیە و ڕۆژهەڵات گەمژە و ئیدی بەم جۆرە جەنگ بەردەوام دەبێت، ئەوان بەخوێنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی داهاتی وڵاتەکانیان بەرز دەکەنەوە، ئیشی ئەوان ئەوەیە ڕۆژهەڵات بەئاسمانەوە خەریک بکەن و بۆ خۆیان سەرقاڵی داگیر کردنی زەوی بن.

بەهمەنی سەحاف لەپێچێدا کە ئۆتۆمبیلەکە دەکەوێتە

سەر شەقامێکی چۆڵ دەپرسێت و دەڵێ: دەی کەوابێت پێت وانیە کە خودی خودا بۆ گەمژاندنی خەڵک دروست کراوە پێت وانیە ، کە مەسەلەکە پێچەوانەیە و ئەوە خودا نیە ئێمەی دروست کردبێت ، ئەوە ئێمەین خودامان دروست کردووە و ئەرکمان پێسپاردووە.

ئەبوو عابد خێرا دێتە ناو باسەکەوە و دەڵێ: ڕێک وەهایە جگە لەوە مرۆڤ خودای داتاشیوە ، ئەم داتاشینەی بۆ بەرژەوەندی خۆی کردووە ، هەندێک لە پەیامبەرەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و هۆزەکەیان خودایەکیان لەدڵی خەڵکدا داتاشیوە، ئەها بەهمەنی سەحاف بڕوانە مرۆڤایەتی ملیۆنان ساڵە هەیە خێری پێغەمبەران چەند هەزار ساڵێکە هاتوون، باشە هەموو ئەو ماوەیەی کە کتێبەکان باس لە دروست کردنی دونیا دەکەن خودا لە کوێ بووە بۆچی خودا دوای ملیۆنان ساڵ بیری لە زەوی کردەوە کە پێغەمبەری بۆ بنێرێت باشە ئەی بۆچی لەسەردەمی نیان دەرتاڵەکاندا خودا پەیامبەرێکی نەنارد ، هەموو ئەو ماوەیە خودا لەکوێ بوو ؟ناکرێت خودا دونیای دروست کردبێت و ئەو هەموو ماوەیە چاوەڕێی کردبێت و دواجار بڕیاری دابێت کە پەیامبەر بنێرێت، ئەگەر وایە ئەو هەموو چاوەڕوانیەی خودا بۆچی ، ئەگەر ناردویێتی ئەی کوا کتێبەکانیان، ئەمە لەلایەک ئەدی بۆ کەس بیر لەشوێنی جوگرافی پەیامبەرەکان ناکاتەوە، بۆچی کەس ناپرسێت پێغەمبەرەکان بۆچی هەموویان لەناوچەیەکی بچوکدا پەیدابووە ، بۆچی هەموویان لە نیشتیمانی عەرەبیدا هەڵقوڵاون .

سەحاف: هەندێک لە بڕواداران وای لێک دەدەنەوە کە خودا بۆیە ئەوێی هەڵبژاردووە ، کە ئەوێ گەمژە و گەلحۆی زۆری تیابووە تا لەگەمژەکانەوە دەست بکرێت بە ئیسلاح کردن و چاک کردنی ئینسانیەت. تەنانەت دەقێک لەناو کتێبە پیرۆزەکاندا وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە.

ئەبوعابد قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: شتی ئاوا ئەقڵ نایبڕێت ، ڕاستە ئەو ناوچەیە گەمژە و گەلحۆی زۆری تیایە بەڵام لەکوێ ئەقڵ دەیبڕێت خودا نامەکەی خۆی بۆ مەملەکەتی گەمژەکان بنێرێت. تا بەدونیادا بڵاو بێتەوە. سەحاف تۆ بیخەرە بەرچاوی خۆت ئەگەر خودی خۆت پەیامێکی ڕاستیت پێبێت و بتەوێت بەدونیادا بڵاوی بکەیتەوە، دەچیت سەرەتا پەیامەکەت بدەیتە دەست کەسانێک کە دواکەوتووترین میللەتی دونیان، ئاخر پەیامی خودا چۆن دەدرێتە دەست گەمژەکان، خودا چۆن قسەی خۆی پێش هەموو کەس بۆ گەمژەکان دەنێرێت، باشە خودا بۆچی نەچوو پەیامەکەی بداتە دەست فەیلەسوفێک ،بۆچی نەچوو نامەکەی تەسلیمی میللەتێک بکات کە پڕبێت لەعەقڵ و لەبەرامبەر نامەی خودایا شەڕە شمشێر ڕوونەدات.

هاوڕێ ئەمە ئەوە نیە خودا نامەکەی بۆگەمژەکان ناردبێت ، ئەگەر وابوایە نەیدەگوت قسەی من بۆ هەموو مرۆڤایەتیە ، دەیگوت پەیامی من بۆ گەمژەکانە تا لە گەمژەیی دەربازیان بێت، دەیگوت ئەو میللەتانەی کە خاوەنی عەقڵن پێویستیان بە قسەی من نیە و بۆ خۆیان لەسەر عەقڵی خۆیان بەردەوام بن، جگە لەمانەش هەر ئەوکاتانە میللەت

هەبووە زۆر لەو میللەتانە گەمژە تربووە، هەبووە مشکی پەرەستووە ، هەبووە سوژدەی بۆ سەگ بردووە ، ئەی بۆ پەیامبەرێک بۆ ئەوان نەنێردراوە . ئەو بەدەم ئۆتۆمبیل لێخوڕین و تەماشا کردنی دیمەنەکانی شارەوە دەڵێ: بەهمەنی سەحاف ئاین مەجالی بۆ بیرکردنەوە و پرسیار کردن نەهێشتۆتەوە ، ئاینەکان ڕێگای بیرکردنەوەیان داخستووە و دەڵێن هەمووشتێک حیکمەتی خودایی تیایە ، ئەگەر ئاوا نەبوایە دەبوو خەڵک پرسیار بکات و بڵێت خێرە پەیامبەرێک بۆ ڕوسیا نەنێردراوە؟ بۆچی پەیامبەرێک ڕووی لە ڕۆما و ئەسینا و کوێ و کوێ نەکردووە ، تۆبڵێی ئەوێ سەر بەم دونیایە نەبن ، تۆبڵێی خودایەکی دیکەش هەبێت و هی ئەوان بێت.

دەبوو پەیامبەرەکانی خودا حسابی وورد بۆ ئەم پرسیارانە بکەن ، دەبوو ڕێگای ئەم جۆرە ڕەخنانە نەدەن، بەڵام ئیدی ئەوانیش هەر هێندە زانیاریان لابووە، کە بەناوی خوداوە ڕایانگەیاندووە، لەبەر ئەمەیە کتێبە پیرۆزەکان بەچواردەوری کۆمەڵێک شتی بچوکدا دەخولێنەوە، کۆمەڵێک شت کە ئاسایی نیە خودا گرنگی بدات بە هاوسەرگیریەکانی پەیامبەر و ژیانی خێزانی و هاوەڵ و هاوکارانی، ئاسایی نیە کەخودا تەنها گرنگی بەکۆمەڵێک شت بدات کە گەمژەکان پێوەی سەرقاڵن، دەنا دەبوو خودا پەیامبەرێک بۆ زێدی فەیلەسوفەکان بنێرێت ، دەبوو شارەکانی ئەرستۆ و سوقرات و ئەفلاتون و نیچە و کێ و کێ پەیامبەری بۆ بنێردرایە کەنەنێردراوە هۆی ئەوەنیە کە پێویستیان نەبووە ، نەخێر

سەدان پێغەمبەریش لەوێ دەرکەوتوون بەڵام کە عەقڵ لەوێ حوکمی کردووە، ئیدی بۆیان نەچۆتە سەر و خێرا تەڵەکەبازیەکەیان کەشف بووە و کشاونەتەوە و سەریان کردووەتەوە بە قەباخەکەی خۆیاندا ، هاوڕێ هەمیشە خورافە لەمیللەتە دواکەوتووەکاندا زوو بڵاو ئەبێتەوە، ئەو شوێنانەی کە ئەقڵ و مەنتیق حوکمی دەکات ڕێگای بڵاو بونەوەی خورافە نیە.

ئەو لەکۆتایی شەقامێک و لە قەراخ باخچەیەک لادەدات و پێکەوە لەسەر کورسی باخچەیەک دادەنیشن و دەڵێت: هاوڕێ لەو وڵاتانەی کە پەیامبەری بۆ نەچووە فەیلەسوفەکان کۆمەڵگایان وشیار کردۆتەوە و دەرفەتیان بۆ ئەوە نەهێشتۆتەوە تا کەسێک بێت و بڵێت من نێردراوی خودام. پاشان تائیوارەیەکی درەنگ پیاسە دەکەن و شەو دەگەڕێنەوە بۆ کۆشکەکە و ئەو شەوە ئەبوعابد هێندە شەرابی سور دەخواتەوە تاقەتی ئەوەی نابێت قسە بکات.

ئەو بەیانیە ئەبوو عابدی ئەنساری کەمێک زوو لەخەو هەڵدەسێت وەک ئەوەی کارێکی گرنگی هەبێت بەخێرایی لای ئارایشتگای کۆشکەکەی بەمیکیاج و شێوە گۆرین شێوەی خۆی و بەهمەنی سەحاف دەگۆڕێت و پاشان دەیبات بۆ کۆبوونەوەیەکی گەورە، کۆبوونەوەیەک لە ئاستی گەورە بەرپرسانی هەندێک وڵاتی زلهێز، سەحاف سەرەتا سەری دەسوڕمێت نازانێت ئەبوعابد ئیشی چی هەیە لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا، ئەنساری سەحاف وەک سکرتێر دەناسێنێت کە جانتا و کەل و پەلەکانی بۆ هەڵگرتووە، کۆبوونەوەکە

چەندین کاتژمێر دەخایەنێت و ئەنساری بەدەیان زمان دەئاخافێت و دەیان بەڵگەنامە واژوو دەکات و زۆربەی باس و خواست و قسەکانیان باسی نرخ و ساغ بوونەوە و ئەو شتانە ئەبێت، ئێوارە کاتێ دەگەڕێنەوە سەحاف دەڵێ: ببورە دەزانی هیچ حاڵی نەبووم لەم کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆ، ئەنساری بە زەردەخەنەیەکەوە تیڤیەکە پێدەکات و دەیخاتە سەر تیڤیە هەواڵیەکان و سەحاف دەبینێ بێژەرێک باس لەوەدەکات کە نوێنەرانی وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانێتی دژی گروپە تیرۆرستیەکان کۆبوونەتەوە بۆ گفتووگۆکردن لەسەر چۆنێتی لەناوبردنی گروپەکەی ئەبووعابدی ئەنساری، بەهمەنی سەحاف قاقایەک لێدەدات ودەڵێ: ئەمڕۆ من و تۆ لەکۆبوونەوەی لەناوبردنی تۆدا بەشداریمان کرد و تۆ واژووی دەیان بەڵگەی لەناوبردنی خۆتت کرد، بەڕاستی سەیرە، ئەنساری لەپاش ئەوەی تیڤیەکە دەکوژێنێتەوە دەڵێت: گەمژەیی مرۆڤ لەوەدایە ڕۆژانە بەدیار هەواڵەکانەوە دادەنیشێت، هەرکات مرۆڤێکت بینی زۆر بەجدی گوێی بۆ هەواڵ و زانیاری و بەرنامە سیاسیەکان گرت ئیدی بزانە ئەو کەسە لەو پەڕی سنووری گەمژەیدایە، تیڤیەکان هەمیشە ئەوە بڵاو دەکەنەوە کە خۆیان دەیانەوێت هیچ تیڤیەک ئەوە بڵاوناکاتەوە کە هەیە، ئەوە بڵاو دەکاتەوە کە خۆی مەبەستێتی، تۆ رۆژنامەنوسیت ولەگەڵ من لەکۆبوونەوەکەدابوویت کەچی پێچەوانەی حەقیقەتت بینی، ئەو کۆبونەوەیەی ئەمڕۆ بۆ واژووکردنی گرێبەست بوو لەگەڵ سەدان وڵاتی خاوەن کۆمپانیای چەک

و تەقەمەنی و واژووکردنی گرێبەستی ملیۆنان دۆلاری بۆ هەڵگیرسانی جەنگ، من لەو گرێبەستانەدا بەڵێنمدا جەنگ لە دەیان وڵاتدا بەرپابکەم و ئەوانیش بۆ هەموو جەنگێکی کورت خایەن ملیۆنێک دۆلار دەخەنە سەر حسابەکەم و بۆ جەنگی درێژخایەنیش مانگی ملیۆنێک ئەچێتە سەر حسابەکەم، ئیشی من لێرەدا ئەوەیە کە موشتەری نوێ بۆ کۆمپانیاو چەک و تەقەمەنیەکانی ئەوان دابین بکەم.

تەماشاکە سەحاف لەوڵاتە هەژارەکاندا دووهێندەی مرۆڤەکان چەک بوونی هەیە، چەک دەگەیەننە دوورترین و هەژار ترین وڵاتی دوونیا، کەچی زۆر بەئاستەم کەمێک خۆراک دەگەیەننە وڵاتێک ئەویش هەر بەپارەی ئەو چەک و تەقەمەنیانە دابینی دەکەن کە لەو وڵاتە هەژارانەیان وەرگرتووە.

وڵاتانی زلهێز بۆ مانەوە و شکۆی خۆیان بۆ ئارامی میللەتەکانی خۆیان بۆ دابینکردنی ژیان و ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ منداڵەکانیان ئامادەن بەملیۆنان منداڵ لەجەنگەکاندا بکوژن، ئامادەن دونیا لەبرسا بکوژن بەمەرجێکماناڵەکانی خۆیان تێربن و لەئارامی و ئاسایشدا بژین.

ئەمەی ئێستا وڵاتانی زلهێز لەگەڵ دونیا ئەنجامی دەدەن هەمان سیستەمی کۆیلایەتی سەدەکانی ناوەڕاستە، هەمان شێوازی پلەبەندی مرۆڤەکانە، ئێستاش هەمان ئەو کاتەیە کە مرۆڤەکان دەکران بە چەندین پلەوە و دواجار هەموو پلەکان لەخزمەتی مرۆڤی پلەیەکدا ئەبوون.

بەیانیەک ئەبوعابد و بەهمەنی سەحاف پێکەوە دەچنە بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی دادوەری شارەکە و لەوێ بەناوی ڕۆژنامەیەکی بەناوباگەوە داوای ئاماری قوربانیەکانی ساڵێکی ئەو شارەدەکەن بەهەندێک زانیاریەوە ، پاش چەند خولەکێک لەلایەن خانمە پزیشکێکەوە لیستی قوربانیەکان تەسلیمی ئەبوعابد ئەکرێت و بەخێرایی دەگەڕێنەوە بۆ کۆشەکەکە و پاش پشویەکی کەم لە حەوشەکەدا لەتەنیشت حەوزەگەورەکەدا دەڵێ:سەحاف ئەمڕۆ دەمەوێت باسی شتێکی گرنگت لەگەڵ بکەم ، سەحاف بەگرنگی پێدانەوە تەماشای ناوچاوی دەکات و ئەنساری دەڵێ ئەمڕۆ توند و تیژیەکان و قوربانیەکانی یەک ساڵی ئەم شارەت بۆ شی دەکەمەوە ، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئاگاداری ئەوە بێت کە لەشارێکی ئاوەهادا چەندە مرۆڤی مەترسیدار و جەهەنەمی هەیە . ئیشەکەی من بۆ کۆکردنەوە و لەناو بردنی ئەو کەسانەیە کەشارەکان بەخۆیانەوە جەنجاڵ دەکەن و دەبنە مەترسی بۆ سەر تەواوی مرۆڤایەتی ، ئەو کەمێک تەماشای لاپەڕەکانی دەستی دەکات و پاشان تەماشای سەحاف دەکات و دەڵێ هاوڕێ لێرە نوسراوە، کە لەماوەی ئەمساڵدا یازدە گەنج بەمەستی و بەشەڕەبتڵ گیانیان لەدەست داوە، هەشت گەنج لەلایەن کەس و کار و خزمانیانەوە کوژراون ، چوار ژن و پیاو لەلایەن منداڵەکانیانەوە کوژراون، بیست و پێنج ژن و کچ لەلایەن مێرد و باوک و براو خزمانیانەوە کوژراون، بیست و نۆ ئینسان لەنێو گروپە مافیاییەکاندا بەدەستی مافیاکان کوژراون، جگە لەمانە بیست مرۆڤیش

خۆیان کوشتووه . ئەها بەهمەن تەماشاکە تەنها لەساڵێکدا نزیکی سەد کەس بەتوند و تیژی مردوون و لەپشتی ئەمانیشەوە سەدانی تر هەیە کە بوونەتە هۆی مردنی ئەمانە و سەدانی تریش لەمرۆڤی توند و تیژ هەیە کە دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە بۆ ئەنجامدانی توند و تیژی ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئێمە مرۆڤی زەمەنێکین کە هەزاران کەس لەتەنها شارێکدا ئامادەی مردن و کوشتنی ئەوانی دیکەن، ئەم ئەنجامەش زۆر مەترسیدارە کە مرۆڤ هەست بکات ئەو شارەی لێی دەژی، هەزاران کەسی مەترسیداری تیایە. ئەوە مەترسیدارە کە هەزاران کەس لەشارەکاندا هەبن کە ئامادەی مردن و کوشتنی خەڵک بن.

ئەو کە قومێکی لە شەرابە سورەکەی دەستی دەدا و مژێکی قوڵی لە جگەرەکەی دەستی دەدا و بەهێواشی دەڵێ هاوڕێم ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە گەمژەیی باڵی کێشاوە بەسەر ژیاندا، واتە تەنها ئاین نیە کە مرۆڤ گەمژە دەکات، ئەوە کۆمەڵگا و پەروەردەی خێزانی و یەک دونیا شتی تریش هەیە کە دەستیان هەیە لەگەمژەبونی مرۆڤایەتیدا، ئەم ئامارە ئەوەمان پێدەڵێ کە مرۆڤایەتی لەمەترسیدایە بەهۆی توند و تیژی مرۆڤەکانیەوە ، کارەساتەکە لەوەدایە کە ئەمساڵ لەچاو ساڵی ڕابردوو سەدان قوربانی زیادی کردووە واتە هەستی توند و تیژی ئینسانیەت زیادی کردووە، کێشەکە لەوێدایە ئەگەر حسابی وڵاتەکە بکەین ئەوا دەیان هەزار کەس هەیە هەستی توند وتیژیان بەهێزە و ئەگەر حسابی چەند ساڵێکی تر بکەین ئەوا توند و تیژی

تەواو باڵدەکێشێت بەسەر ژیانی ئینسانەکاندا، کارەساتە ئەم هەموو ئینسانە ژیان دۆست نین و نائومێدن لەژیان و هیچ هیوا و ئومێدێکیان نیە و ئامانجێکیان بەدەستەوە نیە بۆی بژین، ئەوە ترۆپکی ترسناکیە کە مرۆڤ ئومێدی بەدەستەوە نەمێنێت، ئاخر مرۆڤ هەرکات نائومێد بوو لەژیان هەمووکارێکی شێتانە دەکات، بەتایبەت مەرگ و کوشتن و خۆکوشتن لەلای ئاسایی دەبێتەوە.

ئەنساری تەماشای لیستەکەی دەستی دەکات و دەڵێ: سەحاف ئەوە نیشانەی تێکچونی شیرازەی دونیایە، کە ئەم هەموو قوربانیە لەشارێکدا هەیە ، ئیدی مرۆڤایەتی گەشتۆتە ترۆپکی بێنرخ بوونی و مرۆڤ لەبازاڕی ڕیسوایدایە . ئیدی چ ئەوانەی کە کوژراون ، چ ئەوانە کەکوشتونیان و ئەوانەی کە هۆکاری ڕووداوەکان بوون ، چ ئەوانەی کە ئەیانتوانی ڕێگا لەکارەساتەکان بگرن و نەیانکرد، چ ئەوانەی کە دەیانتوانی مردنەکان دوابخەن و نەیانکرد، چ هەموو ئەوانەی کە ئاگاداری کارەساتەکانن و دڵیان ڕانەچڵەکاو باکیان بەمەرگی مرۆڤەکان نەبوو، هەموویان لەتای یەک ترزاودان و هەموو مرۆڤی مەترسیدار و ترسناکن کە باکیان بەمەرگی کەس نایەت، بەتایبەت ئەوانەی کە دەستیان دەچێتە کوشتنی خۆیان، لەهەرە مەترسیدارەکانن، چونکە مرۆڤ کاتێ بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە ، دەتوانێ بیر لەخاپورکردنی دونیا بکاتەوە، مرۆڤ دەستی بچێتە خوێنی خۆی ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێت، دەتوانێت شارێک هەراسان بکات.

بەهمەنی سەحاف بەدەم تەماشاکردنی ئەو کچانەوە

کە لە حەوزە گەورەکەدا یاری و شەڕە ئاو دەکەن دەڵێ: ئەنساری هێندەی لێت تێگەشتبم دەتەوێت ئەوەم پێبڵێی کە ئەم پیاوانە مەترسیدارن و تۆ ئەتەوێت لەناویان بەریت بەدروست کردنی ئەو جەنگە بۆیان ، باشە ئەمەی تۆش جۆرێکی ترسناک نیە لەبەکوشت دانی مرۆڤدا ، بۆچی لێناگەڕێی باخۆیان بەدەستی خۆیان بەسروشتی بمرن، بۆچی تۆ هاتووی مەرگیان پێش دەخەی ؟

ئەبوعابد بەدەم پێک هەڵدانەوە: ئاخر بەو جۆرە نیە ، ئەوانە تەنها بۆ خۆیان نابنە مەترسی ئەوانە چشنی بۆمبێکی چێندراو وان دەبێت ببرێن لەشوێنێک پوچەڵ بکرێنەوە، وەک نەخۆشی ئایدز و نەخۆشیە گواستراوەکان وان ، دەبێت دوور بخرێنەوە لە کۆمەڵگاکانیان، ئەوانە مرۆڤی ئاسایی نین لێیان بگەڕێین تا بە ئاسایی بمرن ئاخر ئەوان بەهێواشی و لەسەر جێگادا نامرن، دوور نیە تا نزیکی مەرگ دەبنەوە هەزاران کەس توشی گرفت بکەن، پێویستە ئەمانە ڕووبــەڕوی جەنگێک بکرێنەوە و بەجۆرێک لەجۆرەکان کۆتاییان پێبهێنرێت، ئەگەر جەنگێک نەبێت سەرکێشی و توانا و هێزیان سەرف بکەن ئەو هێزە شەڕانگێز و توندو تیژ و ڕقەیان بەکۆمەڵگاکانیان دەڕێژن، ئەوانە کۆمەڵێک مرۆڤن کە پڕ کراون لەڕق، کە ڕقی هەندێکیان پیرۆزە ، کە هەندێکیان قوربانین و بەرگی جەللادیان لەبەر کراوە، هەندێکیان کەروێشکن و بەهەڵە لیباسی شێریان لەبەر کراوە، ناکرێت لێیان بگەڕێین کە ئەم هەموو هێز و تاقە و ڕقەیان لەسەر شەقام و کوچە و کۆڵانی شارەکاندا خاڵی

بکەنەوە، ئیشی من ئەوەیە دووریان بخەمەوە لەئاوەدانی ، دوریان بخەمەوە لەو مرۆڤانەی کە بەعیشقەوە بۆ ژیان دەژین و لێویان پڕە لەپێکەنین و بەئومێدەوە بۆ ئامانجێکی جوان دەژین. ئەها تەماشای ئەو کچانە بکە تەماشا ئەوانە نان و ژیانیان لەناوگەڵی خۆیاندایە ، بەڵام هێشتا نائومێد نەبوون و دەمیان پڕە لەپێکەنین و بەعیشقەوە بۆ ژیان ئەژین و جگە لەخۆیان هەزاران مرۆڤی تر خۆشحاڵ دەکەن.

سەحاف دەڵێ: ئەنساری خۆزگە جۆرێکی کە خەڵکیان خۆش حاڵ دەکرد ، بەهەرحاڵ بالەوە گەڕێین، ئەدی گروپە ئاینیەکان چی لێدەکەی ؟

ئەبوعابد مژێکی قوڵ لەجگەرەکەی دەستی دەدات و دەڵێ: هەموو ئەمانە لەگەڵ گروپە ئاینیەکان و گروپە ئاینیەکان لەناوخۆیاندا جەنگێکیان بۆ دروست دەکەم دواجار کەس ئەوسەری مەسەلەکە نەبینێت، بەجۆرێک ئەو جەنگە دروست دەکەم ، کە هەموو دونیا بەنهێنی هەم توند ڕەوی ئاینی بنێرێت بۆ جەنگ و هەمیش سەرباز و ئەم مرۆڤە سەرلێشێواوە نەخۆشە توندڕەوانە بنێرێت بۆ کوشتنی ئاینزاکان . بەم جۆرە سەرشانی جیهان سوک دەبێت لە توندڕەوی ئاینی و غەیرە ئاینی.

ئەبوعابدی ئەنساری بەردەوام دەبێت لەسەر قسەکانی و دەڵێ: بەهەمەن ئیشی من تەنها لەناو بردنی مرۆڤە ئەهریمەنیەکان نییە، من دەمەوێت مێژووی ئاینەکان بسڕمەوە، چی پیرۆزی و خورافیاتەکانە لەناوی دەبەم، نەخشەی گەمژەیی ڕۆژهەڵات لەناوبەرم، گومەزەکان

خاپوور دەکەم، ئەفسانەی ئاینەکان تەفروتونا دەکەم، من ئەمەوێت شانازی بۆ مرۆڤە گەمژەکان نەهێڵمەوە، شانازی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بریتیە لە کۆمەڵێ قەڵاو گومەز و مەعبەد و پەرستگا و هەندێ دیوار و بەرد و داری بێبنەما و شتی هیچ، شتی بێبنەما و خاک و خۆڵ و شتی بێنرخ، من هەموو ئەو شانازیانە لەناو دەبەم، ناهێڵێم چیدی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی شانازی بە دار و دیوارەوە بکات، ئەمەوێت ڕۆژهەڵات ڕزگار بکەم لە پاشماوەی خوداکان، ڕزگاریان دەکەم لە بێمانایی و گیرۆدەبوون بە پاشماوەی خوداکانەوە، ئیشی من ئەوەیە ئەو خودا بەسەر چووە بکوژم و سێبەری بەسەر دونیاوە نەهێڵم و ڕۆژهەڵاتیەکان فێربکەم کە لەبری ڕابردوو تەماشای داهاتوو بکەن، گەمژەکان هەمیشە لەڕابردوودا ئەمێننەوە و زاناکانیش چاو بۆ داهاتوو دەگێڕن.

پێکێکی تریش لە شەرابە سورەکە دەدات و دەڵێ: بەهمەن من دەمەوێت مرۆڤایەتی بیرلە پێشی خۆی بکاتەوە، ئەوە من ئازار دەدات ببینم مرۆڤەکان بەگەمژەیی دەژین و هەر بیر لەو شتانە دەکەنەوە کە لەڕابردوودا هەیانبووە، من وادەکەم واز لە چیرۆکە ئەفسانەییەکان بێنن و پیرۆزی خوداکان لەخۆیان داماڵن.

سەحافی دۆست ئەو خودایەی کە لەگەردوندا دەپەرسترێت، بەخودای ئاینە ئاسمانی و ئاینە دەستکردەکانیشەوە بەئاشکرا دیارە کە خودایەکی داتاشراوە و بەرهەمی فیکری مرۆڤێگەلێکی بچوکە، ئەگەر دەقە ئاینیەکان بەوردی بخوێنینەوە بەتایبەت ئاینە ڕۆژهەڵاتیەکان بەئاشکرا لەو

ڕاستیه تێدەگەین کە پیاوێکی دیکتاتۆر دایڕشتووە، پیاوێک هەموو شتێکی لەبەرژەوەندی ڕەگەزەکەی خۆی نوسیووە و ئاینی تەنها بۆ خۆی داڕشتووە و بەناوی خوداوە چی لەبەرژەوەندی خۆی بووە نوسیویەتی، پیاوێک کە خۆی کردووە بەخودای ژن و هەمووشتی بۆ خۆی بەحەڵاڵ داناوە و بۆ ژنی حەرام کردووە، یەک دونیا سنوری بۆ ژنەکان داناوە، تەنانەت بە حەرامیشی داناوە تاڵێک لەپرچی دەرکەوێت. دەقێکی دوورو درێژی تەرخان کردووە بۆ کۆت و بەند بۆ ژنەکان و هەر بەوەشەوە نەوەستاوە چەند بڕگەیەکی تەرخان کردووە بۆ لێدان لەژن واتە پیاوی سەرپشک کردووە لەوەی کە لەژنەکەی بدات.

ئەمە ئەوپەڕی سوکایەتی کردنە بە ئینسان لەلایەن خودا داتاشراوەکانەوە، ئەمە گاڵتە کردنە بەخودا و بە ئینسانیش، مەگەر کەسێک زۆر نەفام بێت بڕوا بەخودایەکی هێندە بچوک بکات، خودایەکی هێندە بچوک کە ڕێگابە پیاو بدات کە لەژنەکەی بدات، ناچێتە ئەقڵەوە خودا شتی وابکات، چۆن دەکرێت باوکێک کوڕو کچی هەبێت و ڕێگا بەکوڕەکەی بدا کە لە کچەکەی بدات، ئەمە خودایەکی بچوک کراوەی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە، مرۆڤ بەهێندەی خەیاڵی بچوکی خودای خەڵق کردووە و خوداکانی زەمین بەرهەمی ئەقڵی سەردەمەکانی مرۆڤایەتین.

سەحافی برام ئەمەیان تا سنورێک زۆر گرنگ نییە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە لەدەقێکی دیدا ئەو خودا بچوککراوەیە دەڵێت لەهەموو گوناهێک خۆش دەبم جگە لەو گوناهەی

کە شەریکم بۆ بدۆزنەوە، خودا باس لەوەدەکات کە لەو کەسانە خۆش نابێت کە لەبری ئەو شتی دیکە دەپەرستن، ئەمە چ هەڕەشەو چ ترسێکی خودایە، باشە بۆچی خودا ئەترسێت نەیپەرستن، خودا ئەبێت لەچی بترسێت؟ یان ئەوەترسی ئەو مرۆڤە بچوکەیە کەخودای دروست کردووە، ئەوە ترسی ئەو دیکتاتۆرەیە کە لەدیکتاتۆری خۆیەوە ئەرکی دیکتاتۆرانەشی خستۆتە سەرشانی خودا و چەشنی دەسەڵاتدارێکی دیکتاتۆر کە بەمیللەتەکەی دەڵێ: چی دەکەی بیکە بەڵام نزیکی سیاسەت و دەسەڵات و حومکڕانی مەکەوە، ئەمە ڕێک ترسی دیکتاتۆرێکە لە ئینقلاب و ڕاپەڕین و شۆڕش، ئەمە خودا نییە دەسەڵاتدارێکی ترسنۆکە ئەڵێ: ئاساییە دونیا کاول بکەن من ئەتوانم لێتان خۆش بم بەڵام نزیکی کورسیەکەی من نەکەونەوە، لەسێدارەتان ئەدەم، هەمیشە دیکتاتۆرەکانی دونیا ئەوە دەکەن کە بەناوی خوداوە نوسراوە، هەرکەس باس لەکورسیەکەی بکات یەکسەر ڕووبەڕووی مەرگی دەکاتەوە،

بەهمەنی سەحاف من ئەم خودایە دەکوژم، ئەم خودایەی کە کۆپی عەقڵی پیاوێکە، پیاوێکی دیکتاتۆرکە کاتێک ئەم خودا گچکەیەی داتاشیووە تەنها لەوە ترساوە کە خوداکەی بەخودا نەزانرێت و نەپەرسترێت، لەوەترساوە لەبری خوداکەی ئەو شتی دیکە بپەرسترێت، لەبەر ئەوە توند ترین سزای بۆ ئەوانە داناوە کە نایپەرستن و شتی دیکە دەپەرستن، سزای توندی بۆ ئەوانەش داناوە کە دەیپەرستن و لەپەرستنی پەشیمان دەبنەوە، دروستکەری ئەم خودایە

زۆر ترساوە کەسانێک لەدوورەوە بەبێ زانیاری پەیوەندی بەم خودایەوە بکەن بەڵام کاتێک لەنزیکەوە ناسیان و دەقەکانیان خوێندەوە لەنەبونی و بچوکی و لاوازی دڵنیابن بۆیە توندترین سزای بۆ ئەوانە داناوە کە دەیپەرستن و پەشیمان دەبنەوە.

ئەو بانگی دوو کچ دەکات و فەرمانیان پێدەکات کە شان و ملی بشێلن، دووکچ لەوپەڕی جوانیدا لەحەوزەکە دێنەدەرەوە و هەر بە نیمچە ڕوتی و تەڕی دێن بەدەم خەندە و ناز کردنەوە دەست دەکەن بە شێلانی شانەکانی و ئەبوعابد دەڵێ: بەهمەن من ئەبێت ئەم خودایە بکوژم، دەبێت ئەو خودا خوێناویە بکوژم، ئەو خودایە کە بڕوای بەخوێنڕشتن و کوشت و بڕین و چی و چی هەیە. ئیشی من کوشتنی ئەو خودا بچوکەیە کە شانازی بەکوشتنی بێباوەڕانەوە دەکات، فەرمان دەردەکات بۆ کوشتنی ئەوانەی کە باوەڕی پێناکەن، ئەها بەهمەنی سەحاف ئەمە لەئەقڵی بچوکی مرۆڤێکەوە نەبێت لەکوێوەیە، کە فەرمان دەردەکرێت هەموو ئەوانە بکوژن کە بڕوا بەم خودایە ناهێنن، لە ئایەتی ئەنفالدا هەر بەکوشتنەوە ناوەستێت، فەرمان بەبڕواداران دەکرێت کە پیاوەکانیان بکوژن و لەگەڵ ژنەکانیان ڕابوێرن و ملک وماڵەکانیان بۆ خۆتان بەرن، چ لۆژیکێک ئەم خودایە بەخودا ئەزانێت، ئەمە جگە لەفەرمانی جەنگاوەرێکی توڕەی سەرشێتی داخ لەدڵ لەوشەی هیچ کەسی تر ناچێت، خودا چۆن ئەبێت فەرمان بەخەڵک بکات و بڵێت بیانکوژن، لەگەڵ ژنەکانیان ڕابوێرن و ماڵ و سامانیان بۆخۆتان بەرن، ئەمە

تەنها لەبەر ئەوەی کە بڕوای پێناکەن، باشە ئەگەر خودا خودای ڕاستیە با ئیمان لەدڵیاندا بچێنێت و ئیدی فەرمان نەکات بەکوشتنیان، ئەمە فەرمانێکی دیکتاتۆرانەی عەقڵی مرۆڤێکی گچکەیە کە فەرمان دەردەکات هەموو نەیارەکانی بکوژرێت، فەرمانێکی هیتلەر ئاسایە، کە ئەوەی ملکەچی نەبوایە دەبوو بکوژرێت، ئەمە خودا نیە کە پەیامبەرەکە ڕاسپێرێت و بڵێت: نامە بۆ هەموو پادشاکانی ناوچەکە بنێرە با من بپەرستن، بەڵام ئەگەر منیان نەپەرست هێرشیان بکەنە سەر و ناچاریان بکەن من بپەرستن، بەهمەن ناچێتە ئەقڵەوە خودا لەوە بترسێت کە نەیپەرستن، باشە نەدەکرا خودا بڵێت ئاگاداریان بکەنەوە لەبوونی من و ئەگەر منیان نەپەرست دەستیان لێهەڵگرن لەڕۆژی دوایدا خۆم سزایان دەدەم.

ئەم خودایە لەهەزار شوێندا دژی خۆی ڕاوەستاوە لەلایەک فەرمان دەردەکات بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی و لەلایەکی تریش دۆزەخ و بەهەشتی داناوە و دەڵێت: ئەگەر هەموو سەرئەرز من بپەرستێت یان نەمپەرستێت بۆ من یەکێکە و کەچی فەرمانی کوشتنیشی دەرکردووە و دۆزەخیشی داناوە بۆ ئەوانەی کە بێ فەرمانی دەکەن باشە کە لەسەر زەوی بە جەنگاوەرەکانی سزای مەرگیان دەدات، ئیدی ئیشی دۆزەخ و سزای ڕۆژی دوایی چییە.

کچەکان بەردەوام دەبن لەشیلانی و ئەو دەڵێ: بەئاشکرا دیارە کە ئەم خودا داتاشراوە بانگەشەی ڕشتنی خوێنی نەیارەکانی دەکات، وەک ئەوەی خوداکە ڕۆڵی ئاغایەک

بگێڕێت و بڕیار بدات ئەوانە لەناوببرێن کە بەئاغای نازانن. بەهەمەنی سەحاف ئەم خودایە لەگەڵ ئەقڵ و ژیری یەکناگرێتەوە و ناتوانرێت پەیوەندیەک لەگەڵ جوانی و ئەم خودا ڕۆژهەلاتیەدا بدۆزرێتەوە، گرفتی زۆری لەگەڵ هەموو چەمکەکانی هونەردا هەیە. لەگەڵ ئەدەب و چەمکەکانی ئەدەبدا لەجەنگدایە، ئەگەر پیاوانی ئاینی ئەم خودایە دەسەلاتیان هەبێت، هەموو شاعیرەکان خەڵتانی خوێن دەکەن، نوسەران لەخاچ دەدەن، تابلۆ هونەریەکان دەسوتێنن، مۆزەخانەکان خاپووردەکەن، مۆسقارەکان پارچەپارچە دەکەن، ئەگەر یاساکانی ئەم خودایە بچەسپێنین، دەبێت جوانیەک نەهێڵینەوە.

لەم ئاینەدا دەبێت ئەوەی بیری کردەوە بیکوژین، نابێت گۆرانیەک بگوترێت، نابێت پەیکەرێک دروست کرێت، نابێت وێنەیەک بکێشرێت، نابێت ڕۆمان و چیرۆکێک بنوسرێت، گەر ئەم خودایە وەک خۆی قبوڵ بکەین دەبێت سەرجەم زانکۆ و پەیمانگاو قوتابخانە هونەریەکان داخرێن و کەس باسی جوانی و هونەر و ئەدەب نەکات.

ئەمەش وێنەی خودایەکی دیکتاتۆرە کە دەڵێت جگە لەکتێبەکەی من بۆتان نیە نزیکی هیچ شتێکی تر بکەونەوە. خودایەکی دیکتاتۆرە کە هەمووشتێک بەحەرام دەزانێت جگە لەشتەکانی خۆی، کارەساتە مرۆڤ لەهەموو کتێبەکان دوور کەوێتەوە تەنها یەک کتێب بخوێنێتەوە کە بەحساب کتێبی خودایە. ئەمە چ دیکتاتۆریەتێکە، کە زانست و هونەر و ئەدەب و جوانی ڕەد ئەکاتەوە و دونیایەک یاسای توند

بۆ خەڵک دادەنێت.

ئەبوعابد کچەکان ئیزن ئەدات و خۆی ڕێک دەکاتەوە و دەڵێ: بەهمەن من ئەمەوێت وەک زەنگێکی ئاگادار کردنەوە، دونیا لەمەترسیەکانی ئاین ئاگاداربکەمەوە، دەمەوێت مێژووی خوێن و نابوتیەکان دووبارە بکەمەوە، دەمەوێت وەک فیلم سازێک وەک سیناریستێک بەرجەستەی هەموو ڕووداوە مێژوویە ئاینیەکان بکەم، ئەمەوێت ڕووداوەکانی پێش هەزاران ساڵ بەرجەستە بکەمەوە، مرۆڤی ئەم سەردەمە بیریان چووە کە خوداکەیان چۆن سەری هەڵداوە و چۆن گەشەی کردووە و چۆن دروست بووە، من بیری خەڵکی دەخەمەوە کە ئەم خودایە ئێوە بەمیهرەبان و ڕەحیمی دەزانن بەخوێنی سەری مرۆڤەکان گەشەی کردووە. من ئەوە بیری مرۆڤایەتی دەخەمەوە کە ئاین بەنوکی شمشێرە ژەنگاویەکان بووە بەم ئاینەی ئێستا.

بەهمەنی سەحاف من دەبم بە زللەیەک بۆ ڕوومەتی دونیای مرۆڤایەتی، من لەزەبری زللەیەکەوە دەڵێم خودا لەنوکی شمشێری گەمژەکانەوە داکەوتووە، من بەرجەستەی ڕووداوەکان دەکەم، سەری بڕاوی خەلیفەکان دووبارە ئەکەمەوە کەچۆن لافاوی خوێنیان هەڵساندووە لەپێناو خودایا دەسەڵات و حوکومڕانی خۆیاندا، ئەمەوەێت شێوازی بڵاوبونەوەی ئاین و ڕوبارێک خوێن دووبارە کەمەوە.

ئەو پێکێکی تر لە شەرابەکە هەڵدەدات و دەڵێ: هاوڕێ من هیچ ناکەم تەنها هاتووم وەک دەرهێنەری شانۆگەریەک ڕووداوەکان و مێژووی خوداوەند و دەقەکان وەک خۆی

بەرجەستە کەم. من تەنها ئەو دەقانە بەرجەستە ئەکەم کە بەناوی خوداوە نوسراوون و ئیشی لەسەر کراوە، ئیدی وەک هەزار و چوار سەد ساڵ پێش ئێستا بڕیاری مەرگ بۆ هەموو ئەوانە دەردەکـەم کەبەخەلیفەم نازانن، هەموو ئەوانە لەناو دەبـەم کە پەیوەندیم پێوە ناکەن، دونیا لەو خەوی خەفڵەتە وەئاگا دێنم و نیشانیان ئـەدەم کە خودا چەندە مەترسیدارە بۆ سەر مرۆڤایەتی. هیچ ناکەم جگە لەبەرجەستە کردن و جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی کە بەناوی خوداوە نوسراوون. فەرمانەکانی جیهاد و غەزا و داگیرکاری وڵاتان و دەست بەسەراگرتنی سەروماڵی ناوچە غەیرە دینیەکان و کوشتنی ئەوانەی کە بڕوا بەخودا ناکەن. من ئەو دەقانە بەرجەستە ئەکەم کەلای خەڵک پیرۆزەو هەزاران ساڵە وێردی سەر زوبانیانە بەبێئەوەی هیچی لێ حاڵی بووبن. ئەمەوێت دوونیا وەئاگابێنم.

بەهمەنی سەحاف من دونیا لەو خـودا بچوککراوەیە وەئاگادێنم کە کۆمەڵێک کەس وەک نوێنەری خۆیان بە مرۆڤی سەرەتایی و نەخوێندەوار ناساندووە و ئەو خەڵکە هەژارەیان فریوو داوە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ئێستاش ئەو فریوودانە بەردەوامە و دیسانەوە وەک سەردەمی بەرد، وەک سەردەمی ئەشکەوت خەڵک خۆی کردووە بەنوێنەری خـودا و پیـرۆزی ئاسمانەکان بەخەڵک دەفرۆشێت. من ئەمەوێت کاریگەری ئەو خودایە لەسەر دوونیا نەهێڵم.

دەمـەوێت قۆناغ بەقۆناغی گەشەکردنی ئـەو خودایە بەرجەستە بکەم، دڵنیام کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کۆمەڵگا

ڕۆژهەڵاتیەکان توشی شۆک دەکەم، کاتێک دەزانن خوداکەیان جگە سێبەری پیاوێکی دیکتاتۆری نەخوێندەوار هیچی دیکە نەبووە. دەمەوێت دونیا بزانێت کەخوداکەیان ئەو شتەی ئەوان بەپیرۆزی دەزانن هەزاران ساڵ پێش ئێستا بەم جۆرە گەشەی کرد، کەمن ئیشی لەسەر دەکەم، دەمەوێت بڵێم خوداکەیان بەنوکی شمشێر و لافاوی خوێن گەشەی کردووە.

ئەو شەوە ئەبوعابدی ئەنساری زۆر دەخواتەوە، هێندە ئەخواتەوە بەهمەن و دووپاسەوانی دەیبەنە شوێنی نوستنەکەی، دوای دووڕۆژ بەهمەن بەنیازە باسی شتێکی گرنگ لەگەڵ ئەنساری بکات، حەز دەکات هەوڵێکی بچوکی لەگەڵ بدات، دەیەوێت لەکوشتنی خودا پەشیمانی بکاتەوە، ئەنساری بانگێشتی بەرزترین کێوی ناوچەکە ئەکات، ئەیەوێت چەند شەوێک لەسەر کێوێک بەسەر بەرن، وەک ئەوەی کە ئەبوعابدیش دەمێک بێت حەز بەگەشت و گەڕان بکات و خۆی بۆ گەشتێکی لەم شێوەیە ئامادە کردبێت، سەری ڕەزامەندی بۆ پێشنیارەکەی سەحاف دەلەقێنێت و لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا هەموو پێداویستی گەشتەکە لەگەڵ خۆیان دەبەن و بەئۆتۆمبیل تاوەکو دامەنی شاخەکە دەیانبەن و لەوێوە دوو کۆڵەپشتی گەورە هەڵدەگرن و بەڕێدەکەون و لەیەکەم هەنگاودا بەهمەنی سەحاف دەڵێ:

ئەنساری باشە ئێوە بۆ لێناگەڕێن تا ئەم خەڵکە خودایەکیان هەبێت . بونی خودایەک لەدڵی خەڵکدا چ ترسناکیەک لەدڵی ئێوەدا دروست دەکات، خودای خەڵک چ

زیانیَ بەناخوداکەی دڵی ئێوە دەگەیەنێت، نوێژی خەڵک چ زەرەرێک بەخاڵی بونی دڵی ئێوە دەگەیەنێت، بۆ لێناگەڕێیت خەڵک خودایەکی هەبێت، بۆ هێندە دوژمنایەتی خودا دەکەیت، رۆژووی خەڵک کەی سەری لەچلێسی ئێوە تێکداوە، تۆ دەتوانی زەمەنی رۆژووی خەڵک مەرکانەیەک ئاو بخۆیتەوە، دەتوانیت لەکاتی نوێژەکاندا رووبکەیتە بیابانێک، دەتوانی هەرگیز روونەکەیتە قیبلەی بڕواداران، زیکری بڕواداران چ زیانیَ بە پێکەنینی تۆ دەگەیەنێت، دوژمنایەتی ئێوە بۆ خودا چ جادوویەکی تیایە، لێگەڕێ باخەڵک خودایەک لەدڵیاندا بژی و تۆ بەبیَ خوداییەکەی خۆتەوە بژی ، کیَ گوتی پێویستە هەموومان خودامان هەبێت، یان هەموومان بەبیَ خودای بژین.

ئێوە بۆ ڕەخنە لە خەڵک دەگرن، بۆ جوێن بەخوداکەی دڵی خەڵک دەدەیت، کە خۆت دەزانیت هەموومان بەڕەنگە جیاوازەکانەوە جوانین. تەماشاکە ئەی ئەوە نیە گەردونیش پڕیەتی لە شتی دژبەیەک ، تەماشای ئاسمان و زەوی بکە، شەو و ڕۆژ، خۆر و مانگ، تاریکی و ڕوناکی، کەوابوو دەبێت سەر ئەم هەسارەیە خوداناس و بێخوداشی لێبێت، ئیدی تۆ بۆ دەستت دەهێنیت بۆ کوشتنی خودای خەڵک و، خودای دڵی خەڵک گوناهی چیە ئەگەر بێخوداییەکەی دڵی تۆ توورە بووبێت.

من تێناگەم ئەوە چیە وادەکات تۆ بتەوێت خوداکەی دڵی ئەم خەڵکە بکوژیت و بڕواداران بۆ دەیانەوێت جەنگ لەگەڵ بێخوداییەکەی دڵی تۆدا بکەن، بۆ لێناگەڕێی بـڕواداران

بەخوداکەی خۆیانەوە دانیشن و تۆش بەبێ خوداییەکەی خۆتەوە بژیت و هیچ جەنگێک لەنێوان بڕوادار و بێبڕوادا ڕوونەدات. بۆچی لەسەر بون و نەبوونی خودا ئێوە یەکتری بکوژن، ئەوە کەی کێشەیە خودا هەبێت یان نەبێت.

ئەو خودایەی کە دەپەرستریت هەمووانی لەیەک مەعدەن دروست کردووە ئەویش خاکە کەوابوو و تۆ و بڕواداران یەکسانن بەیەک و تەنها جیاوازیەک لەنێوان و تۆ و ئەواندا هەیە ئەویش بون و نەبونی خودادایە، ئەوەش کێشە نیە ئەگەر سوکایەتی بەیەکدی نەکرێت، ئەگەر یەکدی نەکوژن ئەگەر کارتان بەسەر یەکدیەوە نەبێت ، خودا دەڵێت: بەهەشت و دۆزەخم دروست کردووە و دەتوانن هەڵیبژێرن ،ناڵێت سوکایەتی بەوانە بکەن کە دۆزەخ هەڵدەبژێرن ، ناڵێ ئەوانە بکوژن کە بۆ دۆزەخ دەچن ، ئەی بێ خوداییەکەی تۆ چیدەڵێت ، ئەی ئەو کوێی بۆ کەسانێک دروست کردووە کەنایانەوێت دوای مەرگ کۆتاییان پێبێت ، ئەی ئەو دەڵێت سوکایەتی بەخوداکەی دڵی خەڵک بکە ، ئەو ڕێگات دەدات خودای دڵی عالەم بکوژیت . دەزانی ئەگەر بەهەشت و جەهەنەم نەبێت چی ڕوودەدات، دەزانی ئەگەر لەترسی جەهەنەم و بۆ بەهەشت نەبێت خەڵک چی لەیەکتر ئەکات؟

ئەبوعابدی ئەنساری: لەپاش کورتە پێکەنینێک دەڵێ: دەمزانی ئەم گەشتە ئاسایی نابێت، هەوڵ ئەدەم ڕێگات بدەم لەوپەڕی ئازادیدا ئەوەی ئەتەوێت بیخەرە ڕوو بەڵێن بێت ئەگەر توانیت قەناعەتم پێبێنیت سوژدە بۆ بچوکترین ئاین و خوداش ئەبەم. بەڵام بەهمەنی سەحاف

گومان دەکەم تۆ ئەو وشانەت خوێندبێتەوە کە بەناوی خوداکەتەوە بڵاو کراوەتەوە، ئەو قەدەغەی کردووە جگە لەخۆی کەست خۆش بوێت، ئەڵێت ئەوەی منی نەپەرست ئەتوانن بیکوژن، ئەوە چ یاریەکی سەیرە خودا مرۆڤی تەنها بۆ ئەوە دروست کردبێت تا بیپەرستێت، ئەوە چ بێماناییەکە خودا دەڵێ: ئەوەی منی پەرست و پەشیمان بوویەوە بۆتان هەیە لەناوی بەرن، ئەوانەی منیان نەپەرست ئەتوانن هێرشیان بکەنە سەر و پیاوەکانیان بکوژن و ژن و کچەکانیان بەرن بۆخۆتان و ماڵەکانیان تاڵان بکەن بۆ خۆتان، ئەم هەرگیز ناچێتە عەقڵەوە کە قسەی خودا بێت، ئەمە ئەو پەڕی بچوککردنەوەی خودایە، بەهەمەن خودا ئەگەر گەردوونی دروست کردبێت چ پێویستی بەم شتە بچوکانەیە، ئەم وشانە لەلایەن عەقڵێکی بچوکەوە نوسراوە، کەسێکی عەسکەری و جەنگ خواز کە پێی وابووە بە هێزی شمشێر و جەردەیی و ڕاوڕووت وسێکس دەتوانێ دوونیا داگیر بکات، ئەگەر خودایەک هەبێت هەرگێز ئەوەندە بچوک نیە، هەرگیز خوێن ڕشتنی ناوێت، هەرگێز بەلایەوە گرنگ نیە کە خەڵک بیپەرستێت یان نەیپەرستێت.

ئەبوعابد بەدەم ڕێگاوە بەردەوام ئەبێت لەسەر قسەکانی و دەڵێت: بەهەمەن خودا تەنها وەهمێکە کۆمەڵێک کەس کەژیریان کەمێک لەخەڵکانی ئاسایی بانتر بووە دروستیان کردووە بۆ ترساندنی میللەتەکانی خۆیان، مرۆڤی کۆیلە هەمیشە پێویستی بەگەورەیەکە بەسەر سەریەوە چاودێری بکات، مرۆڤی گەمژە لەئازادی ئەترسێت و پێویستی

بەئاغایەک هەیە، پەیامبەرەکان خۆیان و خودایان کردووە بە ئاغای چاودێر بەسەر خەڵکەوە.

جەهەنەم و بەهەشتیش جگە لەویژدانی مرۆڤەکان خۆیان هیچی دیکە نییە، مرۆڤ ئەگەر کاری باش ئەنجام بدات بەهەشت بەدەست دێنێت، بەو مانایەی کە ئازاری ویژدان ناچەژێت و وەک ئەوەیە لەبەهەشت بێت بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە کاری خراپی ئەنجامدا ئەوا بەئازاری ویژدانەوە دەتلێتەوە و هەست بەدۆزەخ دەکات، ئیدی هیچ بەهەشت و دۆزەخێک لەئارادا نییە، ئەوەی هەیە تەنها و تەنها ویژدانی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام پەیامبەرەکان نەیانتوانیوە ئەمە بۆ خەڵکی عەوام و خەڵکی ئاسایی ڕونکەنەوە و هاتوون بۆ ڕێگری لەخراپە خەڵکیان بەئاگری دۆزەخ ترساندووە و بۆ هاندانی چاکە باسی جۆگەلەی شیر و هەنگوینی بەهەشتیان کردووە. تەنانەت شەیتانیش دیووی دووەمی ئینسان خۆیەتی، ئەو هەستە شەڕانگێزەی مرۆڤـ خۆیەتی و لەو سەردەمانەدا پەیامبەرەکان نەیانتوانیوە ئەو باسە دژوارە ڕونکەنەوە، نەیانتوانیوە بۆ ئەو خەڵکە دواکەوتووەی بسەلمێنن کە شەیتان دیووی شەڕانگێزی و شومی و جەنگاوەری ئینسانە، نەیانتوانیوە بڵێن شەیتان خودی دیووە تاریکەکەی مرۆڤە، ئەگینا بەپێی چیرۆکە ئاینیەکان، شەیتان سەرەتا فریشتە بووە، بەحساب لەخودا یاخی بووە، دواتر خودا ڕێگای داوە تا کۆتایی خەڵک لەخشتە بەرێت. پاشان ئینسان بووە بەدووبەشەوە، بەشی چاکە و بەشی خراپە، بەشی چاکە بەرخودا کەوتووە و

بەشی خراپەش بەر شەیتان کەوتووە، بەهمەن تۆ تێبینی دوو شتت کردووە؟

یەکەم خودا خۆی ڕێگای بەشەیتان داوە و دووەمیش ئەگەر وەها بێت چاکە لای خودا بێت و خراپە لای شەیتان بێت، کەواتە شەیتانیش بەقەدەر خودا دەسەڵاتی هەیە، ئەمەش دژی پەیامەکانی خودایە کە دەڵێ: بەبێ ڕەزامەندی من پەپولەیەک باڵی ناجولێنێت. کەواتە گەردوون لەلایەن خوداو شەیتانەوە بەڕێوە دەچێت، خودا بەشی چاکە و شەیتان بەشی خراپە، ئەمەش ناچێتە ئەقڵەوە، دەبوو پەیامبەران لەبری ئەم هەموو حیکایەت هۆنینەوە و ترساندنی خەڵکە هەوڵیان بدایە، ئەو دیوە شەیتانیەی مرۆڤ ڕوون بکەنەوە، هەوڵی ئەوەیان بدایە کە هانی مرۆڤ بدەن کە زاڵبێت بەسەر دیووە ئەهریمەنیەکەی خۆیدا، ئەوەیان شیتەڵ بکردایە کە مرۆڤـ دوو دیووی هەیە، دیووی ئینسانی و دیووی شەیتانی. ئیدی شەیتان و دۆزەخ و بەهەشت و خودا واهیمەی سەری پەیامبەرەکانە. ئەگەر بەپێچەوانەی قسەکانی منەوە خودایەک هەبێت هەموو شتێک لای ئەوە، چاکە و خراپە دەستی ئەوی تیایە.

ئەوان کەمێک هیلاک دەبن و لەسێبەری دارێکی سروشتیا لادەدەن و بەهمەنی سەحاف دەڵێ: بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەزانی نەبونی خودا لەم نیشتیمانەی ئێمەدا چەندە مەترسیدارە، دەزانی چەندە ترسناکە ئەگەر کەسێک بیسەلمێنێت کە خودا بونی نیە، ئەم خەڵکە هەزاران ساڵە ڕاهاتوون کڕنوش بۆ خودایەک بەرن، ڕاهاتوون ستایشی

خودابکەن، ئەم خەڵکە بەبێ خودا هەڵناکەن، ئەوان ئالودەی خودا پەرستی بوون.

دەزانی لێرە هەمووشتێ بۆ ڕەزامەندی خودا ئەنجام دەدرێت ، من بۆ ڕەزامەندی خودا سڵاوت لێدەکەم، بۆ ڕەزامەندی خودا خۆشەویستی دەکەم، بۆ ڕازی کردنی خودا ژن دەهێنم، سوباس گوزاری خودا دەژێم، بۆ تاقیکردنەوەی خودا لێرەم، تۆ دەزانی ئێمە لەپێناوی خودایا هەمووشتێ دەکەین، دەزانی ئەگەر لەبەر خودا نەبێت پێویست ناکات سڵاوت لێبکەم، ئەگەر خودا نەبێت ئیدی کێ ئاگای لێت بێت کێ دەست بەباڵتەوە بگرێت ، دەزانی خودا چەندە پێویستە ، دەزانی ئەگەر خودا بونیشی نەبێت دەبێت ئیمە لەگەمژەکانی بشارینەوە، دەزانی ئەگەر گەمژەکان بزانن خودا بونی نیە چ دەکەن ، من گومانم لە ئەقڵی تۆ هەیە ، ئەتەوێت ژیان لەمە ناشیرین تر ببێت ، ئیمە خودایەکیشمان لە دڵماندا هەڵگرتووە و هێندەش نەگریسین تۆ جارێک لەخۆت نەپرسیوە ئەگەر ئەو خودایە لەدڵماندا بکوژیت چ کارەساتێک ڕوودەدات. دەزانی ئێمە ئەگەر لەبەر ڕزامەندی خودا نەبێت نوقڵێک نادەین بەدەست منالێکەوە ، ئەگەر لەبەر خاتری خودا نەبێت نانێک بۆ هەژارێک ناکڕین.

دەزانی ئێمە تەنانەت لەبەر ڕەزامەندی خودا دایکی خۆمانمان خۆش دەوێت چونکە خودا ڕێزی لێناوە ئەگینا فڕێمان دەدایە دەرەوە ، دەزانی تەناتەت خوداکەشمان بەهەشتی خستۆتە ژێر پێی دایکمان کەچی هەندێکمان هێشتا فڕێی دەدەین ، ئیستا تۆ بانگەشەی بێ خودایی دەکەیت و

هەست ناکەی نەبونی خودا چەند مەترسیدارە ، ناترسی کەپیر بوویت فڕێت دەنەدەرەوە ناترسیت ئەگەر نەخۆشی سەر جێگابوویت کەس هاوکاریت نەکات.

بەهمەن بەردەوام ئەبێت لەسەر قسەکانی و وەک ئەوەی سەدەیەک بێت خۆی بۆ ئەم وتوێژە ئامادە کردبێت دەڵێ: ئەنساری تۆ نازانی ئێمە لەترسی خودا هاوسەرگیری دەکەین و لەترسی خودا منداڵەکانمان پەروەردە دەکەین چونکە خودا لیمان دەپرسێتەوە، تەنانەت ژنێک لەبەر ڕەزامەندی خودا خۆی بەپیاوێک دەبەخشێت و پیاوێک شەوانە فەرمانی خودا لەگەڵ ژنەکەیدا بەجێدەهێنێت، ئەگینا هەر شەوەی لەگەڵ ژنێک ڕۆژی دەکردەوە، ژنەکانیشمان دڵی پیاو ڕازی دەکەن کە تامردن لە ئامێزی یەک پیاودا دەمێننەوە .

دەزانی نەبونی خودا یانی چی؟ یانی باپیرم و باپیرت هەڵەبوون، یانی ئەگەر تۆ مردی دایکت هیچ ئومێدێکی بەبینینەوەت نەمێنێ، تۆ چ زەرەرێک دەکەیت دایکم خودایەکی لەدڵدا بێت و لەهەمووخۆشی و ناخۆشیەکدا پەنای بۆ بەرێت و لەنائومێدیدا ئومێدی دەست کەوێت. ئایا ئەوە هیچ گرفتێکی تیایە؟

ئەوان پشویان دەردەچێت و کۆڵەپشتەکان لەکۆڵ دەکەنەوە و بەرەو لوتکەی چیاکە دەکەونەوە ڕێ و پاش چەند هەنگاوێک ئەبوعابدی ئەنساری دەڵێ: دەزانی بەهمەن دروستکردنی خودا ئەو بەردەیە کە گەمژەکان خستیانە ژیانەوە و بەهەزاران زاناو بیرمەند لەیەخەی ژیان نابێتەوە، هەرشتێک لای گەمژەکان بوو بەخوو، بوو بەنەریت و

تەقلید ئیدی ئاسان ناسڕێتەوە. دەزانی خوداپەرستی وەک خوو گرتووی جگەرە کێشان وەهایە، مرۆڤ سەرەتا بۆ گاڵتە نەفەسێک لەجگەرەی هاوڕێکەی دەدات، ڕۆژی دواتر ئەیکات بە دوو نەفەس، پاشان نیو جگەرە دەکێشێت، دواتر هەر بۆ گاڵتە جگەرەیەک و دوان و سیان دەکێشن و ئالودەی جگەرە کێشان دەبن و توشی هەزار دەرد و نەخۆشیان ئەکات و ناتوانن وازی لێبێنن، بەهمەنی برام ئاینیش وەهایە سەرەتا مرۆڤ ئاگای لەهیچ نیە لەسەر پێناسەکەی ئاینی باب و باپیری دەنوسن، پاشان زۆر منداڵە بەزۆر دەستووره ئاینیەکانی فێردەکەن، دواتر وردە وردە ڕادێت بەداب و نەریت و یاسا ئاینیەکان، دواتر وەک جگەرە کێشەکە ئالودەی ئەبێت و دواجار شەڕیشی لەسەر دەکات و ئەو یش بەزۆر منداڵەکانی لەسەر هەمان ئاین ڕادێنێت بەبێ ئەوەی کەسێک لەنیوەی ڕێگا ڕایوەستێت و بڵێت تۆ ئەبێت ئاینەکان بخوێنیەوە و بە عەقڵ ئاین وەرگریت، وەک ئەوەی لەدوای هەزاران میل ڕێگا ڕۆشتنی وەرزشکارێک ڕایوەستێنیت و بڵێیت ببورە تۆ ئەبێت بگەڕێیتەوە سەرەتای ئەم ڕێگایە و تابلۆکە بخوێنیتەوە چونکە بەڕێگایەکی هەڵەدا هاتووی ئەمەش ئەستەمە و کەس ئامادە نیە بگەڕێتەوە.

لەدیوێکی تریشەوە بەهەمەنی برام هەرگیز ئەو پرسیارەت بەمێشکا هاتووە کە ئایا بۆچی مرۆڤی زانا دونیایەک زانست و زانیاری و شتی گرنگ لە ئایندا ئەدۆزێتەوە و مرۆڤی گەمژەش تەنها گەمژەیی و ئازار و نابوتی فێر ئەبێت، بۆنمونە گەمژەکان تەنها ئەتوانن لەئایندا

باسی جەنگ و جیهاد و ڕیش و ژن و هەندێک شتی بێ ناوەڕۆک بکەن ؟

بەهەمەنی سەحاف: ئەوە ئاشکرایە بەپێی سەرەتایی ترین وەڵام ئەتوانین بڵێین ئاین هەموو شتێکی تیایە و هەموو مرۆڤێک بەهێندەی ئەقڵ و پێویستی و توانای خۆی شتی تیا ئەدۆزێتەوە، وەک دەریایەک وەهایە کە هەرکەس دەچێتە سەری بۆ پێویستی خۆی بەکاری دێنێت، یەکێک تینویەتی، یەکێ ڕاوە ماسی تیا ئەکات، یەکێ گەشتیارە و بەبەلەم بەناویا ئەگەڕێ، یەکێ سەفەری تیا ئەکات و هەشە گوی تێدەکات. وەڵامەکەم ڕوونە؟

ئەبوعابدی ئەنساری کەمێک هەنگاوەکانی هێواش ئەکاتەوە و دەڵێ: ئەشێ ئەم وەڵامە بۆ کەسێک کە مێشکی خۆی گوشی بێت و بڕوای بەهەمووشتێک هەبێت کەباس لەئاین بکات ئاساییە. بەڵام بۆمن نا من ناتوانم قەناعەت بەم شتانەی تۆ بکەم. مرۆڤ وەک خودی خۆی و بەقەدەر ئەقڵی خۆی لەدین و خودا تێدەگات، واتە بەهەمەن مرۆڤ هیچ لەدەقەکان تێناگات هیچ لەئاین تێناگات، هیچ لەخودا تێناگات، ئەوەی ئیسفادەی لێدەکات تەنها ئەقڵی خۆیەتی، مرۆڤ تەنها سود لە ئەقڵی خۆی دەبینێت بۆ تێگەیشتن لەهەموو شتەکان ئیدی ئەم ئەقڵەش هەرچی تیابێت وەک ئاوێنە بەئاین و خودا و شتەکانی ئەبەخشێت و دواجار هەست دەکات لەو ئاینە یان ئەو خودایەی وەرگرتووە بیری چووە کە وەک وێنەدانەوە خۆی بەو شتەی بەخشیوە، ببورە بەهمەن کەمێک شتەکەم قورس کرد، ئەمەوێت بڵێم

هیچ شتێک لەو دەقانەدا نییە، ئەوەی هەیە عەقڵی مرۆڤ خۆیەتی خۆی گەمژەیی و ژیری خۆی بەو دەقانەوە هەڵدەواسێت، گەمژەیەک خودای هەبێت و نەیبێت هەر گەمژەیە زانایەکیش هەروایە خودا لەشوێنێکی تره کاتێک ئەو زانستی هەیە، بۆ نمونە هەندێک شیعری دێرین هەن چەندین سەدە پێشتر نوسراون و تائێستاش توێژەران شتی نوێی تیا ئەدۆزنەوە، زۆر جار ئەوە شیعرەکە نییە گرنگە و پەیام و چەمک و شتی گرنگی تیایەو لێکۆڵەران ئێستا پەی پێدەبەن، نا بە پێچەوانەوە ئەوە لێکۆڵەرەکەیە زانستێکی پێیە و بەپێی ئەقڵی خۆیان شتی نوێ لەو دەقانەدا ئەدۆزنەوە، تەنانەت هەندێک شاعیری دێرین خۆشی نەیزانیووە چی نوسیوە کەچی ئێستا لێکۆڵەران شیعرەکانی پۆلێن دەکەن و بەپێی پێشکەوتنی ئەدەبیات و ئێستای شیعر مانا و دەلالەتی نوێی پێدەدەن، ئەوە هێزی دەقەکان نییە هێزی لێکۆڵەرانە شتی نوێ لەو شیعرانەدا ئەدۆزنەوە. بەمانایەکی ڕونتر دەقە پیرۆزەکانیش دەکرێت شیعری پەیامبەران بن و ئێستا گەمژە و زانا بەئەقڵی نوێ و خۆیان شتی تیا ئەدۆزنەوە و پیرۆزی پێدەبەخشن.

کەمێک هەناسەی سوار ئەبێت و بەئاستەم دەنگ هەڵدەبڕێت و دەڵێ: وەک ئەوە وەهایە تۆ بچیتە بەردەم ئاوێنەیەک و بڵێی ئەمە ئاوێنەیەکی جاویدانییە، بڵێی ئەی ئەوە نییە هەموو شتێکی تیایە تەنانەت منیش، خۆی لەڕاستیدا ئەوە گرنگ نییە چی تیایە، ئەوە گرنگە چی لەبەردەمدا وەستاوە چونکە تەنها ئەوەی تیایە کە لەبەردەمیدا

وەستاوە، ئەگەر تۆ لەبەردەم ئەو ئاوێنەیەدا ڕانەوەستایتایە هیچی تیا نەئەبوو، خاڵی ئەبوو، کەمێک ڕادەوەستێت و بەهیلاکیەوە دەڵێ: بەهمەن دەقە پیرۆزەکانیش ئاوەهان هیچیان تیا نییە، ئەوانە گرنگن کە لەبەردەمیدا ڕادەوەستن، زۆر جار بەپێچەوانەی ئەمەوە قسە دەکرێت، دەگوترێت، ئاین بێ خەوشە ئەوە مرۆڤەکانن نابوتی دەکەن، بێخەوشی ئاین ئەوەیە کەهیچی تیانییە وەک کاغەزی سپی وایە ئەوە مرۆڤەکانن جوانی یان نابوتی پێدەبەخشن، بانگخوازەکان جوانیەکانی ئاین ئەبەستنەوە بەخوداوە و نابوتیەکانیشی ئەخەنە ئەستۆی شەیتان و مرۆڤەکان، خۆی لەخۆیدا ئەگەر ئاین گرنگ بوایە دەبوو جوانی و نابوتیشی تیا بوایە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە ئاین چەشنی ئاوێنەیەکە کە هەرچی لەبەردەمیدا ڕاوەستێت هەر ئەوە نیشان ئەدات، گەمژەیەک گەمژەیی خۆی تیا ئەبینێت و زانایەک زانایی خۆیی تیا ئەدۆزێتەوە.

ئەبوعابدی ئەنساری: جاریکی دیکە بۆ پشوو وەرگرتن دادەنیشێتەوە و سەحافیش لەتەنیشتی دادەنیشێت و ئەنساری لەو پەڕی هیلاکیدا پاڵدەداتەوە بەدارێکی ئەستوورەوە و پاش چەندین خولەک دەڵێ: سەحافی برام هەمیشە مرۆڤەکان لەبچوکی خۆیانەوە بەدوای شتێکی گەورەدا دەگەڕێن تا هەست بە ئەمان بکەن، تەنانەت ئەگەر من و تۆ هیلاک بین لوتکەی ئەو کێوەمان لێدەبێت بەخودا ، ئەگەر برسیی بین نانمان لێدەبێت بە ئاین، هەر چەشنی بتپەرستی کە مرۆڤ بتی لە خورما دروست دەکرد و دواتر

دەیپەرست، ئەو خودایەش کە تۆ باسی لێوە دەکەیت هەمان بتە کە مرۆڤ بۆ لاوازی خۆی دروستی کردووە، ئەگەر مرۆڤ هەستی بەمەزنی خۆی کرد هیچ پێویستی بەخودا نیە، ئەگەر مرۆڤ ویژدانی هەبوو، ئینسانیەتی فامی، ئەگەر هەستی بەئازار و جوانی و ناشیرینی کرد ئیدی پێویستی بەخودا نیە، هەمیشە تەمبەڵەکان خودایەک بۆ خۆیان دادەتاشن تا ئیدی بیر نەکەنەوە، تا هەمووشتەکان بدەنە پاڵ خودا و ئیدی بەئیسراحەت قاچی لێڕاکێشن، بەشی زۆری خوداناسەکان خودایان بۆ ئەوەیە تا ئیدی زەحمەت نەخەبەر خۆیان و باسی هەرچی کرا ئەوان بڵێن خودا ئەیزانێت.

بەردەوام ئەبێت و دەڵێ: بەهمەن تەمبەڵی ئێمە لەوێدایە کە ناتوانین وەڵامێک بۆ مەحاڵەکان بدۆزینەوە کاتێک پرسیارمان لێدەکرێت کە کێ ئێمەی دروست کردووە و ئێمەش لەتەمبەڵی خۆماندا ناچارین بگەڕێینەوە لای خودا، ئەکرێ وەڵامان بۆ هەموو مەحاڵەکان هەبێت دەکرێت بڵێت وەک چۆن خودا لەخۆیەوە هات و ئێمەی دروست کرد ئەکرێت ئێمەش لەخۆمانەوە هاتبین. یان هەر دەکرێت وەڵامی پرسیارەکانیش نەدەینەوە و پەنا نەبەینە بەر خودایەکی داتاشراو، دەکرێت ئێمەش بیانووی بینینی ئەو خودایە بگرێت، ئەسڵەن ئەوە نالۆژیکی ترین شتە کە مانای چییە خودا خۆی لە عەبدەکانی دەشارێتەوە. خودایەک کە هەمووشتەکان لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵیدا بێت ئیدی لەچی دەترسێت بۆچی خۆی دەشارێتەوە.

ئەنساری بەردەوام دەبێت و دەڵێ بەهمەن ئەوە لوتکەی

گەمژەییە مرۆڤ لەترسی خودا باش بێت لەترسی خودا تاوان نەکات و لەترسی خودا ئەخلاقی هەبێت، ئاخر هیچ مرۆڤێک ناتوانێت هەمووتەمەن خودا لەدڵی خۆیدا هەڵگرێت، نا کەس ناتوانێت پارێزگاری لەخوداکەی ناوخۆی بکات، ئەگەر لەبەر خودا تاوانی نەکرد، هەر رۆژێک دێتە پێشەوە کە خوداکەی ناوسەری خۆی لەبیردەکات و دەست دەکات بە تاوان کردن، مرۆڤ دەبێت لەبەر مرۆڤایەتی و ژیان و سروشت و جوانیەکان و پاراستنی جوانیەکان تاوان نەکات، ئازاری کەس نەدات، دەکرێت بۆ جوانتر کردنی ژیان مرۆڤ چاکە خواز بێت، دەکرێت ژیان وەک کەشتیەک سەیر بکەین و بۆ ئەوەی هەموومان لەئارامیدا بین دەکرێت کون نەکەینە ئەو کەشتیەوە.

لەوێدا سەحاف هەست دەکات پێویستی بە چاخواردنەوە هەیە، هەست دەکات ئەو سروشتە پێویستی بەوە هەیە چایەکی تیا بخۆیتەوە، هەندێک وشکە دار کۆدەکاتەوە و قۆری و پیاڵە و شەکر و چادەردێنێت و لەماوەی چەند خولەکێکدا چایی بۆ خۆی و ئەبوعابد دروست دەکات و ئەنساری سەرسام ئەبێت بەو خێراییەی، لەگەڵ چا خواردندا ئەنساری دەڵێ: باشە بەهمەن ئەگەر مرۆڤ هەمووشت بۆ خودا بەجێبهێڵێت و هیچ بیرنەکاتەوە ئەی ئەقڵ ئەکەوێتە کوێی هاوکێشەکانەوە، ئەگەر خودا هەمووشتێکی بڕیبێتەوە، کاری ئێمە لەسەر زەمین چییە، ئێمە چ دەکەین لێرە، بۆ بەم هەموو ئەقڵ و کەماڵ و زانینەوە خوڵ□قاوین؟ ئەم هەموو حەزە چییە لەئێمەدا خوڵقاوە؟ ئاساییە هەموکەس

خودایەکی لەدڵدا هەبێت،

ئاخر ئـەم هەموو جەنگە چییە لەنێوان خـودا ناسان و پێغەمبەران و ئاینزاکاندا، بۆچی ناکرێت هەریەکەمان خـودایـەکـی دڵـی خـۆمـان بپەرستین و کەسمان گرنگی بەخودای کەسمان نەدەین، دەکرێت مرۆڤ واز لەخورافەو خودا بهێنێت و وەک ئینسان بژی بۆچاکەی ئینسان بژی و هەوڵەکانی بۆ باشترکردنی ژیان بێت.

بەهمەنی سەحاف لەدوای چای سێیەمەوە دەڵێ: بەڵام ئەبوعابد تۆ خەریکی شتێکی دیکەی تۆ خەریکی ناشیرین کردنی ژیانی، خەریکی لافاوی خوێن هەڵدەستێنێت، دەست ئەخەیتە دڵی ملیۆنان مرۆڤەوە ئەتەوێ خودای ئەو هەموو خەڵکە بکوژی، دەسـت درێـژی ئەکەیتە سەر بـڕوای ئەو هەموو خەڵکە، سوکایەتی بەپیرۆزیەکانیان ئەکەی، پێتوایە تۆ چیت، تۆ کێی؟ ئیزنت لەکێ وەرگرتووە، وا ئەتەوێت کون بکەیتە کەشتی ژیان.

ئەبوعابدی ئەنساری: نا هاوڕێ من ئەمەوێت سنورێک بۆ گەمژەیی ئاینی دانێم، دەشێت هەموو ئەوانەی لەم شۆرشەی مندا دەکوژرێن، بەهێندەی دووساڵی توندووتیژی ئاینی بێت لەجیهاندا، من ئەمەوێت بەخێراییەکی زۆر کۆمەڵێک خەڵکی کەم بکەم بەقوربانی لەپێناو هەموو مرۆڤایەتیدا، کۆمەڵێک کە هەر خودی خۆیان زیادەن لەژیاندا، هاوڕێ ئەبێت کەسێک لەنیوەی ڕێگا ئەم کاروانی گەمژەییە ڕاگرێت. ئەگەر ڕانەگیرێت ملیۆنان ساڵی دیکەش جەنگ لەسەر ئەوە دەکرێت کەبۆچی خەلیفەکەی ئەوان یەکەم نەبووە و

خەلیفەکەی ئەمان لەسەر چی کوژرا.

بابەتێکی تریش کە زۆر شت هەڵدەگرێت، وشەکانی خودایە کە خودا هەندێک کتێبی هەیە هیچی لە وشەی خودا ناچێت، جارێ لەزۆربەیاندا کەسی یەکەم کە خودایە قسە نات کەسی دووەمی تاک قسە دەکات، هەندێک جاریش بەکۆ قسە کراوە، چۆن دەکرێت خودا سوێند بەخۆی بخوات، خۆی بەناوی خۆیەوە سوێند بخوات و بەزمانی کۆ بڵێت ڕزق و ڕۆزیمان پێدان، ئەمە دیارە کەسێک بەناوی خوداوە قسەدەکات، کەسێک کە زانیاریەکانی لەمرۆڤی ئاسایی تێناپەڕێت، بینینەکانی لەبینینی ئاسایی زیاتر نییە، مرۆڤێکی بیابانی و دەوار نشین، زۆربەیان ئاوەهان زانیاریەکانیان هی سنوری زانینی مرۆڤی ئاساییە، بۆ نمونە تەنها باسی ئەو شتانە کراوە کە لەسنوری جوگرافی و بینینی پەیامبەرەکەدا هەبووە، خودا باسی شتێک ناکات لەبینینی خۆیەوە، تەنها باسی ئەو شتانە دەکات کە لەسنوری زانیاری پەیامبەرەکاندایە، ئەوە بینینی خودا نیە بۆ شتەکان بۆ بابەتەکان، بەڵکو ئەوە بینینی پەیامبەرەکانە بۆ دونیا و گەردوون، ئەو دواین قوم لەچای سێیەم دەدات و دەڵێ: بەهەمەن خودا لەکتێبەکانیدا تەنها باسی ئەو شتانە ئەکات کە لەنیشتیمانی عەرەب و لەزێدی پەیامبەرەکانیدا هەیە باسی درەختێک شاخێک شارێک ناکات کە لەسین هەبێت، باسی ڕووەکێکی قاڕەی قوتبیی باشوور ناکات.

بەهمەنی سەحاف لەناو خاک و خۆڵ و کورتە گیاکاندا بەڕاکشاوی بێ ئەوەی ئاوڕباتەوە بۆلای ئەنساری دەڵێ:

هەست ناکەی ئەمانە وشەی سواون، هەندێک شتی بچوکن لەسەرەتای ئاینەکانەوە تا ئێستا فەیلەسوفەکان کاری لەسەردەکەن و هێشتا نەیانتوانیوە بوونی خودا ڕەد بکەنەوە، ئەوە کەی کیشەیە تۆ لە ئایەتیک تێنەگەیت ، ئەوە چ کێشەیە کە لەچاوی تۆدا ئایەتێک جوان نەبێت ، خۆ ناکرێت خودا بەویستی دڵی تۆ قسەی کردبێت، ناکرێت تۆ هەموو وشەکانی پێغەمبەران و خودات بەدڵبێت، ئەوانە کەی هەڵەن، هەڵەی گەورە ئەوەیە کە ئەو پیاوانەی کە ڕۆژانی هەینی دەچن بۆ مزگەوت و بۆ نوێژ تێکڕا بۆ مەیخانە و مەلها بچوونایە، دەزانی ئەو پیاوانە لە بەرخودا ، بەڕەوشتن و مەی نانۆشن و ناچنە مەلهاکانەوە و قومار ناکەن و ئەخلاقی خۆیان ڕادەگرن . ئەوە هەمووی بۆ ڕەزامەندی خودایە، دەزانی ئەگەر ئەوو پیاوانە رۆژانی هەینی لەبری مزگەوت بۆ مەیخانە بچونایە چ کارەساتێک درووست دەبوو، دەزانی ئەو کات چەند پیاو بە شەڕە چەچۆ دەمرد و چەند گەنج بەگوللەی دەمانچە تیا دەچوو، دەزانی لەگەڕانەوەی ئەو پیاوانەدا چەند کەس توشی ڕوداوی ئۆتۆمبیل دەبوو، چەند تەرم دەبرانە نەخۆشخانە، چەند کێشە ڕووی لە دادگاکان دەکرد و چەند یاساو نەخۆشخانەیان بەخۆیانەوە خەریک دەکرد. هەست ناکەی دوونیا بەم فرەڕەنگیەوە جوانە هەندێک خودای هەبێت، هەندێک نەیبێت، هەندێکی تر مشک بپەرستێت و هەندێک سوژدە بۆ مانگا ببات، ناکرێت هەموومان لەمەعبەد بین و ناشکرێت هەموومان ڕوو لەمەیخانە و باڕو تیاترۆخانەکان بکەین، دەکرێت مرۆڤایەتی

دابەش بێت بەسەر ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکاندا.

ئەبوعابدی ئەنساری: سەحاف سوێند بەدار و بەردی ئەم شاخە، سوێند بەبڵندترین لوتکەی ئەم کێوە منیش تەنها ئەوەم ئەوێت، من هاتووم تا ئەوخودایە بکوژم کە بانگەوازی تاک پەرستی و دیکتاتۆری ئەکات، ئەو خودایەی کە دەڵێت جگە لەمن نابێت هیچ شتێکتان خۆش بوێت، ئەو خودایەی کە دەڵێت: ئەوەی منی نەپەرست بیکوژن، ئەوەی پەشیمان بویەوە لەپەرستنی من بیکوژن، من ئەو خودایە دەکوژم کەدەڵێت: هێرش بکەنە سەر میللەتان و ناچاریان بکەن کە منیان خۆش بووێت، ئیشی من ئەوەیە ئەو خودایە لەناوبەرم کە ژنەکان ئەکات بە کەنیزەک و ماڵ و حاڵی کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێک حەڵاڵ دەکات، ئەو خودا داتاشراوەی کەکابرایەکی نەخوێندەوار دروستی کرد و دواتر فرۆشتیەوە بەدونیا.

بەهمەنی سەحاف ئاگری چاکە ئەکوژێنێتەوە و خۆڵ ئەکات بەسەر سکڵ و خەڵوز و خۆڵەمێشەکەدا و خۆیان کۆدەکەنەوە و بەرەو لوتکەی چیاکە بەڕێدەکەونەوە بەهەمان ڕێگەی پێشوودا و لەگەڵ یەکەم هەنگاودا ئەڵێ ئەنساری برام، هەست ناکەی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێمە پێویستمان بە خودا هەیە، نازانی خودا لێرە چەندە پێویستە، ئەگەر واش بێت و کابرایەکی نەخوێندەوار خودای داتاشیبێت بۆ میللەتێکی گەمژە، ئیدی ئێستا گەمژەی دونیای تەنیوە و هەمان خودا بەکەڵکی دونیا دێت، ئەگەر وایە بۆچی نیوەی دونیا دوای کابرایەکی نەخوێندەوار دەکەوێت، بۆچی ئاینێک لەشارۆچکەیەکی لاتەریکەوە، لەبیابانێکەوە دەگاتە

ئەو سەری دونیا ... تەنانەت ئەگەر خودا بونیشی نەبێت و بسەلمێت کە خودا جگە لەوەهمێک هیچی دیکە نییە، هێشتا پێویستە رۆشنبیران و بێخوداکان یەکەم کەس بن کە خودایەک بۆ ئەو خەڵکە داتاشن، چونکە زۆرینەی مرۆڤ ئەخلاق ناناسێت، بەڵام کەگوتت خودا ئیدی لەترسدا لە پەل و پۆ دەکەون، هەست ناکەی خودایەک بۆ ئەوانە زۆر پێویستە.

ئەبوو عابدی ئەنساری: پێویستە تۆ چاوت بکەیتەوە و ئەقڵت بەکار بهێنی ، ئەگەر ویژدانت هەبوو، ئەگەر ئەقڵت هەبوو، ئەگەر ڕەوشتت هەبوو، ئەگەر هەست و نەستت هەبوو، ئەگەر دڵ و چاوت هەبوو، ئیدی ئەگەر خوداشت نەبوو ئاساییە، بەلام کێشەکە لەوێدا دروست ئەبیت ئەگەر تۆ هەموو ئەوانەت نەبوو، تەنها خودات هەبوو، ئاسایی نیە و کارەساتە، چونکە دەشێت بە هەڵە لەئایەتیک تێبگەیت و من بکوژیت، بەڵام لە نەبوونی خودادا زیان بەمن ناگەیەنیت.

ئەو بەردەوام دەبێت لەسەر قسەکانی و دەڵێ: بەهەمەنی سەحاف زۆر بەکورتی باسی پەیامبەرانت بۆ دەکەم، باسی مێژووی پەیامبەران، حیکایەتی ئیبراهیم کەسەرچاوەی پێغەمبەرایەتییە، پاشان موسا کە نەوەی ئیبراهیمە لەسەر کێوی سینا نوسراوێکی خودای پێدەگات و گوایە پێی ڕادەگەیەنن کە بووە بە پەیامبەر، لەدوای ئەویش عیسا و موحەمەدیشی بەدوایا دێت، لەتەوراتدا پەیامی خودا بۆ کەسایەتیە مەزنەکانە، بۆ پەیامبەران و پادشاکان، لە ئینجیلدا خودا هەموو فێرکاریەکانی، هەموو دەق و وشەکانی بۆ

مەسیح ناردووە، بەڵام لەقورئاندا خودا وشەکانی بۆ هەموو خەڵک دەنێرێت. ئەمە چ گاڵتە جاڕیەکە خودا سێ دەق بۆ سەرزەوی دەنێرێت هەریەکە بەجۆرێک و هەریەکە و یەک دونیا جیاوازیان لەنێواندا هەیە، وەک ئـەوەی کە کۆلکە نوسەرێک نوسیبێتی، نوسەرێکی ناشی.

ئـەوان لەلوتکەی چیاکە نزیک دەبـنـەوە و بەهمەنی سەحاف دەڵێ ئەنساری: ئەگەر هەمووان خودایان نەبیت زیان بە مرۆڤایەتی دەگات ، دەزانی ئەگەر ئەو ملیۆنان پیاو و ژنەی کە ساڵانە بۆ حە ج و عەمرە دەچن ئەو کات بۆ کوێ دەچوون دەزانی . دەزانی لە نەبوونی خودایا ئارامی مرۆڤایەتی دەشێوێت و متمانە نامێنێت، لە نەبوونی خودایا ئەگەر کچێک لە بیابانێک وون ببێت و پیاوێک بیباتەوە بۆ ماڵەوە چی ڕودەدات، بێگومان لاقەی دەکات، بەڵام ئەوە ترسی خودایە وامان لێدەکات کە ئـازاری کەس نەدەین . ئەوە پەیوەندی بە ئەقڵ و وویژدانمانەوە نیە . پەیوەندی بەترسمانەوە هەیە لەخودا ....

دەزانی ئەگەر منالێک ببێت بەژێر ئۆتۆمبیلەکەمانەوە لە شەوێکی تاریکدا و بەخیرایی بیگەیەنینە نەخۆشخانە لەبەر ئەوەنیە کە هەستی مرۆڤایەتیمان وامانلێدەکات گرنگی بەژیانی مرۆڤێک دەدەین ئەوە پەیوەندی بەترسمانەوە هەیە لەخودا، بەتایبەت مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤی خودا ناس ئەوەی دەیکات لەپێناو خودایا ئەیکات، زۆربەی زۆری مرۆڤەکان لە مرۆڤایەتی و ئازادی و هەستی بەرامبەر تێناگەن تەنها گرنگی بـەوە دەدەن ئـەوەی کە دەیکەن لە پێناو خودایا

دەیکەن.

بۆ لێناگەڕێی تا هەموومان بەخۆشی بژین، بۆ واز لەجەنگ ناهێنن، ئەم خودا ناسی و بێخوداییە چیە وا دونیاتان لەسەر کاول کردووە، لێگەڕێ ژیان بەشی هەموومان دەکات، لێگەڕێ با تاوەکو لێرەین لەبەر ڕەزامەندی خودا و لەداخی خودا کەس نەکوژێت، لێگەڕێ با پێکەوە بژین نە تۆ کارت بەسەر خودای دڵی کەسەوە هەبێت و نەکەس باسی بێخوداییەکەی دڵی تۆ دەکات، لێگەڕێ ئەگەر دواجار خوداکەی دڵی خەڵک ڕاست بوو لەوێ چاومان بەیەک دەکەوێتەوە و ئەگەر بێ خوداییەکەی تۆش ڕاست دەرچوو با لەم ژیانە کورتەی ئێرەدا ئاسوودەبین تۆ دەتوانی کارت بەسەر باوەڕی خەڵکەوە نەبێت.

ئەبوعابدی ئەنساری بەتونێک کە ماندوێتی پێوە دیارە دەڵێ: نا بەهمەنی سەحاف ڕێک بەپێچەوانەوە، ئەگەر من ئەو خودا داتاشراوە ڕانەوەستێنم ئەو سنوور بۆ هەمووشتێک دادەنێت، ڕاستە ڕەنگە لەو ڕێگایەدا جۆگەلەی خوێن بەشارەکاندا ڕاکێشین، بەڵام ئەو جۆگەلەی خوێنە لەلافاوی خوێن باشترە، تۆ دەزانی ئاینەکان لەدروست بوونەوە تا ئێستا هەزاران لافاوی خوێنیان هەڵساندووە، هەزار کوشتارگەیان پڕکردووە لەتەرم، من ئەمەوێت یەک جار لەمێژوودا بەجۆگەلەیەکی خوێن کۆتایی بەو خودایە بهێنم کە پەڵەیەکی ڕەشە بەنێوچەوانی گەردوونەوە، ئەوە من نیم جەنگم هەڵگیرساندبێت بەرامبەر خودا ناسان ئەوە ئەوانەن جەنگ دروست دەکەن و لافاوی خوێن هەڵدەسێنن

کە بەناوی خوداوە نوسراوون. ئەوە من نیم کە کارم بەسەر باوەڕی خەڵکەوە هەیە، ئەوە خەڵکن لەگەمژەیدا ئەژین و من هاتووم قوتاریان بکەم لەو گەمژەییە، من هاتووم بڵێم، باخودا خانەنشین بکەین، خودای بیابان بنێرینەوە بۆ نێو تەپ و تۆزی بیابان، دەریکەین لەخۆمان، دەست بەرداری بین، من هاتووم ئاسەوارەکانی ئەو خودایە بسڕمەوە کە ڕۆژهەڵاتی ویرانکردووە و خوێن لەدار و بەردی ئەتکێت. من دەمەوێت ئەو خودایە بکوژم کە هەزاران ساڵە گەمژەکانی بەرداوەتە گیانی یەکتر .

بەهمەنی سەحاف بەهەنگاوێک خۆی دەگەیەنێتە ئاستی ئەنساری و پێکەوە ڕادەوەستن و بەدەم تەماشا کردنی لوتکەی چیاکەوە دەڵێ: ئەنساری لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تۆ لەهەواد مەلەدەکەیت، تۆ ماسی لەئاسماندا ڕاو دەکەیت، ئەگەر بڕیار بێت ئەو خودایە هەبێت کە تۆ ئەتەوێت بیکوژیت، ئەوا بۆ تۆ ناکوژرێت، چونکە ئەو هەزاران ساڵە لە ئاسمانە وە تازەوی ڕەگی داکوتاوە و ئەگەر پێتوایە بونیشی نیە ئیدی ئێوە چ شتێک دەکوژن؟ وەهەم چۆن دەکوژرێت؟ تۆ ئەتەوێت تەلیسم بکوژیت، ئەتەوێت، سێبەر بکوژیت.

ئەبوو عابدی ئەنساری دەست دەخاتە سەرشانی بەهمەن و بەڕێدەکەونەوە و بەدەم ڕێگاوە دەڵێ: ئاخر نهێنیە گەورەکە لێرەدایە، سەردەمی بتپەرستیش هەر ئاوەهابوو، گەمژەکانی بەشێک لەدونیا خۆیان پەیکەریان دادەتاشی و خۆیان لەماڵ و مەعبەدەکان دایان دەناو دەیانکرد بەخودا و دەیانپەرەست و دواجار دەبوونە عەبدی و کەس نەیدەوێرا

لەگوڵ کاڵتری پێبڵێت، ئەم خودایەی ئێوەش هەمان پەیکەر و بتی دروستکراوی دەستی مرۆڤ خۆیەتی و کەچی دواجار هەر مرۆڤـ خۆشی دەبێتەوە بە کۆیلەی هەمان شت کە خۆی دروستی کردووە، من نەهاتووم بۆ کوشتنی شتێک کە بونی نەبێت، ڕاستە لە جەوهەردا بوونی نیە، بەڵام مرۆڤ بوونی ئەوی لای خۆی چەسپاندووە و جەنگ لەسەر شتێک دەکات کە بەدەستی خۆی دروستی کردووە و خۆی بەسەر خۆیەوە کردوێتی بەشت. میللەتانی گەمژە چەشنی دیکتاتۆرەکان خۆیان خودا بۆ خۆیان دادەتاشن و خۆیان دەکەن بە عەبدی و ئازاری رۆح و جەستەی خۆیان دەدەن و ناویشی دەنێن خودا پەرستی، دروست کردنی خوداش هەر ئاوەهایە سەرەتا لەشتی بچوکەوە دەست پێدەکات، مرۆڤ دەڵێت کڕنوشێکە دەیبەم ئەگەر ڕاستیش نەبێت هیچ زەرەر ناکەم، بەڵام کە بەقوڵی دەچێتە ناو ئاینەکانەوە تەماشا دەکات ئەمە تەنها سوژدەیەک و نوێژێک نیە، تێدەگات ئەمە کۆیلایەتیەکی تەواو بێمانایە، هەست دەکات خودا دەست دەخاتە بچوکترین کاروباری ڕۆژانەی مرۆڤەوە، دەست دەخاتە پەیوەندیەکانەوە، دەست دەخاتە ژیانی تایبەتیەوە، تەنانەت خودا لە ئاینەکاندا تەداخولی چونە سەر ئاویش دەکات، لەبری مرۆڤ بیردەکاتەوە و بڕیار دەدات و چارەنوس و باش و خراپ دیاری دەکات و ئیدی هیچ شتێکی بۆ مرۆڤ نەهێشتۆتەوە، بەقسەی ئاینەکان مرۆڤ جگە لە بوکەشوشەیەکی دەستی خودا کە لەسەرەوە دەست و قاچمان دەجوڵێنێ هیچی دی نییە.

ئەوەش کارەساتە بەهەمەن نابێت مرۆڤ ئەوەندە بچوک و بێدەسەڵات نیشان بدرێت.

بەهەمەنی سەحاف بـەدەم هەنگاوە هێواشەکانیەوە و بەدەم ڕێگاوە بەری درەختێک لێدەکاتەوە و هەندێکیشی ئەداتە دەست ئەنساری و بەدەم خواردنەوە دەڵێ: ئاخر ئەنساری ئـەوە چ تاوانێکە مرۆڤێک وا ئـاسـودە ئەبێت کە خودایەک بخاتە دڵی خۆیەوە کە هیوا و ئومێدەکانی بەخودایەکدا هەڵواسێت؟ چ گوناهێکە دەروێشێک تادەمرێت چاوی لە ئاسمانەو کاروباری خۆشی بەجوانی ڕادەپەڕێنێ؟ سۆفیەک هیچی ناوێت جگە لەخۆشەویستی خـودا، ئەو نەدەترسێت، نە چاوی لەحۆری و جۆگەلەی هەنگوین و شیر و چی و چیە، تەنها شتێکی خۆش دەوێـت بەناوی خوداوە. عاریفەکان هەمیشە لەعیشقێکی زەمینیەوە دەگەنە ئەوەی کە دەست بۆ عیشقێکی ئاسمانی بەرن و کەڵکەڵەی ئەوە دەچێتە سەریان کە بڵێن مادەم لەم زەمینە بچکۆلەیەدا ئـەم عیشقە مەزنە لەدڵی کیژۆڵەیەکدا هەیە دەکرێت لە ئاسماندا عیشقێکی مەزن هەبێت. عیشقێک لەسەر و هەموو عیشقەکانی ترەوە، ئیدی ئەوان دوای ترپەی دڵیان دەکەون، ئایا دوای دڵ کەوتن چ عەیبێکی هەیە؟

ئەبوعابدی ئەنساری قسەکەی پێدەبڕێت و دەڵێ: بەهەمەنی دۆست دوای دڵ کەوتن عەیبی نیە، تەنانەت خۆشویستنی خوداش عەیبی نیە، بەڵام عەیب لەوێدا دروست ئەبێت کە تۆ لەبەر خـودا ئـازاری خۆت و چـواردەورەکـەت بدەیت، ئـازاری خۆت بـدەی لەسەر فەوتانی نوێژێکت، ئـازاری

چواردەورەکەت بدەی لەسەر یاسایەکی خودایی. لەسەر فەرزێکی ئاین لەسەر دەستورێکی هەزار ساڵە، کارەسات لەوێدایە بڵێی خودا ئاوەهای گوت و دەبێت هەمووان ئاوەها بکەن، ئاساییە هەمووان خودایەک لەدڵیاندا هەبێت بەڵام خودایەکی میهرەبان کە بەعەقڵ پێی گەشتبن نەک خودایەکی ناو کتێبە پیرۆزەکان کە کەسانێک لەجوگرافیایەکی گچکەدا دایانناوە و دونیا ناچار دەکەن پەیڕەوی لێبکرێت.

ئەوان ئێوارەیان لێدێت و بەدەم قسە کردنەوە دەگەنە سەر لوتکەی چیاکە و شوێنێک بۆ پشوو و بۆ مانەوەی شەو ئەدۆزنەوە و کۆڵە پشت و ئەشیا و شتەکانیان لەپەنایەک دادەنێن و شوێنێک بۆ خەوتن پاکدەکەنەوە و وردە بەرد و لقی دارەکان لادەدەن و لەپاش پشوویەکی زۆر کاتێک تەواو تاریکی دادێت و ئاگرێکی گەورە دەکەنەوە و ئەبوعابد هەر لەو دەوروبەرە کەروێشکێکی قەڵەو ڕاو دەکات و ئامادەی ئەکات بۆ برژاندن و بەتوڵی دارەکان بەشێکی لەسەر ئاگرەکە دەبرژێنێت،

بەهمەنی سەحاف بەدەم خواردنی گۆشتی کەروێشکەوە دەڵێ: ئەبوعابد هەست ناکەی پەیامبەران بۆ سەردەمەکەی خۆیان، توندووتیژیەکەی لێدەرکەین کاری باشیشیان کردووە، چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی کراوە و بۆ ئەو سەردەمە و ئیستاش سودی باشی هەبووە، بەتایبەت ئاینی ئیسلام بەنمونە بێنینەوە لەو سەردەمەدا کەس گرنگی بە پاکژی نەدەدا، کەس لە دوای خۆخاڵی کردنەوە قونی خۆی پاک نەدەکردەوە، کەس دەست و

قاچی خۆی نەدەشت، کەس لـەدوای جـووت بـوون خۆی نەدەشت، کەس گرنگی بەڕیش و سەر و پێست و موو نـەدەدا، دەوڵەمەند هاوکاری هـەژاری نەدەکرد، یەک پیاو سـەدان ژنـی ڕادەگـرت، منداڵی کـچ زیندەبەچاڵ دەکـرا، دەوڵەمەندەکان کڕین و فرۆشتنیان بەمرۆڤەوە دەکرد و مرۆڤایەتی دابەشکرابوو بۆ چەندین چین کەچینی خوارەوە کۆیلەکان بوون و هەرچی نەشێ بەوان دەکرا. موحەمەد لەو سەردەمەدا هات چاکسازی ڕاگەیاند، هەست ناکەی کاری باشی کردووە.

ئەو لاقێکی کەروێشکەکە لەسەر ئاگرەکە ڕادەگرێت بۆ برژاندن و دەڵێ ئەبوعابد هەست ناکەی پەیامبەر کارێکی باشی کردووە کاتێک نوێژکردنی فەرزکرد لەسەر خەڵک، کە نوێژ سودی زۆر زۆرە، یەکەم مرۆڤ ڕۆژی پێنج جار قونی پاک ئەکاتەوە و دەست و قاچ و دەم و چاوی دەشوات و گرنگی بەپاکژی لەشی خۆی دەدات. دووەمیش خەڵک ئەگەر ڕۆژی پێنج جار هەست بکات بەرامبەر خودایەکی بەدەسەڵات و بینەر و ئاگادار ڕادەوەستێت و قسەی لەگەڵ دەکـات ئیدی دەرفـەتـی ئـەوەی بۆ نامێنێتەوە کە بیر لە کاری خراپە بکاتەوە. فەرمانی کرد کەلەدوای جووت بوون پێویستە خۆیان بشۆن، چونکە لـەدوای ئەو کـردارە لەش ئارەقەیەک دەردەدات کە بۆنێکی ناخۆشی لێوە دێت. زەکات و سـەرفیترەی دامەزراند کە دەوڵەمەندانی ناچار دەکرد هەندێک لەپارەکانیان ببەخشن بەهەژاران، ئەو پەیامبەرە هـات سیستەمی هاوسەرگیری ڕێکخست و گوتی کەس

بۆی نییە لە چوار ژن زیاتر بخوازێت، ئاخر پێشتر هەبوو چوارسەد ژنی خواستبوو، فەرمان درا کەس منداڵی کچ زیندەبەچاڵ نەکات و گرنگی بەڕەگەز نەدرێت، وە هەر ئەم ئاینەش کۆیلایەتی کۆتایی پێهێنا گەرچی بەتەواوی کۆتایی پێنەهات. وە هەموو بتخانە و بتە لەخورما دروستکراوەکان شکێنران و فەرمان درا یەک خودا بپەرستن ئەمەش کارێکی باش بوو ها وانییە؟ هەست ناکەی ئەو پەیامبەرە هیچی نەکردبێت بۆ سەردەمەکەی خۆی و بۆ ئەم سەردەمەش شتی باشی کردووە، ئیستاش زۆر کەس ئەگەر لەبەر خودا و نوێژ نەبێت تاقەتی نییە قونی خۆشی پاک بکاتەوە.

ئەبوعابدی ئەنساری پارچەیەک گۆشت قوت ئەیات و بەدەست دەمی ئەسڕێت و دەڵێ: بەهمەن هەندێک لەوانەی باست کردن شتێکی باشن کە موحەمەد پێشکەشی کۆمەڵگەکەی خۆی کردووە، بەڵام گرفتەکە لەوێدایە کە نەدەبوو بەناوی خوداوە بێت، نەدەبوو چاکسازیەکان ناوی خودای لەسەر بێت، دەکرا پەیامبەر بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەگەشتەکانی و لەئاینە جۆربەجۆرەکانەوە کۆیکردبوویەوە بەتایبەت ئاینی زەردەشتی کە ئەو سەردەمە زۆر ڕێزی لە ئینسان دەنا و جیاوازبوو لەزۆربەی ئاینەکانی دی وکەلەو ئاینەدا یەک خودا دەپەرسترا، دەیتوانی لەبری پەیامبەری وەک فەیلەسوفێک خۆی بەو خەڵکە بناسێنێت و چاکسازیەکان ڕاگەیەنێت، گەرچی ئەوە کەمێک ئەستەم دەبوو، بەڵام لەوە باشتر دەبوو کە ئەو هەموو خوێنە بڕژێت لەپێناو بڵاو کردنەوەی ئاینەکەیدا، دەیتوانی

چاکسازی کۆمەڵایەتی ڕاگەیەنێت و هەرکەس بەگوێی کرد سودمەند ئەبوو هەرکەسیش بەگوێی نەکرد خۆی زیانی بەردەکەوت، نەک هێزی شمشێر بەدەست دروست بکات و شمشێر لەوانە دەربێنێت کە ئاینەکەی بەناڕاسست ئەزانن و خوداکەی بەخودا نازانن، دەبوو وەک فەیلەسوفێکی بیابان خۆی بەخەڵک بناسێنێت، وەک سوقرات و ئەرستۆ و نیچە و چی و چی، وەک مارکیس ئەیتوانی چاکسازی ئابووری ڕاگەیەنێت، وەک غاندی ئەیتوانی پەیامی ئاشتی بەگوێی دونیادا بدات، ئەو زۆر شتی ئەتوانی.

ئەبوعابد پارچەیەکی دیکە لەگۆشتەکە ئامادە ئەکات و ئەیخاتە سەر ئاگرەکە و کەمێک چاوەڕێدەکات و یەک دووجارێک ئەمدیوئەودیووی ئەکات و بەدەم خواردنیەوە دەڵێ: بەهمەنی سەحاف باسی نوێژ دەکەی ئاخر ئەوە چ حیکمەتێکە خەڵک ئەگەر ژیری نەبوو ئەگەر ویژدانی نەبوو، ئەگەر عەقڵی نەبوو رۆژی سەد جاریش بەرامبەر خودا ڕاوەستێ هیچ فێرنابێت و هەست ناکات بەرامبەر خالیقەکەی ڕاوەستاوە و بەڵێنی پێداوە کە هەڵە نەکات، خۆ ئەگەر ئەم حیکمەتە شوێنی خۆی بگرتایە ئەوە لە جیهانی ئیسلامیدا پێویستیان بەهیچ نەدەبوو، کێشەکە لەوێدایە لەم ئاینەدا ئەمەشیان تەنها وەک ملکەچی پێگەشتووە، تەنها مرۆڤ سوژدە بۆ خوداکەی دەبات و بچوکی ملکەچی و گوێڕایەڵی خۆی ڕادەگەیەنێت و ئیدی هیچ سودێکی تر نابینێت، وەک دەستوری کۆمەڵایەتی هەندێک وڵات کە منداڵ بەیانیان کڕنوش بۆ باوک دایکی دەبات و دواتر

لەدەرەوە هەزار هەڵە دەکات، لەم ئاینەشدا نوێژ تەنها بۆ ئەوە دەکرێت کە عەبد ڕۆژی پێنج جار ملکەچی خۆی بۆ ئاغاکەی دەربڕێت و هیچی دی. لەڕوانگەی پاکژیەوە کە زۆربەی بانگخوازەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە پاکژی مەرج و سیمای ئاینەکەیانە و خودی نوێژ ڕۆژی پێنج جار شۆردنی سیمان و هەر چوار پەلە و خۆشۆردنی دوای جیماع وەک بەڵگەی پاکژی باس دەکەن.

ئەبوعابد چاو و ئاو ئەکاتە قۆریەکەوە و دەیخاتە سەر ئاگرەوەکەوە و دەڵێ: بەهمەن دوای گۆشتی کەروێشک خۆشترین شت چایە، دێتەوە سەر قسەکانی و دەڵێ: بەهمەن ئەگەر ڕاستیت ئەوێت دەبوو دینداران شەرم بیانگرێت کاتێک باسی ئەوە دەکەن، کە ئاین پاکژییە، باشە خوداکان ئینسانیان ئەمەندە لەلا پیس و چەپەڵە و ئەمەندە نرخی ئینسان ئەزانن بۆ قون شتن و دەم و چاوشتن و خۆشتن، بەدۆزەخ ئەیترسێن، دەکرێت من بەوە بترسێنن کە ئەگەر دوای جوت بوون خۆم نەشۆم گوناهبار ئەبم، باشە مرۆڤ خۆی نازانێ کەپیس بوو پێویستی بە شتن هەیە، باشە مرۆڤی سەرەتایی ئەوەی نەزانیووە چ دادپەروەریەکە مرۆڤی ئەم سەدەیە بەمرۆڤی سەرەتایی و مرۆڤی بیابان بەراورد بکرێت و ئەو یاسایانە تا ئێستاش درێژ بنەوە، نەدەکرا ئەو یاسایانە سنورێکیان هەبێت باشە پەیامبەر نەیدەزانی کەدونیا دوای هەزار ساڵ دواتر چۆنی بەسەر دێت، ئەگەر ڕاستە و ئاینی خودایە خودا نەیدەزانی مرۆڤ دەگاتە ئەوەی کە بەپارچە ئاسنێک لە ئەستێرەیەکەوە گەشت بکات بۆ ئەستێرەیەکی

دی ئیدی چۆن نازانێ قونی خۆی بشوات، ئیدی بۆچی بەناوی خوداوە، فەرمانی پێدەکرێت کە قونی خۆی بشوات، ئەو فەرمانانە سوکایەتین بۆ سەر مرۆڤی وشیار و ئاقڵ، دەبوو موحەمەد بڵێت: ئەو یاسایانە بۆ مرۆڤی سەرەتاین. ئاخر هاوڕێ ناکرێت پەیامبەرێک بەقەدەر ڕۆمان نوسێک شارەزایی نەبێت، کاتێک ڕۆمان نوسێک ڕۆمانێک دەنوسێت لەژێر ناونیشانەکەیدا ئەنوسێت، بۆ نەوجەوانان یان لاوان، یان گەوران. خێرە پەیامبەر لەسەر ئەو یاساو فەرمانانە شتێکی ئاوەهای نەنوسیوە. لەپاش چا خواردنەکەش بتڵێک شەرابی سور دەردێنێت و دەڵێ ئەم سروشتە جوانە و ئەم شەوە ڕوناکە بەشەرابەوە نەبێت تامی نابێت بەڵام حەیفێک سەحاف تۆ ناخۆیتەوە، گەرچی دەزانم تۆ حەزت لێی نییە ئەگینا وادیار نیە بەحەرام و شتی بزانی، ئەمە بە پێکەنینەوە ئەڵێت، لەدوای یەکەمین پێک دەڵێ:

بەهمەنی سەحاف تۆ باسی زەکات و شتت کرد کە ئاین دیاری کردووە تا دەوڵەمەندەکان پارە بە هەژارەکان بدەن و لەو ڕێگایەوە چارەسەری هەژاری بکرێت، ئەزیزی من ئەوەش گەورەترین سوکایەتیە کە بەئینسانی هەژار کراوە، هیچ دەوڵەمەندێک پارە بەهەژارێک نادات تا چاوشۆڕی نەکات، تا ئیسفادەیەکی لێنەکات، تا چاوێک بەناموسیا نەخشێنێت، هەر کەسێک پارە لەدەوڵەمەندێک وەرگرێت تا دەمرێت خۆی و ماڵ و منداڵی چاوشۆڕی دەبن و لەژێرباری ئەو سوکایەتیەدا ئەمێننەوە، کۆکردنەوەی پارە لە دەوڵەمەندەکان و دابەشکردنی بەسەر هەژاراندا ئیشی خودا

و پەیامبەر و ئاین نییە، ئیشی دەوڵەتە، ئیشی دەوڵەتێکی یەکسان خوازە، هیچ دەوڵەمەندێک بەڕەزامەندی خۆی بڕی پێویست پارەی خۆی بەهەژاران نادات، ئیشی دەوڵەتە بەپێی یاسا باج بخاتە سەر سامان و کارەکانی و لەو پارەیەی کە لەڕێگای باجەوە کۆدەکرێتەوە . بڕی پێویست بدرێت بەهەژاران ئەویش بەپێی سیستەمی حوکومی

بەهمەنی سەحاف بەوردی گوێ بۆ قسەکانی شلدەکات و ئەو بەدەم خواردنەوەوە دەڵێ: دەوڵەت ئەتوانێت مووچە بۆ هەژاران ببڕێتەوە، وەک ئەوەی ئێستا لەئەوروپا و وڵاتانی پێشکەوتوو پیادە ئەکرێت و ناویان ناوە مووچەی سۆسیال، خەڵک ئەگەر مووچە لەدەوڵەت وەرگرێت شەرمەندە نابێت، بەڵام ئەگەر پارەی دەوڵەمەندێکی وەرگرت هەمووتەمەنی بەشەرمەزاری ئەژی ئەوە شێوازی سواڵ و خێر پێکردنە، دەشێ ئەمەش بۆ ئەو سەردەمەی کە دەوڵەتداری نەبووە و خەڵک دواکەتوو بووە و دام و دەزگای یاسایی نەبووە ئاسایی بێت، بەڵام دەبوو کەسێک کەخۆی بەپەیامبەری خودا ئەزانێت و زانستی خوداش بێکۆتاییە بۆ دوای هەزارساڵیش بیری بکردایەتەوە، بیری لەشێوازێک بکردایەتەوە کە هەژاران شەرمەزار نەبن و خەڵک بەکەرامەتەوە بژی، نەک بەسوالی دەوڵەمەندان. لەوێدا ئەو پێکی دووەمیش تێدەکات و بەئاڕاستەی سەحاف خۆی دەسوڕێنێ و لەبەر گری ئاگرەکە و مانگە شەوەکەدا سیمای سەحاف دەبینێت و لەسەر جێگاکەی پاڵئەیاتەوەو لە ئاسمانی مانگە شەو دەڕوانێت و بۆ ماوەیەک بێدەنگی باڵدەکێشێت بەسەر

کەشەکەیاندا و پاش کەمێک سەحاف دەڵێ: ببورە باسی بابەتی بتپەرستی و شکانی بتەکان و زیندەبەچاڵی کچان و کۆیلایەتی و بابەتی فرەژنیت بۆ نەکردم من گوتم پەیامبەر ئەوەی بۆ ئەوە کردووە کە لەو سەردەمەدا پیاوە دەسەڵاتدار و پارەدارەکان یەکی سەدان ژنیان وەک ئاژەڵ ڕاگرتووە و تەنها شەهوەت و ئارەزووەکانی خۆیانیان پێ تێر کردوون.

ئەبوعابد بـەدەم پێک تێکردنەوە دەڵـێ: بەهمەن ئەو یاسا ئاسمانیەش کەباس لەوە دەکات مرۆڤ تەنها چوار ژن بخوازێت و ئەگەر نەیتوانی یەکسانی بپارێزێت تەنها یەک ژن بخوازێت، وە لەکۆتایی ئایەتەکەشدا دەڵێ: گەرچی ناتوانن یەکسانی بپارێزن ئەم بابەتە ئەو پەڕی سوکایەتیە بۆ سەر کەرامەتی ئینسان یەکەم وەک ئەوە وەهایە خودا بڵێ کێوێکی وەک ئەم کێوە بەکۆڵ بگوازنەوە و خۆشی بڵێت خۆدەزانم ناتوانن، کەخۆی دەزانێت ناتوانین فەرمانی وەها چۆن دەدات، ئینجا سوکایەتییە بۆ سەر کەرامەتی ژن و ڕەگەزی مێینە، ڕاستە لە ئایندا ئەمە بۆ ئەوە دانراوە کە کۆتایی بەقەیرەیی بێنێت و یەکسانی بپارێزرێت لەنێوان ڕەگەزی نێرومێدا کە هەمیشە نێر لەجەنگەکاندا دەکوژرێن و ڕەگەزیان کەم دەبێتەوە، بەڵام بەهمەن هیچ کات فرەژنی کۆتایی بەنائەخلاقی و لەش فرۆشی و بەرەڵایی سێکسی ناهێنێت، بیرت نەچێت یەکێک لەو پیاوانەی کە بە پێنج کەسی کەوە دەست درێژیان کردە سەر کچێک دوو ژنی هەبوو، بەپێچەوانەوە دەشێت چەند ژنە بەرەڵایی سێکسی دروست بکات، کە پیاو یەک و دوو و سێ ژنی تاقی کردەوە

ئیدی فێری هەمە چەشنە ئەبێت و دوای شەهوەت بازی و چێژی سێکسی دەکەوێت، ئەگەر پیاو بە ژنێک تێر نەبێت بەژنانی دونیاش تێر نابێت و بەشوێن ژنی دونیایەکی تردا دەگەڕێت .

بەهمەن فرەژنی ڕێگری ناکات لە بەرەڵایی سێکسی، بەڵکو یەکێکە لە هۆکارەکانیشی ئاخر بەهمەن یەکەمین هۆکاری بەرەڵایی سێکسی تێکچونی شیرازەی خێزانە و فرەژنی زۆر جار وادەکات شیرازەی خێزانی بەری دوو ژن تێکچێت و لە ئەجامی ئەوەی کە پیاوەکە دوای ژنی سێیەم دەکەوێت و منداڵی دوو ژن بەجێدێڵێت و دوو ژن بۆ تۆڵە کردنەوە لە پیاوێکی شەهوەت باز دەست دەکەن بە ڕابواردن و منداڵی دایک و باوکە شەهوەت بازەکان کە لە بەر شەهوەتی خۆیان پەروەردە و ئاراستە کردنی ئەمانیان بیرچۆتەوە دوای ئارەزووەکانی خۆیان کەوتوون جگە لە کەوتنە سەر جادە و دوای سێکس کەوتن هیچ شتێکی دیکە نازانن چونکە ئەو کارگەیەی ئەمانی بەرهەم هێناوە کارگەیەک بووە تەنها بیری لە سێکس کردووەتەوە، بەڵام بەهمەن ئەگەر بەپێچەوانەوە پیاو بەدیار یەک ژنەوە پیر بێت و منداڵەکان وا پەروەردە بکات کە سێکس هەمووشت نیە و ژیان تەنها بۆ سێکس دروست نەبووە شتی زۆر لەسێکس گەورەتر هەیە و خۆشەویستی تەنها ژنێک بەشی هەموو تەمەن ئەکات، ئەو کات بەرەڵایی سێکسی دروست نابێت، بەڵام کەمنداڵ بیری لەوە کردەوە باوکی کەبە خودایماڵی دەزانێت شەهوەت بازە و تەنها سێکسی

دەوێت ئۆتۆماتیکیەن ئەمیش بیری بۆ ئەوە دەچێت کە ژیان واتە سێکس . بەهمەن وەک ئەوەی گوێی بۆ مامۆستای کۆمەڵایەتی گرتبێت زۆر بەدیقەتەوە گوێ لە ئەبوعابد ئەگرت کە ئەو پیاوە وەک ئەوەی سەدەیەک ببێت خۆی بۆ وەها بابەتێک ئامادە کردبێت

بەردەوام ئەبێت لەسەر قسەکانی و پێک پێک شەرابی سوور دەنۆشێت و دەڵێ: بەهمەنی سەحاف ئەو پیاوانەی کە بە ئاسایی دەزانن چەند ژنێکیان هەبێت و هەر شەوەی لای یەکێکیان بنوون ، بیهێننە بەرچاوی خۆیان ئەگەر شەوێک بزانن ژنێکیان لە باوەشی پیاوێکی تردا دەنوێت و ئەوەی لەگەڵ ئەم کردوویەتی لەگەڵ ئەو پیاوەش دەیکات، چ هەستێکیان دەبێت، ئایا هەست ناکەن ئەو ژنەی ژنی بەسەردا دێت یەکەم شەو کە پیاوەکەی لەگەڵ ژنێکی تر دەنوێت هەست بەجەهەنەم دەکات، کاتێک هەست دەکات پیاوەکەی ئەم لە باوەشی ژنێکی دیکەدا ئەتوێتەوە، ئاخر بەهمەن نەدەبوو خودا ئەم بابەتە بەهەند وەرنەگرێت، نەدەبوو خودا گرنگی بەبواری سۆزداری و خۆشەویستی ژن نەدات، ئاخر هەستی ئیرەیی لای ژنان زۆر لە پیاوان بە هێز ترە و ئەو ژنەی کە ژنی بەسەردادێت هەمووشەوێک هەست بەمردن دەکات، چونکە هەست دەکات نوقسانیەکی هەیە، کێشەیەکی هەیە ناتەواویەکی هەیە، هەست دەکات نەیتوانیوە دڵ و حەزەکانی پیاوێک تێر بکات.

لەدیوێکی ترەوە چۆن دەکرێت خودا کە باسی یەکسانی ئەکات دڵی ژنی لەبیر نەبووبێت ئاخر پیاو چۆن ئەتوانێت

یەکسانی لەنێوان دڵی دوو ژندا بپارێزێت، چۆن ئەتوانێت وەک یەک دوو ژنی خۆش بوویت وەک یەک ماچیان بکات و وەک یەک لەگەڵیان بنوێت و وەک یەک هەستیان ڕاگرێت، خێرە خودای زانا بیری لە خۆشەویستی نەکردووەتەوە، خێرە کەباسی پاراستنی یەکسانی دەکات لەنێوان ژنەکاندا خۆشەویستی بیر دەچێت و گرنگی بەخۆشەویستی نادات، ئاخر ئەمە لەقسەی خودایەکی زانا ئەچێت کە ئاگای لەجوڵەی باڵی مێشوولەیە یان لەقسەی پیاوێک ئەچێت کە لەپێناو ئارەزووەکانی خۆیدا بەناوی خوداوە شیعری هۆنیووەتەوە.

بەهمەنی ئازیز ئەم فرە ژنییە هیچ شتێک چارەسەر ناکات، چوونکە هیچ پیاوێک لەبەر خودا و کۆمەڵگاو قەیرە و بێوەژن و مێرد مردوو ژن ناهێنێت، ئەوەی ژنی دووەم بێنێت بۆ جوانی و ناسکی و چێژی سێکس دەیهێنێت، هێشتا ڕوینـەداوە پیاوێک ژنـی دووەمـی لەژنی یەکەمی ناشیرینتر یان گەورەتر بێت. هەرگیز پیاوێکی خوداناس لەبەر خاتری خـودا ژنێکی پەک کەوتە یان نوقسان یان کەم ئەقڵی نەهێناوە، ئەگەر باسەکە لەسەر ئەوەشە کە پیاوەکان لەجەنگدا کەم دەبنەوە و ڕەگەزی ژن زیاد ئەبێت و پێویستە هەر پیاوێک چەند ژنێک بخوازێت تا یەکسان بنەوە، ئەوەش هەر سوکایەتیە بۆ سەر کەرامەتی ژن لەبری ئەوەی چارەسەر بۆ بەشێک لەژنان بدۆزنەوە رۆحی ئەو بەشەش دەکوژن کە پیاویان هەیە، بەهمەن ئاین نەهاتووە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە نەهاتووە باسی کۆتایی هێنان بەجەنگ بکات نەهاتووە باسی ئاشتی

بکات و چیدی ڕەگەزی پیاو کەم نەکات، نەهاتووە باسی ئەوە بکات کە با لەبەر سێکس و چێژی جەستەیی شیرازەی خێزانەکان تێک نەچێت. دیارە ئەمە کەسێک نوسیویەتی تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆی و حەزەکانی.

ئەو سەری بتڵی شەرابەکە دەگرێتەوە و دەڵێ: بەڵام بۆ چارەسەری دۆخەکە ئیشی حکومەتە دەشێت حکومەت بتوانێت کارئاسانی بۆ هاوسەرگیری بکات، گرفتەکە ئەوە نیە کە هەرپیاوێک چەند ژنێک بێنێ، گرفتەکە لەوێدایە کە پیاوەکان یەک ژنیش ناهێنن، ئەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت خەڵک خێزانی تەندروست بنیات بنێت لەسەر بنەمای خۆشەویستی نەک بنەمایی ئاژەڵی و چێژی سێکسی و کۆکردنەوەی چەندین ژن لەیەککاتدا.

بەهەمەن گوێبگرە ئەمانە قسەی پیاوانی بانگبێژو وتارخوێنی سمێڵ چەورە کەلەپەنای ئایندا وەک پادشا ئەژین و لەپێناو مانەوەی خۆیان لەپلەی خوایەتیدا بەردەوام خەریکی گەوجاندنی خەڵکن، ڕاستە بەڕواڵەت و بەجەستە لەو ئاینەدا کچ زیندە بەچاڵ نەدەکرا بەڵام رۆحی زیندە بەچاڵ ئەکرا ، ئارەزووەکانی دەکوژرا، حەزەکانی و ئازادیەکانی زیندە بەچاڵ ئەکرا، لەئایەتی (نسا ) بەئاشکرا ژن زیندە بەچاڵ دەکرێت فەرمانی پێدەکرێت کە جەستەی بشارێتەوە و پیاو نەیبینێت چونکە جەستەی ژن عەورەتە، خودا بیری ئەچێت فەرمان بەپیاو بکات چاوی خۆی بگرێت، فەرمان بەپیاو کراوە کە ئەگەر ژنەکەی بەگوێی نەکرد ئەتوانێت لێی بدات، فەرمان نەکراوە کە هەردووکیان بەگوێی یەک بکەن،

فەرمان کراوە کۆیلەی پیاو بێت بەدووژنەوە مافی یەک پیاویان هەبێت، هیچ ئازادیەکی نەبێت و تەنها بۆ خۆشی پیاو خولقاوە ئەمەش زیندەبەچاڵ کردنی رۆحی ئافرەتە.

کۆیلایەتیان نەهێشت بەڵام دونیایەک جەنگیان هەڵدەگیرساند و دونیایەک خوێنیان دەڕشت و دونیایەک کۆیلەیان بەدیل ئەگرت و ئەنواع کاریان پێدەکردن، ئیدی نەک کۆیلایەتیان نەهێشت هێندەی کە باری کۆیلەکانیان گرانتر کرد دەیانکردن بەجەنگاوەر دەیانکوشتن شەریان پێدەکردن بەکاریان دەهێنان بۆ بەرژەوەندی خۆیان .

بەهمەنی برام سەبارەت بەشکانی بتەکانیش ئەویش ڕاستە ئەوان بتی بتخانە گەورەکەیان شکان بەڵام بتخانەکەیان نەشکاند و ئێستاش ڕۆژانە چەندین ملیۆن سەردانی ئەکات و دیوارەکانی ماچ ئەکات، ئەمە بتخانە و بتپەرستی نەبێت چییە، بەهمەن ئەوان بتی یەک بتخانەیان شکاند کەچی لەهەموو شارەکاندا بتخانەی تازەیان کردەوە، ئێستاش شار نییە سەد بتخانەی تیا نەبێت، کەبتخانەکانی پێشوو زۆر باشتر بوون، جاران خەڵک لەبەردێک دەپاڕایەوە و هیچی تر کەچی ئێستا هەر بتخانەیەک وتارخوێنێکی تیایە کە خەڵکیان کردووە بەکۆیلە و دەبێت خەڵک وەک ئەوان بیر بکاتەوە، سوکایەتی بەخەڵک دەکەن، لەخەڵک تورە ئەبن، هاوار ئەکەن بەسەر گەمژەکاندا، بەویستی خۆیان چیان بوێت پێیان ئەکەن، جوێنیان پێدەدەن، بۆ مەرامی سیاسی و بازرگانی و چی و چی بەکاریان دێنن، بتخانەکانی پێشوو هەرگێز هێندەی بتخانەکانی ئێستا بتی خۆبەخودا زانی تیا

نەبوو.

لەوێدا ڕادەوەستێت و پاش بێدەنگیەکی کەم ئەبوعابد هەست بەهیلاکی ئەکات بەئاستەم ئەڵێ: بەهەمەن بەڕاستی شتی زۆر هەیە باسی بکەم بەڵام هەست دەکەم سەرم گێژ دەخوات و ئاسمان لەبەر چاووم دەخولێتەوە، هەوڵ بدە ئەگەر پرسیار و شتت هەیە هەڵیبگرە بۆ کاتێکی تر، ئەو هێندەی پێناچێت لەناو شوێنی نوستنەکەیدا خەو ئەیباتەوە.

ئەو بەیانیە کە لەو شاخە خەبەریان ئەبێتەوە ئەبوعابد زۆر سەرمای ئەبێت خێرا بەچڵ و پۆ و دارە وشکەکان ئاگرێکی گەورە ئەکاتەوە و چاییەکە ئەخاتە سەر و بەهمەنیش خەبەر ئەکاتەوە و ئەڵێ: هەستە با جوانی نەسیمی بەیانیانت لەکیس نەچێت. ئەوان دوای نان و چا خواردن و خۆ کۆکردنەوە لەسەر لوتکەی شاخەکەوە بەرەو ئەو دیوو بەڕێدەکەون و دوای نیووسەعاتێک لەشۆڕبوونەوەیان بەدۆڵەکەدا ئەبوعابد لەپەنایەک لادەدات و تەلەفۆنەکەی دەردێنێت و تەلەفۆن بۆ کەسێک ئەکات و پاشان تەلەفۆنەکەی دادەخاتەوە و لاپتۆپەکەی دەردێنێت و بانگی سەحاف دەکات و دەڵێ:□ سەحاف گوێبگرە ئەوە یەکێک لە بەرجەستەکردنەکانی دەقە پیرۆزەکانە، ئەمرۆ هێزەکانمان ئایەتی ئەنفالیان کرد بەفیلم و بۆ بەرچاوی دوونیایان بەرجەستە کرد، ئەبوعابد هەندێ ڤیدیۆ و دیمەن و وێنە نیشانی سەحاف ئەدات کە تیایدا هەزاران کەس قەتڵ و عام کراوە و هەر لەڕێگای کۆمپیوتەرەکەوە دەچنە سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە باس لەوە دەکەن هێزەکانی ئەبووعابدی ئەنساری دەستی

گرتووە بەسەر شارۆچکەیەکدا و هەموو پیاوەکانی سەربڕیوە و دەستیان گرتووە بەسەر کچە گەنجەکاندا و ژنە پیرەکانیشیان کوشتووە و سامانەکانیشیان بۆخۆیان بردووە، لەگەڵ هەواڵەکەدا وێنەی ڕووداوەکە پەخش دەکرێت کە هەزاران پیاو ڕیزکراوون بۆ گوللەباران کردن و سەربڕین و پارچەپارچە کردن.

سەحاف بەحەپەسانەوە تەماشای ئەنساری دەکات و دەڵێت بەڕاستی تۆ دڕندەیەکی سەیری، چۆن ڕێگا دەدەی شتی لەوشێوەیە بکەن، ئەمە چ سەلماندنێکە تۆ بۆ دونیای دەسەلمێنیت. ئەمە چ گەمژەییەکە، لەوکاتەدا ئەڕشێتەوە و بارودۆخی خراپ تێکدەچێت.

ئەبوعابدی ئەنساری بەدەم پێکەنینەوە شتەکانی کۆدەکاتەوە و ئەکێشێت بەشانی سەحافدا و بەرزی ئەکاتەوە و دەکەونەوە ڕێگا و دەڵێ: من هیچم نەکردووە جگە لەوەی یەکێک لەقسەکانی خودام بەرجەستە کردووە. ئەمەی ئەمڕۆ ڕوودەدات بەرجەستە کردنی ئایەتی ئەنفالە و هەوڵ دەدەین زۆرترین ئایەت بەرجەستە بکەین، لەو ئایەتەدا واهاتووە، تاوانی منی تیا نیە، من تەنها بەرجەستەم کردووە، گوایە لەو ئایەتەدا خودا فەرمان دەکات بەخوداناسان بۆ بێ خوداکان پیاوەکان بکوژن و ژنەکان بکەن بە کەنیزەک و ماڵ و سامانیان بەتاڵان بەرن، من ئەو دەقەم کردووە بەواقیع و پێشکەشی دوونیای دەکەم، ئەگەر هەڵەیە واتە خودای هەزاران ملیۆن خەڵک هەڵەیە، ئەگەر ڕاستیشە ئیدی لێگەڕێن با ئیشی خۆم بکەم.

لەپاش کەمێک ئەبوعابدی ئەنساری تەلەفۆنێک ئەکات بۆ کەسێک لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگ و بەهمەن گوێی لێدەبێت کە دەستخۆشیان لێدەکات و دەڵێ: ئێوە ئێستا چوونە ڕیزی سەحابەکانەوە و بەم کارەتان ڕەزامەندی خوداتان بەدەست هێنا، ئێوە فەرمانەکانی خوداکەتان بەجێهێنا و هەم منیش هەم خوداش شانازیتان پێوە دەکەین و هیوادارم بەهەشتی بەرین شوێنی شەهیدەکانمان بێت، خەمتان نەبێت منیش زۆر دوور نیم لێتانەوە، وە بەهمەن گوێی لەوەش دەبێت کە دەڵێت سبەینێ هەوڵ بدەن هەندێک لە یاساکان جێبەجێ بکەن هەوڵ بدەن ئەوەی لەدەقەکاندا نوسراوە وەک خۆی جێبەجێی بکەن، زیندانەکانی ئەو شارە بگەڕێن ئەوانەی لەسەر دزی گیراون دەستیان ببڕنەوە و ئەوانەی زینایان کردووە ژنەکان بەرد باران بکەن و دارکاری پیاوەکان بکەن و ئەوەی دەیەوێت پەیوەندیتان پێوە نەکات لە ملی بدەن.

کاتێک تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە تەماشایەکی پڕمەبەستی بەهمەن دەکات و دەڵێت پەیامبەر ئابەم جۆرە ئاینی گەیاندە دونیا، هێزە ئاینیەکان لافاوی خوێنیان لە دونیادا هەستاندووە، لە جەنگی دەستبەسەرا گرتنی ناوچەکانی دەرەوەی نیشتیمانی عەرەبیدا بەدەیان هەزار ئینسان کوژران، لەڕێگای بانگەوازە ئاینیەکانەوە جۆگەلەی خوێن بەوشارانەدا ڕاکێشرا کە دەستی جەنگاوەرانی ئەم خودا داتاشراوەی پێگەیشت. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە یەکێک بێت و سنورێک بۆ ئەو خودایە دانێت، کەسێک بڵێت، تا

ئێرەو بەس، من ئەو کەسەم کە خودا لەسەر دەستی من دەکوژرێت.

بەهمەنی سەحاف تەماشای قوڵایی چاوی دەکات و لەدڵی خۆیدا بیر لەکوشتنی ئەکاتەوە هەست دەکات ئەو پیاوە بووە بەگەورەترین مەترسی بۆ سەر دونیا، بەڵام هەر زوو پاشگەز ئەبێتەوە و لەدڵی خۆیدا ئەڵێ ئەگەر واش بێت خۆ هەر خودا ڕێگای پێداوە، ئەگەر ڕەزامەندی خۆی لەسەر نەبێت ئەتوانێت بە سەعاتێک بە زەحیری بیکوژێت. پاش کەمێک تەماشا کردنی ئەڵێ: بەڕاستی ئەنساری تۆ تەواو ترسناکی هەست ناکەی گەورەترین هەڵە دووبارە ئەکەیتەوە هەست ناکەی ڕەنگە ئەسڵەن ئەوە قسەی خوا نەبێت و تێکەڵی قسەی خودا کرابێت. وە جگە لەوەش دەوڵەتە عیلمانیەکانیش جەنگیان بەرپا کردووە و بەملیۆنان مرۆڤ لە جەنگەکانیاندا کوژراوە، هیتلەر و سەدام و قەزافی و ستالین و دەیان نمونەی کەمان هەیە هیچیان پیاوی ئاینی نەبوون، هەست ناکەی ئێوە بەم کارانەتان لەبری خودا بیر دەکەنەوە و بڕیار دەدەن، ئەتانەوێت خودایەک بکوژن و مێژوویەک کۆتایی پێبێنن کە لافاوی خوێنیان هەستاندووە کەچی خۆت دووبارە ئەبیتەوە بەخودا و هەمان کاری خوداکەی پێشوو دەکەیتەوە و سزای خەڵک دەدەی، ئەبوعابد تۆ خەڵک دەکوژی، خوێن دەڕژی، لەهەندێ شوێن لافاوی خوێن هەڵدەسێنی، ئەمە سەرنجمان بۆ خوایەتی تۆ ڕادەکێشێت لەبری خوداکەی پێشوو، کە لەهەمان کاتدا ئەوانەی تۆ ڕەخنەیان لێدەگری و بەنابووتی دەزانی

بەشی زۆریان کاری خودا نەبووە، ئیشی مرۆڤەکان بووە، مرۆڤەکان لەبری خودا بیریان کردۆتەوە و بڕیاریانداوە.

ئەنساری وەک ئەوە وەهایە تۆ لەدەریایەکی بەریندا سەرنجمان بۆ سەگێکی تۆپیوو ڕاکێشیت، ئێ دەکرێت ئەو دەریا بەرینە سەگێکیش لەنێویدا تۆپیبێت، دەکرێت لەنێو ملیۆنان مرۆڤی خودا پەرستدا سەدان کەس هەبن ئاین بۆ بەرژەوەندی خۆیان خراپ بەکاربێنن، دەکرێت ئەو لافاوی خوێنە پەیوەندی بەخوداوە نەبێت و کاری تەماع کاری و کورسی و دەسەڵاتی خەلیفە و سوڵتان و پیاوانی ئاینیەوە بێت، ئەوانەی تۆ باسی دەکەیت کاری خەلیفەکان بووە، هەڵەی خوداناسان بووە.

بەهمەن کەمێک هەنگاوەکانی هێواش ئەکاتەوە تا ئەبوعابد بگاتە ئاستی و پاش کەمێک بێدەنگی دەڵێ: ئەنساری ئەگەر لەدەقێکیشدا ئاماژەیەکیش هاتبێت، ئەوە پەیوەندی بەوکاتەوە بووە و هێزی خوداناسان لەگەڵ بێبڕوایاندا لەجەنگدا بوون، پەیامبەر پەیامێکی ئاسمانی پێبووە و ویستوێتی پەیامەکەی بەدوونیا بگەیەنێت کەچی ڕێگایان لێگرتووە، هەر لەشارەکەی خۆیەوە تا دوورترین دەوڵەت بەهەموو هێزیانەوە ویستوویانە لەناویان بەرن، پێت وایە ئەوان دەبوو چیبکەن، ئایا دەبوو ڕاوەستن تا بیانکوژن، دەبوو بەرگری لەخۆیان و لەبیروڕاکانیان بکەن، سەردەمەکەی ئەوان بەرگریان لەهیچ کردووە، لەپێناو بتی خورمایدا خۆیان بەکوشت داوە ئەویش دەبوو لەپێناو خوداکەیدا بەرگری لەخۆی و هاوەڵانی و ئاینەکەی بکات، ئەوەیان بابەتێکی

تره كه ئایا خودا هەیە یان نییە، ئایا پەیامبەران نێردراوی خودان یان لەخۆیانەوە چیرۆكیان هۆنیەوەتەوە و ئیلهامیان بۆ هاتووە، ئەوە كێشەیەكی لەمێژینەیەو هێشتا یەكلایی نەبۆتەوە، ئەوەندەی دەڵێن خودا هەیە، ئەوەندەش بوونی ڕەد ئەكەنەوە، ئەوەندەی بەڵگە كە لەسەر نەبوونی هەیە سەد ئەوەندە لەسەر بوونی هەیە، ئەوەندە سەلماندن لەسەر نەبوونی هەیە سەد ئەوەند سەلماندن و بەڵگە لەسەر بوونی هەیە، خودا بابەتێک نیە بەئاسانی قبوڵی بكەین یان ڕەدی بكەینەوە، چونكە خودا لەدەرەوەی وجودی ئێمەیە، خودا لەدەرەوەی دونیابینی ئێمەیە، خودا لەدەرەوەی خەیاڵەكانی ئێمەیە، خودا لەبیركردنەوەی ئێمە مەزنترە، دەشێ بازنەی عەقڵی ئێمە پەی بەبوون و نەبوونی خودا نەبات، دەشێ پەیامبەر ڕاست بووبێت و نێردراوی خودا بێت بەڵام دوای وەفاتی وەک پێویست پەیامەكەیان نەگەیاندبێت، یان دەشێ بازنەی بینین و هەست كردنی ئێمە سنوری هەبێت و نەتوانین خودا هەست پێبكەین.

سەحاف لەپەنای بەردێكدا ئەبوعابد ڕادەگرێت و تەماشای سیمای دەكات و دەڵێ: ئاخر بینین و هەستی ئێمە ناگاتە ئەو دیووی دیوارێک، ئیدی چۆن دەتوانین هەست بەخودایەک بكەین كە هیچ دیار نیە چیە و چۆنە و لەكوێیە، دیار نیە رۆحە یان جەستەیە، دیار نیە، وجودی هەیە یان خەیاڵە، ئێمە دەتوانین هێندەی دەسەڵاتی خۆمان بیر لەخودا بكەینەوە، بەڵام خودا لەسنوری دەسەڵات و بینینی ئێمەدا نییە، وەک چۆن زانیاریەكانی ئێمە ناگاتە سنوری

خۆر و ناتوانین بزانین لەقوڵایی خۆردا چی دەگوزەرێت و سەرچاوەی ئەو هەموو گەرمییە لەکوێوەیە، ئاوەهاش نازانین خودا لەچ مەعدەنێک پێکدێت.

ئەبوعابدی ئەنساری دێتە ناو باسەکەوە و دەڵێت: برادەر ئەوەندەش دڵنیا مەبە، من کەهاتووم خودا بکوژم دواجار وەک خودا خۆم ناناسێنم، ئێستا سەرەتای کارەکەیە و پێویستە لەڕێگای گەمژەییەوە بەگژ گەمژەیدا بچم، بەڵام بۆ ئەوەی کە دەڵێی ئەوانە ئیشی خودا نەبووە و مرۆڤەکان ئاینیان خراپ بەکارهێناوە لەگەڵت نیم چونکە مرۆڤ ناتوانێت شتەکان بەو جۆرە نابووت بکات، ئەگەر خۆی نابووت نەبووبێت، مرۆڤ ناتوانێت ئاین بەهەڵە بەکار بێنێت ئەگەر خۆی هەڵەی تیانەبێت، جگەلەوەش زۆر بەی ئەو شتانەی من باسم کردن وشەی خودا بوون من باسی مێژووی ئاینم نەکردووە باسی خودی ئەو دەقانەم کردووە کە بەحساب پیرۆزن و بەناوی خوداوە نوسراوون، پێشتر بۆمباسکردی یەک دوونیا دەقی پیرۆز هەیە خودا ڕێگا بە جەنگاوەرانی خۆی ئەدات کە بکوژن و بدزن و دەستدرێژی بکەن، خودا خۆی لە ئایەتی ئەنفالدا وەها دەڵێت بەڵام بیرمان نەچێت ئەوانەش وشەی مرۆڤن بەناوی خوداوە. ئێمە کارمان بەو شتانەوە نییە کە لەتەنیشت ئاینەکاندا گوزەراوە، کارمان بەو وشانەوەیە کە بەناوی خوداوە بە ئێمە گەشتوون. ئەوانەی کە موفتیەکە لەسەر مینبەری مەعبەدێکدا پڕ بەگەرووی هاوار دەکات و دەڵێت، مادام خودا فەرموویەتی ئیدی ڕێگا پێدراوە، من کێشەم لەگەڵ

ئەوەداهەیە کە هەزار ساڵ پێش ئێستا کەسێک هەستاوە بەحسابی خۆی و سەردەمەکەی چاکسازی کردووە، بەڵام کەس چاکسازیەکەی لێوەرنەدەگرت ئەگەر بەناوی خوداوە نەبوایە، وەک شاعیرێک ئیلهامی هەندێک شتی بۆ هاتووە و هەر لەشێوەی شیعریشدا نوسیویەتەیەوە کە ڕەنگە بۆ سەردەمەکەی ئەو زۆریش باش بووبێت، بەڵام بۆ ئەم سەردەمە ناشێت ئەوە عەقڵی هەزار ساڵ پێشترە. ئێستا ئەبێت بە عەقڵی ئێستاوە ئیش بکرێت.

ئاماژەی ڕۆشتن دەدات و دەڵـێ: بەهەمەن تۆ دەڵێی ئەگەر لەدەقێکیشدا ئاماژەیەکی توند هاتبێت ئەوە پەیوەندی بەو سەردەمەوە هەیە، نا ئەوە چۆن وەها بیر دەکەیتەوە، بەحساب ئەوانە وشەی خودان و بۆ زەمەنێکی دیاری کراو هاتوون جارێ ئەگەر خودا هەبێت لەدەرەوەی کات و سات و زەمەن و سەردەمەکان ئەژی و ئەگەر شتێک بڵێت بۆ دونیاری ئەڵێت و تا کۆتایی دونیا ئەبێت کاری لەسەر بکرێت، ئەگەر وایە و ئەو دەقانەی کە پڕن لەتوند و تیژی بۆئەو کات گوترابن چۆن بزانین دەقەکانی تریش هەر بۆ حاڵەتی تایبەت نەگوتراوون، چۆنە خودا نەیگوتووە: هۆ ئیمانداران نەکەن لەسەردەمێکی تردا فەرمانی ئەم دەقانە جێبەجێکەن، ئەم دەقانە تایبەتن بەم جەنگانە و دواتر ئیلغا ئەبنەوە، ناچێتە ئەقڵەوە ئەسڵەن خودا هیچی گوتبێت، ئەسڵەن ئەگەر خودا هەبێت، خودای دروستکەری شتە گەورەکانە کاری بەکاری مرڤەکانەوە نییە، خودایەک گەردوونی دروستکردبێت لەوە گەورەترە دەستکاری پەیوەندیەکانی ئینسان بکات، کاری لەوە

گەورەترە ئیش و کاری نەبێت و سەرقاڵی ژن و ژن خوازی بێت بۆ پەیامبەرەکەی ، من نازانم کاتێک دەقە پیرۆزەکان دەخوێنمەوە نابینم پەیامبەرەکان لەخزمەتی خوداکەیاندابن ، من خوداکەیان دەبینم لەخزمەتی پەیامبەرەکاندان، هەمیشە خەریکی پینە و پەڕۆ کردنی هەڵەی پەیامبەرەکانن، هەمیشە خودا موعجیزەی خوڵقاندووە تا دەسەڵاتی پەیامبەرەکان بۆ بڕواداران و بێبڕوایان دەرکەوێت. هیچ کات ئیش لەسەر ئەوە نەکراوە کە پەیامبەرەکان تەنها ڕاسپێردراوی ئەوەن پەیامەکانی خودا بگەیەنن، بەپێچەوانەوە خودا ڕاسپێردراوە تا پێغەمبەرایەتی ئەوان بۆ خەڵک بسەلمێنێت.

ئەنساری بەدەم ڕێگاوە دەست ئەخاتە سەرشانی بەهمەن و دەڵێ: هیوادارم لێم تێبگەی، ئاخر ئەگەر پەیامبەر پەیامێکی ئاسمانی پێبووە و ویستوێتی بیگەیەنێت، پەیامەکەی قسەی خودا بووە و خوداش دۆزەخ و بەهەشتی داناوە بۆ ئەوانەی بڕوا دەهێنن یان نایهێنن، پەیامبەران دەبوو تەنها دەقەکان بۆ خەڵک بخوێننەوە و سەرپشکیان بکەن لە هەڵبژاردنی دۆزەخ و بەهەشتدا، نەک ئەوەی کە هەر میللەتێک مل بۆ خوداکەی نەدا لەملیبدات، باشە کەوای کرد ئیدی خودا چی لەبەهەشت و دۆزەخ بکات، من کە لێرە سزای کافر بوونم وەرگرت ئیدی سزای دۆزەخ مانای چییە؟

بەردەوام دەبێت و هەر بەو جۆرەی کە دەستی لەسەر شانی داناوە بەدەم ڕێگاوە کە بەدۆڵەکەدا شۆڕبوونەتەوە دەڵـێ: بەهمەنی سەحاف من کـارم بـەبوون و نەبوونی خوداوە نییە، هەیە یان نییە کێشەی من نییە، کێشەی من

گەمژەیی خەڵکە کە بەناوی بوونی خوداوە خەریکە ژیان لەگۆی زەوی تێک دەدەن، بەناوی شەریعەت و فەرمانەکانی خوداوە سنوور بۆ ئینسانیەت دادەنێن، بەناوی حەرام و حەڵاڵەوە خەریکە ئینسان دەخەنە قەفەزەوە، بەناوی شەرعی و ناشەرعیەوە خەریکە دونیا کاول دەکەن، ئەگینا کێشەی من نیە خودا لەدڵی خەڵکدا هەبێت یان نەبێت کێشەی من ئەوەیە خودای دڵی خەڵک زیانی بۆ کەس نەبێت، بەڵام کێشەی گەورەتر لەوێدایە خودای دڵی خەڵک وەک تێزاب لەجامی فافۆندا ئەو دڵانە هەلاهەلا دەکات.

دەڵێ: بەهمەن ناکرێت ئاینێک لەلایەن خوداوە نێردرابێت و خۆی پاڵپشتی لێبکات بەمەرگی پەیامبەرەکەی نیوەی دیندارەکانی لێی پەشیمان بنەوە و ئەوانی دیکەش بەهەڵە بەکاری بێنن و خودایان بیرچێتەوە و لە سەر جێنشینی و خەلافەت بکەونە کوشتنی یەکترەوە، ناکرێت هەموو هەڵەکان بخەینە ئەستۆی خەڵکەوە، ئەگەر ئاوەکە لەسەر چاوەکەیەوە پیس نەبووبێت، ئەگەر ژەهراوی نەبوبێت ئەم هەمووخەڵکە بۆ دەکوژرێت، دەبێت خودی ئاینەکە مەجالی تیابوبێت بۆ نابوتی، ئەگینا کەسانێک نزیکترین کەس بووبن لە پەیامبەری خوداوە چۆن دەکرێت بەمردنی کەوتبنە گیانی یەکترەوە و شمشێریان لەیەکتری ڕاکێشابێت و دابێتیان لەملی یەکتری و سەری یەکتریان بەدارەوە هەڵواسیبێت.

دەستی لەسەر شانی دادەگرێت و دەڵێ: بەهمەنی برام ئەمە وەک ئەوە نیە کەتۆ باسی دەکەی وەک ئەوە نیە کە دەریایەک سەگێکی تیا تۆ پیبێت، دەشێ هەر دەریانەبێت

دەشـێ جۆگەلەیەکی لیخن بێت، بـەڵام ئەگەر واش بێت ئەگەر دەریاش بێت و تاکە سەگێکی تیاتۆپیبێت، هەر ئەو سەگە بەسە بۆ ئەوەی کە ئاوی ئەو دەریایە نەخورێتەوە، ئەکرێ پێناسەیەک هەبێت بۆ سەگێکی تۆپیوو لە دەریایەکدا، هاوڕێ، کەم کەس دەتوانێت لەئاوی جۆگایەک بخواتەوە کە سور بزانێت لەسەرەوە سەگێکی تۆپیووی تیایە، دەریای ئاین کە هەست کرا پیسیەکی تێکەوتووە ئیدی گومان لەهەموو قەترەکانی دەکرێت، مرۆڤی وشیار ئەوانەن کاتێک سەگێکی تۆپیوو لەجۆگایەکدا ئەبینن، جگە لەوەی کە خۆیان لەئاوەکەی ناخۆنەوە ئەوانەی خوارەوەی جۆگاکەش ئاگادار ئەکەنەوە، ئەوانە خەبەر ئەکەنەوە کە زۆر بەخۆشیەوە لەجۆکەدا یاری دەکەن و لە ئاوەکەی ئەخۆنەوە.

ئاخر ناکرێت بڵێین ئەوە دەریایە و ئەو هەموو ئاوەی تیایە بەسەگێکی تۆ پیوو کەس نەخۆش ناکەوێت، دەکرێت میکرۆب و ڤایـرۆسـی سەگێکی تۆپیوو وڵاتێـک توشی شێرپەنجە بکات، ئاخر ئەوەی باسی دەکەین شتێکی ئاسایی نیە، ئەوە جۆگەلە و دەریـای ئاینە و خەڵک بەناو هێنانی خودا ئەژنۆیان دەشکێت، ناکرێت بچوکترین هەڵە و پەڵە و کەم و کورتی لەبەرچاو نەگرین و بڵێن دەریا بەسەگێکی تۆپیوو پیس نابێت، نا پیس دەبێت و خراپیش پیس دەبێت، پیس بونی ئەم دەریایەش پیس بونی ئاسایی نابێت، چونکە پەیوەندی بەشتێکەوە هەیە لەدەرەوەی ئیرادەی ئێمە ئیدی بچوکترین پیسی کاریگەری خـراپ لـەسـەر هەموومان جێدەهێڵێت.

بەهمەنی سەحاف: ئەنساری ڕادەگرێت و بەدەستی ئاماژە بۆ خوارەوەی دۆڵەکە ئەکات و دەریایەک نیشانی ئەنساری ئەدات و وەک وەڵامێک بۆ قسەکانی دەڵێ: ئاخر ئەنساری تۆ ئەم سەگە تۆپیوەت لەخۆتەوە هێنا، من گوتم ناکرێت لەبەر سەگێکی تۆپیوو دەریایەک بەپیس بزانین مەبەستەکە تەنها سەگێک نییە لەدەریای ئیماندا نا ڕەنگە من نەتوانم وەک پێویست ئەوەی لەهزرمدا هەیە بیگەیەنم دەشێ تۆ ساڵەی های ساڵە خۆتت بۆ گفتووگۆیەکی ئاوەها ئامادە کردبێت بەڵام بۆ من شتێکی چاوەڕوان نەکراوە من هاتم تا لەگەڵ ئەبوعابدی ئەنساری پێغەمبەری سەردەم گفتووگۆبکەم کەچی بەر ئەبوعابدی جاهیل کەوتم سەرسەختترین بکوژی خودا.

دوای پێکەنینێکی کورتی ئەبوعابد بەهمەن بەردەوام دەبێت و دەڵێ ڕەنگە من نەتوانم وەک پێویست ئەوەی ئەمەوێت دەریبڕم لەتۆی بگەیەنم بەڵام ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە لەوشەی سەگێکی تۆپیودا مەبەستم لەو کەسانەبوو کە ئاینیان بەهەڵە بەکار هێنا و وەک پێویست خودایان نەناسی و خۆیان بەکورسی خەلیفایەتی و سوڵتانی و خواناسیدا هەڵواسی و دواجار لەدەریای دیندا بوون بە سەگێکی تۆپیوو، دەڵێم ناکرێت تۆ پێناسەی خودایەک بەو گەورەییە کە هێشتا گەردوونناسان و فەیلەسوفان و عاریفانیش لێی تێنەگەشتوون لەڕێگای سەگێکی تۆپیووەوە بکەی.

ئەبوعابدی ئەنساری قسەکەی پێدەبڕێت و دەڵێت: سەحافی دۆست ڕێگابدە با کەمێک ڕونتر ئەو سەگەت بۆ

شیبکەمەوە، گەرچی ئەم نمونەیە تۆ دروستت کرد بریا نمونەیەکی جوانترمان شیبکردایەتەوە، ئەزیزی من سەگی تۆ پیوو لە ئاینەکاندا زۆر بەکەمی لەدەرەوەی ئاینەوە بۆ نـاوەوەی ئاین هاتووە، زۆربەیان لەناوەوەی ئاینەوە بۆ دەرەوەی ئاین چووە، واتە نابوتی پیاوانی ئاینی کاریگەری دەرەوەی ئاین نیە گواستبێتیانەوە بۆ ناو ئاین، کاریگەری نـــاوەوەی ئاینە لــــەدەرەوەی ئـاین و نـاو کۆمەڵگاکان ڕەنگیداوەتەوە، کەمێک ڕونتر تێتبگەیەنم، نابوتیەکانی ئاین و پیاوانی ئاینی لەهەناوی دەقەکانەوە سەرچاوەی گرتووە ئەو هەموو جەنگانە لەپێناوی خودایا کـراوون، بەملیۆن پیاو لەپێناوی خودایا کـوژراوە و بەفەرمانی خودا و بۆ ڕەزامەندی خودا کـوژراون، خودا لەدەقەکانیدا دونیایەک دژایەتی ئەخاتە نێوان ئینسانەکانەوە، ئەوە بێدینە بیکوژە، ئەوە هەڵگەڕاوەیە بیکوژەن ئەوە دوژمنی خودایە بیکوژە، ئەم هەموو بیکوژە بیکوژەیە لە ئایەتی قیتال و ئەنفال ... هەیە، مرۆڤی بـڕوادار تەنها لەناو ئایندا بیر دەکاتەوە و دواجـار ئـەم دەقـانـە دەخوێنێتەوە و لــەدەرەوەی ئایندا بەرجەستەیان دەکاتەوە، دواجار نابوتیەکان لەناو ئایندایەو هیچ شتێک لەدەرەوەی ئاینەوە نەهاتووە ئاین نابووت بکات ئەوە ئاینەکانن هاتوون سنور بۆ شتەکان دادەنێن و ژیان نابووت دەکەن. ئیشی من کوشتنی ئەو خودایەیە کە دەبوو نەهێڵدرێت لەدایک بێت.

ئەوان دوای نیوەڕۆیەکی دڕەنگ دەگەنە سەر دەریاچەکە و ئەنساری دەڵێت: ئەمەم پێ جوانە، بەدەم داگرتنی کۆڵە

پشتەکەیەوە دەڵێ: ئەمشەو لێرە بەسەر دەبەین و هەندێک ماسیش ڕاودەکەین. دڵنیام جەوەکەیت بەدڵ دەبێت،

لەوێدا ئەبوعابد پەیوەندیەکی تەلەفۆنی پێدەگات و دوای کەمێک قسە کردن بە زوبانێکی بیانی تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە و ڕودەکاتە بەهمەن و بەدەم پێکەنینەوە دەڵێ: جەنگاوەرەکانی خودا ئەمڕۆ دەستیان گرتووە بەسەر شارۆچکەیەکی نوێدا و یاساکانی خودایان بەسەر خەڵکی ئەو شارە و زیندانیەکانی ئەوێدا سەپاندووە، بەهمەن بەحەپەسانەوە تەماشای ئەنساری دەکات و ئەو بەردەوام دەبێت و دەڵێ: ئەمڕۆ نزیکەی هەشت سەد کەسیان کوشتووە کە بەرهەڵستی هێرشەکانیان کردووە، دەستی بیست و هەشت دزیان بڕیوەتەوە و دوازدە ژنی زیناکەریان بەردباران کردووە و هەشتا جەڵدیان داوە لە پازدە پیاوی ناپاک.

ئەمانە دەڵێت و ئاوڕ ئەداتەوە بۆ جانتای ئەشیاکانی و سەرقاڵی قولاپی ڕاوە ماسیەکەی ئەبێت، قولاپەکە ئامادە ئەکات و کڵاوێک ئەکاتە سەری و خۆی ئامادە ئەکات بۆ ڕاوە ماسی و ئاگای لەوە نییە کە بەهمەن بەحەپەسانەوە لێی دەڕوانێت و سەری لەو بێباکیەی سوڕماوە، سەری لەو خوێن ساردیەی سوڕماوە، کە ئەو هەموو کەسە بەفەرمانی ئەو کوژراوون کەچی ئەو لەو پەڕی بێباکیدا بەدەم پێکەنینەوە خۆی بۆ ڕاوە ماسی ئامادە ئەکات، ئەحەپەسێت نازانێت چی بڵێت بۆ ماوەیەک تەنها تەماشای دەکات و بیردەکاتەوە، نازانێ هەڵەکە لەکوێدایە، نازانێ چ خودایەکە

یان چ ئەهریمەنێکە دەستی ئەبوعابدی گرتووە، ئەو هەنوس شۆک بەرینەداوە ئەنساری بەبێ ئەوەی ئاوڕ باتەوە بانگی دەکات و دەڵێ: خێراکە بەهمەن قولاپەکەت دەربێنەو و وەرە چێژ لە جوانی دەریا و ڕاوە ماسی ببینە مرۆڤ هەموو ڕۆژێک ناتوانێت بگاتە ئێرە.

کاتێک بەهمەن گوێی لەئەو نابێت ئەبوعابد ئاوڕ ئەداتەوە و بەپێکەنینەوە دەڵێ: بۆچی لەجێی خۆتا بەزەویدا ڕۆچویت، وەرە ماسیەکان و دەریاکەش چاوەڕێی ئێمەن، بەهمەن بەبێزاریەوە قولاپەکەی دەردێنێت و لەتەنیشتیەوە ڕادەوەستێت و کرمێک ئەکات بەنوکی قولاپەکەیەوە و هەڵیدەداتە نێو ئاوەکەوە و بەدەم چاوەڕوانی پێوەبونی ماسیەک و ڕاتەکاندنی سیمی قولاپەکەیەوە تەماشای ئەبوعابد ئەکات و بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر ئەنساری مەلەنەزانێت و ئەم بەتوندی پاڵی پێوە نێت بۆ قوڵایی دەریاچەکە ڕەنگە بەشێکی مرۆڤایەتی لە غەزەبی ئەم کابرایە پاک بێتەوە.

ئەم لەخەیاڵی کوشتنی ئەبوعابد دا ئەبێت ئەو دەڵێ: بیریشی لێنەکەیتەوە، ئەم سەری سوڕ دەمێنێ، ئەترسێت پەی بەخەیاڵەکەی بردبێت، ئەو دوبارەی ئەکاتەوە، بیریشی لێنەکەیتەوە مەرگی من هیچ شتێک ڕاناگرێت، سەحاف پێی سەیر ئەبێت کە ئەبوعابد خەیاڵەکانی خوێندۆتەوە، ئەبوعابد پێدەکەنێت و دەڵێ: غەیبزان نیم بەڵام بەجۆری نیگاکانتدا لەسەر من و دەریاکە و تەماشا کردنی کۆڵە پشتەکەم کە دەمانچە و چەکەکەش لەتەنیشتیەتی، تێگەیشتم کە ئەتەوێت

بمکوژیت بەڵام خۆت هیلاک مەکە مەرگی من جەنگ و کوشتن ڕاناگرێت چونکە سەدان کەسم ڕاسپاردووە و کەنەبونی مندا لەبری من بیربکەنەوە و بڕیار بدەن، تەنانەت پرۆژەی جەنگی سەدەیەکمان داڕشتووە سەدی وەک منیش بکوژرێت ئەو پرۆژەیە پەکی ناکەوێت. ئەمە بەبێباکی و خەمساردیەوە دەڵێت بەبێ ئەوەی تەماشای بکات . سەحاف هیچ ناڵێ: بەنیشانەی ڕازی بوون تەماشایەکی ئەکات و ڕوودەکاتەوە شوێنی قولاپەکەی.

پاش ماوەیەک بێدەنگی سەحاف بەدەم چاوەڕوانی قولاپەکەیەوە دەڵێ: سەحاف وایدانێ خودایەک هەیە، وایدانێ سروشت خودایە و سزا و پاداشت ڕاستین، تۆ ناترسی لەسزای زەمین و ئاسمان؟

ئەنساری بەبێ ئەوەی ئاوڕباتەوە دەڵێ: بەهمەن بڕوابکە خوداش جگە لەبتێکی خەیاڵی مرۆڤ هیچ نییە، بتێکە لەهەمان ئەو بتانەیە کەئیبراهیم شکاندنی، ئەو بتانەی کەشکاندنی و گوتی: ئەگەر خودان بۆ بەرگری لەخۆیان ناکەن، بەهمەن ئەم خودایەش بەهیچ شێوەیەک بەرگری لەخۆی و ئاینەکەی و کتێبکەی و خوڵقێنراوەکانی وماڵەکانی خۆی ناکات. ببینە من هەزار وشەی ناشیرینی پێدەڵێم، ئاینەکەی سوک و ڕیسوا دەکەم، کتێبەکانی دەسوتێنم، خوڵقێنراوەکانی دەکوژم و سوکایەتیان پێدەکەم، ماڵ و مەعبەد و شوێنە پیرۆزەکانی وێران دەکەم، تەنانەت قەبری پەیامبەران و پیاوچاکەکانیشی هەڵدەگێڕمەوە و ئێسکەکانیان دەسوتێنم. کەچی نەک خودا بەرگریەک بنوێنێت و شتێکم لێبکات بگرە

لەو پەڕی کەیف و سەفادا ئەژیم.

بەهمەنی سەحاف: بەڵام ناچێتە ئەقڵەوە دوو مرۆڤ کەیەکێکیان هەموو تەمەنی لەچاکەکاریدا سەرف کردووە و ئەوی تریان تا تەوقی سەری لەخراپەکاری و خوێنی خەڵکدا غەرق بووە، وەک یەک بژین و تاکۆتایی چێژ لە ژیان ببینن ناکرێت هیتلەر و غاندی یەک حسابیان هەبێت؟ ئەی ئەوە نییە دیکتاتۆر و زاڵمەکانی دونیا کۆتاییان تراژیدیە.

ئەبوعابد: بەهمەن ئەگەر شتێک هەبێت بەناوی سزاوە ئەوە سزای سروشتییە و هیچ ڕەبتێکی بەخوداوە نییە، بۆنمونە: مێش مێشولە ئەخوات، مارمێلک مێش ئەخوات، مریشک مارمێلک ئەخوات، چەقەڵ مریشک ئەخوات، شێر زۆر برسی بێت چەقەڵ ئەخوات، ئابەم جۆرە سروست لەسەر گیانی یەکتر بەردەوام لەبەرەو پێشچوندایە، سەبارەت بەدیکتاتۆر و زاڵمەکانی دونیاش هیچ سزایەک لەگۆڕێدا نییە تەنها ئەوەیە ئیشەکەیان خوێن ڕشتنە و بەخوێن ڕژانیان کۆتایی بەیاریەکە دێت ، هەر ڕێک وەک شۆفێرێک ئاسنگەرێک، وەستایەکی دیوار کەڕەنگە شۆفێرەکە بە ڕوداوی ئۆتۆمبیل لەناو بچێت و ئاسنگەرەکە لەکارێکی قورسدا و و وەستای دیوارەکە لەبینایەک بکەوێتە خوارەوە، ئاوەها دیکتاتۆرەکەش ڕەنگە لەکودەتایەکدا تیاچێت، ئاخر تراژیدیاکانی مەرگمان پەیوەندی بەئیشەکانمانەوە هەیە، پەیوەندی بەخودا و سزای ئاسمانی و ئەم شتانەوە نییە. ئیدی خودا دروستکراوی سەری خۆمانە و جگە لەبتێک هیچی دیکە نییە.

لـەم کـاتـەدا ماسیەکی پێوە بـوو، سیمی قولاپەکەی ئەبوعابد ڕائەوەشێنێت و ئەبوعابد بەپەلە دەریدێنێت و ئەیگرێت بەدەستیەوە و ڕویدەکاتە سەحاف و دەڵێ: بەبڕوای تۆ ئەم ماسیە تاوانی چییە وا خوا سزایدا و کردی بەقولاپەکەی منەوە، ئەمە بەدەم پێکەنینەوە دەڵێت. پاش کەمێکی تر سەحافیش ماسیەک دەگرێت و کاتێک سەرقاڵی لێکردنەوەیەتی لە قولاپەکە ئەبوعابد تەماشای ئەکات و دەڵێ: سەحاف یەکێک لە کارە سەختەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە هەست بەنەبوونی خودا بکەی، ئەوەسەختترین کارە کە دوای تێڕامانێکی دەیان ساڵ و گەڕان بەشوێن خودایا هەست بکەی بوونی نییە، بەهەمەن گەیشتن بەنەبوونی خودا ئاسایی نییە، ئەستەم ترین سات ساتی گەیشتنە بە نەبوونی خودا، بەهەستکردن بە ئەوەی کە خودا جگە لە سێبەرێک هیچی تر نییە.

بەهمەن من لەخۆمەوە نەگەیشتمە ئەم بڕوایەی ئێستام، لەخۆمەوە خـودام لەخۆمدا نەکوشت لەخۆمەوە هەستم بەپوچی ئاینەکان نەکرد، من هەموو کون و قوژبنێکی ئاینەکانم پشکنی، تێکەڵاو بووم لەگەڵ شێوەی خوداکان، هێدی هێدی گەیشتمە دوایـن وێستگەی خودا لەڕوانگەی هەموو ئاینەکانەوە، ئەو چەند هەنگاوێک لێی نزیک ئەبێتەوە و سەبەتەی ماسیەکەش ئەخاتە نێوان خۆی و سەحافەوە و دەڵـێ: بـەڵام ئـەوەی نـەدەبـوو ڕوبـدات ڕوویـدا، ئـەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد ڕوویدا، لەبری ئەوەی زیاتر خودا بچێتە دڵمەوە، خودا لەدڵم تۆرا و هەستم کرد لەدواین وێستگەدا

خودا ڕانەوەستاوە، لەدواین وێستگەی ئایندا جگە لەپوچی و وەهم و بێ بنەمایی و سێبەری دیکتاتۆرێک هیچی ترم نەبینی، من لەخۆمەوە نەگەیشتم بەبێخودایی هەموو لق و پۆپەکانی ئاینم تەی کرد، شوێنێک لەنێو ئاینەکاندا نەمایەوە دەستی بۆ نەبەم، سەرەتا هەرسێ کتێبە بەناو ئاسمانیەکانم پشکنی، تەوراتم چەندین جار ئەم دیوو ئەودیوو کرد، پیت بەپیت و وشە بەوشەیم لێکدایەوە، دەیانجار ئینجیلم خوێندەوە، سەفەرم بەنێو دێرەکانیدا کرد، هەر بەزۆر دەمویست خۆم لەگەڵ فیکری نێو دەقەکاندا بگونجێنم، دەمویست بڕوا بکەم کە ئەوە ئاینی ئاشتیە و توندوتیژی تیا نیە، بەڵام کەمێژووی جەنگەکانم ئەخوێندەوە ، جەنگە ئاینیەکان ئەو جەنگانەی کە بەملیۆن خەڵکیان تیا دەکوژرا، نەمدەتوانی بڕوا بەوە بکەم کە ئەوە خودایەک ناردویێتی و ئەوانەش عەبدی ئەو خودایە بوون. سەحاف ماسی دووەمیش ئەگرێت و دەیخاتە سەبەتەکەوە و ئەبوعابد بەردەوام ئەبێتەوە لەسەر قسەکانی و دەڵێ: دواتر نیوەکەی تری تەمەنم تەرخانکرد بۆ ئاینی ئیسلام، بەڵام خودای ئەم ئاینەش وەڵامی پرسیارەکانی منی نەدایەوە، تینوێتیم لەئاین نەشکا، هەستم بەمەزنی خودا نەکرد، هەستم نەکرد ئەمە ئەو خودایە بیت کە گەردونی دروست کردووە و خاوەنی زەوی و ئاسمان بێت، ئاخر بەهەمەن زۆربەی خوداناسان کاتێک گومانێکت سەبارەت بەخودا شیدەکەیتەوە یەکسەر دەڵین ناکرێت ئەم دونیایە لەخۆیەوە دروست بووبێت، دەڵێن: ناکرێت خولگەی خۆر لەخۆیەوە بخولێتەوە ناکرێت

زەوی و ئاسمان لەخۆیەوە دروست ببێت، ئاخر هاوڕێ وەک چۆن دەکرێت خودایەک لەخۆیەوە دروست بووبێت ئاوەهاش دەکرێت گەردوون لەخۆیەوە هاتبێت، وەک چۆن خودایەک هیچ سەرەتا و کۆتایی نییە دەکرێت گەردونیش نەسەرەتا و نەکۆتایی هەبێت، وەک چۆن خودا خالیقی نییە دەکرێت ئێمەش بێ خالیق بین، دەکرێت وەک کرمی ناو جۆگەلەیەک لەخۆمانەوە خولقابین.

هەست بکە بەهەمەن من لەخۆمەوە نەگەیشتم بە پوچی خوداکان بەشێکی تەمەنی خۆمم بۆ ئاشنابوون بە ئاینەکانەوە سەرف کرد، شەریعەم خوێند، ماجیستێرم لەئایندا وەرگرت، پلەی دکتۆرام بڕی و بووم بەپرۆفیسۆری ئاینی، دواجار زۆر بەی ئەو نوسەر و فەیلەسوف و زانایانەم خوێندەوە کە سەبارەت بە خودا شتێکیان گوتووە، هەموو ئەوانەم خوێندەوە کە بەباش یان خراپ لەخودا ئەدوێن، بەهێندەی بەڵگەی بوون بەڵگەی نەبوونی خوداش هەبوو ئەوە بۆمن سەلمێنەری ئەو ڕاستیە بوو کە خودا جگە لەوەهمێک هیچی تر نییە، گەیشتن بەو حەقیقەتە زۆر ئازاراوی بوو، گەیشتن بەنەبوونی خودا زۆر سەختە.

ئاخر هەموو تەمەنی من تەرخان بوو بۆ تێگەیشتن لەخودا، سەختە ئەو شتەی کە هەموو تەمەنت بۆ تەرخان کردووە هیچ بێت، چەندین ساڵ لەناو بەشی عیرفانیەتی ئاینەکاندا کارم کرد، خوێندمەوە تێکەڵیان بووم، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەم لەسەر کردن، دواجار تێگەیشتم کە عیرفانیەت جگە لەعیشقێکی کوێرانە بۆ خودا هیچی تر نییە. تێگەیشتنی

مرۆڤەکانە لە ئاین لـەڕووە ڕۆحیەکەیەوە ، تێگەیشتم کە ئـەوانـەی لـەڕووی عیرفانیەوە لە ئاین دەڕوانـن و خودا پەرستی دەکەن لەبری ئەوەی بە ئەقڵ بیر لەخودا و ئاین و پەیامبەرەکان بکەنەوە بـەدڵ بیری لێدەکەنەوە، بەڵێ: بەهمەن عیرفانیەکان لەبری ئەوەی لەترسی خودا ئایینداری بکەن عاشقی خودا ئەبن، خودایان خۆش دەوێت، ئەمەش گەرچی مەترسیەکی ئـەوتـۆی نیە بۆ سـەر مرۆڤایەتی، بـەڵام لەبنەڕەتدا جۆرێکی ناتەندروستی ئاینداریە، هیچ شتێک لەعیشقدا ڕاستی نییە، هەر شتێک بەفیلتەری عیشقدا تێپەڕێت بارگراوی دەبێت بەجۆرێک لەشێتی، بارگراوی ئەبێت بە ئالودەبوون، عیشق بۆخۆی جۆرێک لەمەستییە، جۆرێک لەشێتی و فەنابوونە، عیرفانیش بەشێک لەو شێتی و عاشق بوون و فەنابوونەی بەر کەوتووە، ئەوەندەی من لەو بەشەی ئایندا سەرنجمدا و تێکەڵیان بووم بۆمدەرکەوت کە عاریفە گەورەکان سـەرەتا لە سـەر زەمیندا عیشقێکی زەمینیان تاقیکردبوویەوە و پاشان نائومێد ببون لە عیشق و ئەو عیشقە ڕۆحیە ئەوانی ئاسودە نەکردووە، تینوێتیان لەعیشق نەشکاوە، ئیدی ناچار بەشوێن عیشقێکی مەزنتردا گەڕاون و عیشقی خوداییان دۆزیووەتەوە.

بەهمەن خـودی کارەساتەکە لەوێدایە مـرۆڤ ئەگـەر بیەوێت شوێن عیشق بکەوێت عیشق هیچ ڕەنگ و شێوە و سیما و وجودێکی نییە، عیشق بەرجەستە ناکرێت، تەنانەت لەدوای دۆزینەوەی مەعشوقیش مرۆڤ تینوێتی لەعیشق ناشکێت چونکە خودی عیشق جۆرێکە لەسەراب، جۆرێکە

لەتەم تoومان، کەس ناتوانێت دەستی بەعیشق بگات، بەڵام مرۆڤ کاتێ عاشق دەبێت خۆی بەشتانێک فریوو دەدات کەپێ□یوایە ئەو شتە مەعشوقە، بەڵام تەلیسمی عیشق لەوێدایە کە تاکۆتایی مەعشوق بەنادیاری ئەمێنێتەوە، مەعشوق نادۆزرێتەوە، چونکە سەحاف وەک گوتم عیشق تەلیسم و تەم تومانە، واتە هەرگیز مرۆڤ بەمەعشوق ناگات گەر پێی گەیشتی هەست دەکەیت ئەوە مەعشوق نیە، چونکە مەرجی عیشق نەگەیشتنە، مەرجی عیشق مانەوەی عاشقە بەنەگەیشتنی بەمەعشوق، لەوەش گرنگتر ئەوەیە هەمیشە مەعشوق لای عاشق وەک خودای لێدێت، ئەگەر لەباوەشیشی بگرێت هێشتا هەست دەکات پێی نەگەشتووە، هەست دەکات هەڵەیەک لەبابەتەکەدا هەیە، هەست دەکات هەستەکانی درۆی لەگەڵا دەکەن و ئەوە مەعشوق نییە، و مەعشوق لەشوێنێکی ترە، ئاخر ئەوە یاسای عیشقە و دەبێت هەمیشە مەعشوق دوور بێت لەدڵ.

بانمونەیەکی لەیل و مەجنونت بۆ بێنمەوە(دەڵێن لەیل چووە بۆلای مەجنوون کەچی مەجوون پێی گوتووە ئیدی هێندە بەعیشقتا ڕۆچووم پێویستم بەخۆت نەماوە عیشقت خۆتی بیر بردوومەتەوە) بەهمەن عاریفەکان لەعیشقیانەوە بۆ خودا خودایان بیرچۆتەوە و دوای شتێکی تر کەوتوون، دوای تەلیسمی عیشق کەوتوون، کەوتونەتە بۆشای نێوان خودا و عیشقەوە، نێوان دووشت کەبونێکی مەجازی هەیە، کەهیچ بەوجودی مرۆڤ نابەخشێت.

ئەو بەگەرمیەوە بەردەوام ئەبێت و دەڵێ: بەهمەن

عاریفەکان دواجار کەلەیار یاخی بوون، بەدوای عیشقێکی مەزنتردا گەڕاوون، هەستیان کردووە مەعشوق ئەبێت زۆر دوور بێت و هەزاران ساڵی بوویێت تاپێی بگەن، عاشق بڕوا بەو شتانە ناکات کە بەئاسانی دەستی دەکەوێت، بڕوا ناکات مەعشوق ئەوەندە نزیک بێت هەر سات ویستی بیبینێت و بیبیستێت و دەستی لێدات، عاشق مەعشوقێکی ئەوێت کە هەمیشە هەوڵبدات پێی بگات، مەعشوقێکی زۆر دوور کە دڵنیاش نەبێت لەگەیشتن پێی ، تەنانەت دڵی بەچاوەڕوانی و ئازار کێشان و دوودڵی و گومان خۆشە، عاشق بەپێچەوانەی مرۆڤی ئاساییەوە بیر دەکاتەوە، چێژ لـەدووری مەودای خۆی دەبینێت لەگەڵ مەعشوقدا، عاشقی حەقیقی موڵکایەتی نافامێت نایەوێت مەعشوق موڵکی ئەوبێت، نایەوێت هەمیشە لەلای بێت، دەیەوێت بیری لێبکاتەوە، لەخەیاڵیدا هەڵیگرێت، پێویستی بەوە هەیە شتێک هەبێت هەمیشە خەیاڵی پێوە سەرقاڵ بکات.

پیاوە عیرفانیەکان دواجـار خودا ئەخەنە شوێنی ئەو مەعشوقە نادیارە، ئەو مەعشوقە ونە، ئەو مەعشوقە دوورە، ئەو مەعشوقە شاراوەیە، هیچ شتێک هێندەی خودا پرسیار دروسـت ناکات، هێندەی خـودا خەیاڵ ئاڵۆز ناکات، هیچ شتێک هێندەی خودا دور و نادیار و جاویدانی نیە، مرۆڤی عیرفانی چێژ لەم نادیاری و تەلیسماویە دەبینێت، ئەیەوێت مەعشوقەکەی، بپەرستێ، سوژدەی بۆ بەرێت، عەبدی بێت، تا ئەو پـەڕی سنور خۆی بچوک کاتەوە لەبەر دەستیا، عیرفانیەکان دواجار تێدەگەن کە ئەو عیشقە مەزنە شایەنی

مرۆڤ نیە، دەبێت عیشقیان بۆشتێکی مەزنتر هەبێت لای ئەوان ئەو شتە مەزنەش تەنها خودایە.

بەهمەنی سەحاف دێتە ناو باسەکەوە و دەڵێ: ئەنساری کێ بڵێ خودی خودا عیشق نەبێت، کێ بڵێ عیشق بەم هەموو جاویدانی و تەلیسمەیەوە خودا نەبێت، ئاخر ئەوە تەنها عیشقە کە لەڕۆحی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، لەوجودی هەموو ئینسانێکدا هەیە کێ بڵێ ئەمە خودا نەبێت، ئاخر عیشق ئەم هەموو سیحر و جادووەی هەبێت و مرۆڤایەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبێت کێ بڵێ لەبنەڕەتدا دیووی نادیاری خودا نەبێت،

ئەبوعابدی ئەنساری قسەکان بەبەهمەن دەبڕێت و دەڵێ: بەهمەنی سەحاف عیشق و خودا دوودیووی یەک دراون، دوو ڕووی یەک ئاوێنەن، یەک پێناسەیان هەیە، دووشتی نادیارن دووشتی پێویستن، دووشتن زۆر ترین پرسیاریان دروستکردووە ئاخر شتانی نادیار هەمیشە پرسیار دروست دەکەن تەنانەت هەر خودی پرسیاری بوون و نەبوونیان بابەتەکان زەق دەکەنەوە، مرۆڤ هەمیشە ئەیەوێت کەم و کورتیەکانی خۆی بەشتێکدا هەڵواسێت هەندێ جار عیشق و خودا هێندەی یەک کەم و کورتی مرۆڤ هەڵدەگرن و مرۆڤ بۆ پاکبونەوەی خۆی لاریەکانی خۆی ئەداتە پاڵ عیشق یان خودا، ئەها تەماشاکە بەهمەن شاعیرەکان هەندێ جار لەنەبوونەوە عیشقێک دەخوڵقێنن بۆ ئەوەی شیعرەکانیان بۆنی عیشقی لێبێت، کە ئەو عیشقە ئەفسانەییە نەک لەدڵی ئەواندا بوونی نییە، بگرە لەهیچ کوێ بوونی

نیە، لەدڵی کەسدا بوونی نییە، مرۆڤی عیرفانیش بەو جۆرە خودایەک لەنەبوونەوە دێنن و دەیکەن بە مەعشوقی خۆیان و چی جوانی ئەدۆزنەوە لە ڕۆحی خۆیاندا بەیەخەی ئەو خودایەدا هەڵیدەواسن، ئیدی چۆن شاعیرەکان بۆ شیعرێکی جوان پێویستیان بە مەعشوقەیەکی جوانی خەیاڵی هەیە، عاریفەکانیش بۆ وەڵامـی پرسـیارەکانیان بۆ عیشقە مەزنەکەیان پێویستیان بەعیشقێکی مەزن هەیە.

ئاخر ئەنساری گرفتەکە لەوێدایە کە هیچ خاتونێک توانای خۆڕاگری ئەو عیشقە مەزنەی دڵی عاریفەکانیان نییە، عاریفەکان دواجار قودرەتی عیشقیان دەکەوێتە سەرو ئیرادەی مەعشوقەوە، دواجار ئەو شەبەنگە ڕوناکیەی کە لەدڵی عاریفەکانەوە دەردەچێت نەک تەنها خانمێک بگرە لەتوانایدا هەیە شارێک ڕوناک بکاتەوە، دواجـار خانمێک ناتوانێت وەک پێویست وەڵامی عیشقی عاریفێک باتەوە و عاریفەکەش تینوێتی لەکانی عیشقی کچێک ناشکێت و هەست دەکات ئەو ئاوەی پێشر بەدەریای زانیووە ئێستا لێوی ئەو تەڕ ناکات، دواجار مەعشوقیش هەست دەکات ئەو عیشقە بۆ سەرشانی ئەو قورسە و توانای هەڵگرتنی ئەو هەموو ئەوینەی نییە، وەک ئەوەی ئەو تینووی پەرداخێک ئاوبێت و گۆزەیەک شەرابیان خستبێتە بەردەستی، ئیدی ئەو مەستیە دەبێت بەمەستیەکی ئەبەدی و عاریف چیدی بەرگەی بێ هەستی و وشکی و نەزانی مەعشوق ناگرێت و بەشوێن عیشقێکی مەزنتردا ئەگەڕێت کە ئەو عیشقەش تەنها لەعیشقی خودایدا خۆی ئەبینێتەوە.

لەم کاتەدا سیمی قولاپەکەی ئەبوعابد ئەجوڵێتەوە و ئەبوعابدیش ڕادەچڵەکێنێ و بەخێرایی ڕایدەکێشێتەوەو بەهمەن ماسیەکی زۆر گەرە بەقولاپەکەوە دەبینێت، ماسیەک کە لەسەبەتەی ماسیەکاندا جێی نابێتەوە بەدەم لێکردنەوەی ماسیەکە لەقولاپەکەوە و خستنە ناو سەبەتەکەوە کە بەشێک لە کلکی و سەری لەدەرەوەی سەبەتەکە دەبێت دەڵێ: بەهمەن عاریفەکان وەک ئەو سەبەتەیان بەسەردێت کاتێک عیشقی ماسیەکە گەورەترە لەسەبەتەی دڵی ئەوان ئیدی بەشوێن سەبەتەیەکی مەزنتردا ئەگەڕێن، ئەیانەوێت شتێکی بۆ بدۆزنەوە کەشایستەی گەورەیی ماسیەکە بێت دواجار ئەو سەبەتەیەی کە هەمووشتێک و هەمووعیشقێک جێی ئەبێتەوە لەناویدا بەبڕوای ئەوان خودایە.

بەردەوام ئەبێت لەسەر قسەکانی و دەڵێ: بەهمەنی دۆست عاریفەکان بەجۆرێک لەمەستیەوە دەکەونە عیشقەوە لەگەڵ شتێکی نەزانراوی نادیاری دوور کەخۆشیان نازانن ئەوە چ خۆشەویستی و عیشقێکە، بەڵام ئەو مەعشوقەی ئەوان مادەم بوونی نییە، مادەم جەستە نییە، مادەم کەوتۆتە ناشوێنە، مادەم فیزیکی نییە و دەستی لێنادرێت و کەس هەواڵی نازانێت و کەس نەیدیووە و پەیامی پێناگات و دەستی کەسی نەگەشتۆتێ ئیدی بەرگەی نەک شەبەنگی ڕوناکی بەرگەی خۆرێک عیشق دەگرێت، چونکە کەشتێک نەبوو هەرگیز پڕنابێت، کەشتێک نەبوو کەس لێی نائومێد نابێت، خودی سیحری عیشقیش هەر ئەمەیە، سیحرەکەی کە بەتاڵ نابێتەوە هی نەبونیەتی، هی ئەوەیە دەست پێی

ناگات.

سەحاف تۆ ئاگاداری ئەوەی مرۆڤ تانەگات بەعیشق مرۆڤێکی ئاساییە، مرۆڤێکە ژیانی ئاسایی دەژی، بەڵام کە یەکەمین هەنگاوی گەیشتە یەکەمین کوچەی عیشق و بەریەکەمین مەعشوق کەوت ئیدی ژیانە ئاساییەکەی تێکدەچێت، هەست بەبێمانایی ژیان و پوچی ژیان و هیچی خۆی دەکات، هیچ کات مرۆڤ لەجەنگدا هێندەی لەعیشق توشی نائومێدی نابێت، هەمیشە مرۆڤەکان بۆیە دەجەنگن تا دوای جەنگ بەئاسودەیی بژین بەڵام کەمرۆڤ پێی نایە ناو عیشقەوە ئەو ئاسودەییە ئەدۆڕێنێ و هەرگیز لەگەڵ خۆشبەختی یەکناگرنەوە، ئەم نائومێدیە زۆرجار لەشاعیرەکاندا ڕوودەدات چونکە شاعیرەکان زیاتر لەنێو خەیاڵدا ئیش دەکەن و چەشنی شێتەکان قاچێکیان لەنێو خەیاڵدایە و قاچەکەی تریان لەنێو واقیعدایە.

عیشق بۆخۆی بەرکەوتنی مرۆڤە بەڕەشبینی و مەئویسی و خاڵی کۆتایی، کەمرۆڤ هەستی بەعاشق بوونی خۆی کرد، عاشق بوون نەک یاری هەرزەکارانە، عاشق بوون واتە مردن لەبری ئەویدی، واتە توانەوە لەناو ئەویتردا، واتە خۆ ونکردن لەپێناو دۆزینەوەی ئەوی مەعشوق ئەوکات هەست بە نائومێدیەکی تەواو دەکات، چونکە ئەوەسیحری عیشقە، سیحری شتێکە نییە و ناوی هەیە، شتێکە لەهیچ کوێ نیە و کەچی عەرشی هەیە، شتێکە سوپای نیە و مرۆڤەکان ئەخاتە بەندینخانەوە. ڕێک چەشنی تەم توومان وایە، چەشنی تەمێکی چڕ کە لەدوورەوە لەنێویدا چاو چاو

نابینێت، کەچی کاتێک ئەچیتە ناوی ڕوون ئەبێتەوە و هیچ نهێنی و جادوویەکی تیا نییە.

بەهمەن قسەکەی لەدەم وەردەگرێتەوە و دەڵێ: ئاخر عیشق دیوی جوان و نابوتی هەیە، مرۆڤەکان ئەکات بەدێوانە، جەللادەکان دێنێتە سەرچۆک و قوربانیەکان ئەکات بەدیکتاتۆر، عیشق هیتلەری والێکرد دەیان ملیۆن جولەکە بکوژێت تەنها لەبەر ئەوەی کە کچە جولەکەیە پێی ڕازی نەبوو، کێ بڵێ ئەم عیشقە دەستی خودای تیا نەبێت، خودا خۆی عیشق نەبێت، ناکرێت ئەم هەموو ئەفسانەیەی پشت عیشق لەخۆڕابن، ناکرێت ئەم هەموو تەلیسم و جادووەی عیشق وەهم بێت، ناکرێت عیشق ئەم هەموو هێزەی هەیە وەک تەم سەیری بکەین، دەشێ عیشق شتێک بێت لەودیوو ئیرادە و تێگەیشتنی ئێمەوە، دەکرێت وەک چۆن کەس نەچۆتە سێگۆشەی بەرمۆداوە ئاوەهاش کەس نەگەشتبێتە ئەودیوو سنورەکانی عیشقەوە، ئەی ئەوە نییە ئەوەی لە عیشقی حەقیقی نزیک ئەبێتەوە ژیانی جۆرێکی سەیری لێدێت، ماتیەکی سەیر دایدەگرێت، توانای زۆر قسە کردنی نامێنێت، بێدەنگیەکی جاویدانی ڕووی تێدەکات و بەجۆرێ لەجۆرەکان خەڵوەت نشین ئەبێت، پێکەنینی بیر ئەچێتەوە، بەشێوەیەکی جدی تەماشای ئەبوعابد ئەکات و ئەڵێ: ناکرێت عیشق هەموو ئەم شتانە بەسەر مرۆڤدا بێنێت و دواجار خودی خۆی هیچ نەبێت، من گومانەکەم خودی عیشق یان خودایە یان لە دەستی خوداوە دوور نییە.

ئەبوعابد ئەڵێ: بەهمەن لەبەر ئەمشتانە ئەتوانین بڵێین

لای عاشق زۆرجار عیشق و خودا تێکەڵ دەکرێت، خودایان لێدەبێت بەعیشق و عیشقیان لێدەبێت بە خودا، زۆرجار تەنها لەناو بازنەی خاڵی عیشقدا خول دەخۆن و تاکۆتایی نەخودا ئەدۆزنەوە و نەبارگاوی بونیان بەعیشق خاڵی ئەبێتەوە. ئـەوان خـودا پەرستی ناکەن، دوای تەلیسم و واهیمەی عیشق دەکەون، دوای خەیاڵەکانی سەری خۆیان دەکەون، دوای ئەوە دەکەون شەبەنگی عیشقی دڵیان خاڵی کەنەوە، عاریفەکان پێش ئـەوەی پێویستیان بەخودایەک هەبێت پێویستیان بەمەعشوقەیەک هەیە، پێویستیان بەشتێکی گەورە هەیە کە شایەنی ئەو عیشقەی دڵی ئەوان بێت، ئەوان جگە لەعیشقێکی کوێرانە بۆشتێکی نادیار هیچی تریان نییە.

لەوێدا ماوەیەکی زۆر بێدەنگی ئەکەوێتە نێوانیانەوە و نە سەحاف پرسیار ئەکات و نە ئەنساریش قسە دەکات، دواتر تا ئێوارە خەریکی ماسی گرتن دەبن و ئێوارەیەکی دڕەنگ بەدەم شوێنی مانەوە چاک کردن و ئاگر کردنەوەوە بۆ ماسی بـرژانـدن، ئەبوعابد ئـەڵـێ: بەهمەنی سەحاف کاتێک تێکەڵی ڕەوتی سەلەفیەت بووم، کاتێک ئیشم لەناو سەلەفیەت و سەلەفیەکاندا کرد، هەستم کرد عیرفان و سەلەفیەت زۆر جیاوازن، عیرفانیەت تەنها عیشقە بۆ خودا و خولْقاوەکانی کەچی سەلەفیەت خودا ناسیەکی ترسناکە، لەخۆشەویسیان بۆ خودا، بوون بە دوژمنی هەمووشتەکانی دی، دژی ئاینەکانی دی ڕادەوەستن، دوژمنی سەرسەختی ئەوانەن کە لەسەر ئاین و ڕەوتەکەی ئەوان نین، تەنانەت لـەشـەڕدان لەگەڵ پیاوانی هەمان ئاین کە لەڕەوتەکەی

ئـەوان نین، ئـەوان زۆر بـاش مومارەسەی توندووتیژی ئاینی دەکەن و بەرهەم هێنەری توندوتیژی ئاینین، ئەوان بەناڕاستەوخۆ و بەهاندان و ستایش کردن و باسی دۆزەخ و بەهەشت و سزاو پاداشت هانی گەنجان ئەیەن بۆ جیهاد و خود کوژ و خۆتەقاندنەوە و دانانی تەقینەوە و هەڵەی گەورە، ڕاستە بەکەمی ڕوودەدات کە ڕاستەوخۆ گەنجان هانبدەن، بەڵام ناڕاستەوخۆ هەمووشتێک دەکەن، بەگاڵتە کردن و سوکایەتی کردن بە ئاینەکانی تر ڕقی گەنجان بەرامبەر بـەو ئاینانە ئەستوور دەکـەن، بەسوکایەتی و جوێندان و قسەی نەشیاو بە چینی نوسەران و رۆشنبیران و پێشکەوتووخوازان جەنگێک دەخەنە دڵی گەنجانی ئایندار و ئەوانی تـرەوە و وەک بۆمبێکی تەوقیتکراو ئامادەیان ئەکەن و هەرکات ڕێخراوێکی تیرۆریستی پێویستی بەگەنج بێت سود لەتوڕەیی و دڵگەرمی ئەو گەنجانە وەردەگرێت و دەبن بەسوتەمەنی جەنگەکان، تەنانەت من خۆم سەدان مەلا و وتار بێژم لەم ڕەوتانە بەکرێ گرتووە تا گەنجانم بۆ ساز و ئامادە بکەن، گەنجانی سەرلێشێواوی ئاین پەروەر و گەنجانی هەرچی و پەرچی کە بۆ پاکبوونەوە، رۆحی خۆیان ئەدەنە دەست مافیا و بازرگانانی ئاین و ئەوانیش بەبرەپارەیەکی زۆر دەیانفرۆشن بە ئێمە، بەڵێ بەهمەن من بەشێکی گەنجانم لـەو مەلایانەوە دەسـت دەکەوێت، لەو وتاربێژانەی دەکرم سەلەفیەت بەشێکی ئیشەکانی من جێبەجێ دەکات، هاوکاریم دەکەن لەپلانە درێژخایەنوکانمدا سـەبـارەت بەکوشتنی خـودا لـەدڵی مرۆڤایەتیدا، ئـەوان

تاوەکو توندتر بن زیاتر خودا لەدڵی خەڵکدا ئەکوژن، توند بوون لە ئایندا وەک دڕکێکی لەشی مرۆڤ وەهایە کە چۆن لەش دڕکێک فڕێدەداتە دەرەوە و قبوڵی ناکات و بەتەنێکی نامۆی دەزانێت کاتێک نوێنەرانی ئاین توند بوون و خودایان وەک دیکتاتۆرێکی سزادەر نیشانی خەڵکدا ئیدی کەس خۆشەویستی بۆ ئەو خودایە نامێنێت، ڕێک پێچەوانەی عیرفانیەت بیر دەکەنەوە و ئەوەی عیرفانیەت بەخۆشەویستی خودایی دروستی دەکات ئەمان بەڕقی ئیلاهی دەیڕوخێنن، بەڵام ئەوەش بزانە من ئەم ڕەوتەم دروست نەکردووە ئەمانە خۆیان هەر لەدێرزەمانەوە هەن و زۆربەی دەسەڵاتەکان لەبەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دێنن، ئەوان نایەن خۆیان هەڵبژێرن یان بەشداری لەهەڵبژاردن بکەن دێن دەڵێن سەرۆکەکان وەلی ئەمرمان و بەشداری کردن لەکایە سیاسیەکان حەرامە، ئەوان لەزۆربەی وڵاتەکاندا پشتگیری تەواوی دیکتاتۆرەکان دەکەن، ڕەخنە لەئازادی تاک و مومارەسەی کاری دیموکراسیانە دەگرن و بەحەرامی دەزانن کە مرۆڤ باسی دیموکراسی بکات، زۆر شت دەکەن، ڕێک بەپێچەوانەی جوانیەکانەوە قسە دەکەن، لەشی ئافرەت بەحەرام دەزانن و فتوای ئەوە دەردەکەن کە ژنان بۆیان نییە لەماڵ بێنە دەرەوە و ئیشی ئەوان ئەوەیە کەلەماڵەوە مناڵ بەخێو بکەن، هەندێک جار ژن بەمریشک پێناسە ئەکەن و دەڵێن خودا بۆ مناڵ بەخێو کردنی دروست کردووە، تەنانەت خوێندن و فێربوون و زانستیان لێ حەرام دەکەن و دەڵێن ئەوانە ئیشی ژن نین، تەنانەت باس

لەوەش دەکەن کە ژن ئەگەر زۆر پێویستی بەوە هەبوو بچێتە دەرەوە دەبێت تەنها چاوی بەدەرەوە بێت و لەلایەن گەورەکانیانەوە لە مناڵ زیاتر چاودێری بکرێن. لای ئەوان ئافرەت نابێت ئۆتۆمبیل لێخوڕێت.

ئەو هەر بەدەم ماسی برژاندنەوە دەڵێ: بەڵام بەهمەنی سەحاف ئەم کارانەی ئەوان خزمەت بەپرۆژەکەی من دەکات هاوکاریم دەکات تا زووتر خودا بکوژم، یارمەتیم دەدات زووتر خودا لەدڵی ئادەمیزادەکاندا بسڕمەوە، بەڵام بۆ خێراکردنی مەرگی خودا من لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا سەرمایەیەکی خەیاڵیم خستۆتە بەردەستی گەورە سەلەفیەکان و هەزاران دەزگای ڕاگەیاندنم بۆ کردوونەتەوە و سەتەلایتم بۆ داناوون و لەوێوە دەستیان کردووە بەهێرش کردن بۆ سەر هەموو کۆمەڵگا جگە لەڕەوتەکەی خۆیان.

ئەوان هونەر و مۆسیقا و ئەدەب و جوانی ناسی و پێشکەوتن و ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و یەکسانی نێوان ئینسانەکان بەکوفر ئەزانن و ئەیانەوێت وێنەیەکی تەڵخ و تاریکی ئاین نیشانی کۆمەڵگا بدەن و ئاین لەسەر خەڵک قورس بکەن و وێنەی دیکتاتۆرێکی زاڵمی خودا بخەنە بەر چاوی خەڵک دێن دیوە نابوتەکەی ئاین نمایش ئەکەن و بەو کارەشیان بەشێکی زۆری خەڵک تاقەتی خودا پەرستی نامێنێت، دێن دەڵێن ئەگەر سێ هەینی نوێژت نەکرد تۆ بەمونافیق و کافر حسابیت، دەڵێن ئەگەر نوێژ نەکەی کافریت، ئەگەر حەجت نەکردبێت ئیمانت تەواو

نییە، ئەگەر نەچیتە مزگەوت ئیمانت نییە، ئەگەر پانتۆڵەکەت درێژ بێت بەئاگر دەسوتێیت، ئەگەر ڕۆژی هەزار جار ناوی خودا نەهێنیت، کێشەیەک لەخودا پەرستنتا هەیە، ئەمانە و هەزاران ئەگەری تر ئەخەنە دڵی ئەو خەڵکەوە و بەجۆرێک شتەکان لەسەر خەڵک توند ئەکەنەوە کەهیچ کەس وەک پێویست ناتوانێت مەرجی خواپەرستیان جێبەجێبکات.

دواجـار دێـن هەموو ئـەو مەرجانە لەسەری جیهاددا ئەشکێنن و ئەڵێن ئەگەر هەموو ئـەوانـەش نەکەی تەنها جیهاد بکەی و لەپێناو خـودایا کـافـران بکـوژی مـژدەی جەنەتت پێدراوە، دەڵێن ئەگەر لەپێناو خودایا بجەنگیت و بێبڕوایان بکوژی و خاک و ماڵ و موڵک و ژنی کافران داگیر بکەی ئەوا پێویستت بەو هەموو مەرجەی خودا نییە و شوێنت بەهەشتە. ئیدی لەوێدا ئامانجەکەی من وەدی دێت و لەکوشتنی خوداوە نزیک دەبمەوە و لەپرۆژەکەی خۆمدا بەکاریان دێنم.

بەهەمەنی سەحاف ئەم پێگەیشتنەی من ئاسایی نەبوو هەموو تەمەنی من خودایەکی خـورافـی بـردی، ئاینێکی دەەستکرد لەناویبرد، تەمەنی من ئەو خودایە لەناوییبرد، شوێن کەوتنی ئەو خودایە لەناوییبرد و ئەو نەیهێشت چێژ لە ژیانی خۆم وەرگرم تەنانەت ئێستاشم کە شوێن کوشتنی خودا کەوتووم هەمان گیرۆدەبوونمە بەخوداوە و ناتوانم ژیانی ئاسایی خۆم بژیم. بڕوادەکەی بەهمەن من دەیان شەو و ڕۆژم بەگریانەوە بەسەر بردووە لەعەزرەت ئەم پێگەیشتنە، هەرگیز حەزمنەدەکرد خودا بوونی نەبێت.

ئاخر کێ حەزدەکات دوای دەیان ساڵ سەری بەرزەبرێک بکەوێت و هەست بکات دوای وەهم کەوتووە، من وەک ئەوانەم لێهات کە چەندین مەتر ئەچنە ژێر زەوی و گەنجینەیەک ئەدۆزنەوە بەڵام گەنجینەکی خاڵی دەبێت، منیش دوای ئەو هەمووساڵە گەنجینەیەکی خاڵیم دۆزیەوە گەنجینەیەک کە دەبوو خودا لەناویدابێت کەچی هیچی تیانەبوو، وەک ئەوە وابوو دوای نێچیرێک کەوتبم و دوای دەیان ساڵ بۆمدەرکەوتبێت کە ئەو نێچیرە جگە لەسێبەری خۆم هیچی تر نەبووە.

ئەو ماسیەکان لەسەر تەلی ماسی برژاندنەکە هەڵدەگێڕێتەوە و بەردەوام ئەبێتەوە و دەڵێ: بەهمەن سەختە دوای دەیان ساڵ سەرت لەهیچەوە دەرچێت، بڕوا دەکەی گەمژەیی زۆر جار لەوە باشترە سەرت لەهیچەوە دەرچێت، گەر پیاوێکی دینداری گەمژەبوومایە تەنها ئەوەم لەکیس دەچوو کە رۆژانە چەند خولەکێک کاتی خۆمم بۆ ئاین تەرخان کردووە بەڵام من تا ئەو کاتە گەشتبوومە پرۆفیسۆری لەئایندا واتە پرۆفیسۆری گەمژە، هەزاران جار بەدەم گریانەوە خۆزگەم دەخواست کە گەمژەیەک بوومایە و بیرم لەهیچ نەکردایەتەوە و هیچ پرسیارێک لەمنا نەوروژایە.

بەهمەن بڕوابکە ئیشی گەمژەکان ئاسانە، ئەوان دڵی خۆیان بەهەندێ شتی بێبنەما خۆش دەکەن، رۆژانە هەندێ دەستووری ئاینی جێبەجێ دەکەن و ئیدی لەلای ئەوان گرنگ نییە خودا چیە و لەکوێوە هاتووە و بۆچی ئەو یاسا

و دەستورانەی بەسەردا سەپاندوون، چەشنی کۆیلەیەک کەهەرگیز پرسیار لەئاغاکەی ناکات، هەندێک لەمرۆڤەکان بەو جۆرە دوای ئاین کەوتوون، خوداکەیان هەرچی گوت جێبەجێی دەکەن و هەرگیز پرسیار ناکەن.

بەڵام بەهمەنی سەحاف بۆ کەسێک کەبیر بکاتەوە و پرسیاری هەبێت و خەیاڵی جاویدانی بچێتە سەریەوە، ئاسان نییە بڕوا هێنان بەخودا، مرۆڤ کەتوانای ئەوەی هەبوو بیر لەپەیدابوونی خودا بکاتەوە ناتوانێت بڕوا بە خورافیات بکات، ناتوانێت بڕوابکات کەحیکایەتە ئەفسانەیەییەکان ڕاستی بوون و خودایەک هەبووە و پەیامبەری ناردووە و ئەو هەموو خوێنەی کە لەجەنگە ئاینیەکاندا ڕژاوە ئەو خودایە فەرمانی کردووە.

بەڕاستی سەختە مرۆڤی ئەم سەردەمە لەئاین قوڵبێتەوە و دیراسە و خوێندنی بکات بەئاینی و بگاتە پلەی پڕۆفیسۆری یان بەشێک لەئاین تەواو بخوێنێت و بەناو قوڵاییەکانی ئاین و مێژووی ئاین و بەشەکانی ئایندا ڕۆچووبێت و هێشتا بڕوای بەئاین و خودا هەبێت، هێشتا خودا بپەرستێت، پێم سەیرە مرۆڤی وشیاری ئەم سەردەمە خوداپەرستی بکات، سەیرە ئاخر لەو کتێبانەدا شتانێک نوسراون بەناوی خوداوە مەگەر مرۆڤ زۆر ساویلکە بێت بڕوای پێبکات، من خودام زۆر لاگرنگ بوو تا ئەوکاتەی ئاینەکان و خوداکانم خوێندەوە، سەیرە بەلامەوە خەڵکانێک بەقوڵی خودا و ئاینەکان دەخوێننەوە و هێشتا خودایان لاپیرۆزە، ئاخر بەهمەن ئاسایی بووە هەزاران ساڵ پێش ئێستا و لەو سەردەمەدا

کە مرۆڤ هیچ پێشکەوتنێکی بەدەستەوە نەبووە و هیچ لەدونیا تێنەگەشتووە و سروشتی نەناسیوە و نەیزانیوە هۆکاری دیاردەکان چییە، نەیانزانیوە باران چۆن دروست ئەبێت و چۆن ئەبارێت، یان بەفر لەچیەوە چۆن ئاوای لێدێت، پێشتر نەیانزانیووە هەورەگرمە و هەورە بروسکە چییە و لەچیەوە دێت، وایانزانیووە تورەیی خوداکانە، نەیانزانیوە هەورەگرمە کارەبایەکە لەجیاوازی بارگە وزەکانەوە دێتە بەرهەم و دەتوانرێت ڕادەی وزەکەشی بپێورێت. و تۆفان و بومەلەرزە چۆن دروست ئەبن و هۆکارە سروشتیەکانی چین.

ئـەوان خـەریکی مـاسـی خــواردن ئـەبـن و ئـەبوعابد بـەلـلـەزەتـەوە مـاسـی ئـەخـوات و بــەدەم خـــواردن و خـواردنـەوەی شـەرابی سـورەوە دەڵـێ: بەهمەن مرۆڤی سەرەتایی پێویستی بەخودا هەبووە تا هەموو دیاردەکان ببەستنەوە بەخوداوە، ئەوان نەیانزانیوە مانگیران و خۆر گیران دیاردەی سروشتی و گەردونی و ئاساین، زیکریان کردووە و لەخودا پاڕاونەتەوە بۆ بەربوونی خۆر و مانگ، ئەوان زانستی ئێستایان لەبەردەستدا نەبووە، تا بزانن ئەوە دیاردەیەکی سروشتی و گەردوونیە، بۆ مرۆڤی سەرەتایی ئاسایی بووە هۆکاری ڕودانی هەموو ئەو دیاردە سروشتی و گەردونیانە بگێڕێتەوە بۆ خودا و بڕوای تەواوی هەبێت کە خـودا لەپشت هـەمـوو شتێکەوە هەبێت، وە ئاسایی بووە هەرکەسێکیش هەستێت و بڵێت من پەیامبەری ئەو خودا گەورەیەم و ئەو ناردوومی بۆ ڕێنوێنی کردنی ئێوە،

ئاسایی بووە ئەوان فریادرەسێکیان ویستووە، دڵخۆش بوون بەوەی کە بەهەندێ زیکر و خوداپەرستی غەزەبی دیاردە سروشتیەکانیان لەکۆڵ بێتەوە و ڕەزامەندی خودا بەدەست بێنن و ڕزگاریان ببێت لەتۆفان و لافا و بومەلەرزە و بروسکە و خۆر و مانگ گیران، ئەوان خودایان بۆ ئەوە پەرستووە بیانپارێزێت، خودایان بۆ ئەوە نەپەرستووە ببن بە کۆیلەی و لەپێناویدا بەرببنە گیانی یەکتر و بەناوی غەزا و جیهاد و ئەنفال و چی و چییەوە لافاوی خوێن هەستێنن.

شەو بەدەم تەماشا کردنی ئاسمانەوە دەڵێ: مرۆڤی سەرەتایی و ئەوانەی هەزاران ساڵ پێش ئێستا ژیاون کەسانی زۆر سادە و ئاسایی بوون و لەو پەڕی هەژاری و دواکەوتوویدا بوون و هەرچیەک بەناوی خوداوە بگوترایە قبوڵیان دەکرد چونکە پێویستیان بەخودا هەبووە، چونکە وایانزانیوە خودا ئەبێتە فریادڕەسیان، وایان زانیوە خودا لەهەژاری قوتاریان دەکات. ئیدی کەسانێکیش هەبوون کە بەهۆی بازرگانی و گەشتەکانیانەوە دونیایان بینیوە و لە ئاینەکانی پێش خۆیان سودیان وەرگرتووە و لەکۆی ئاینی چەند نەتەوەیەک و چەند ئەفسانەیەکی دێرین ئانێکی نوێیان داناوە و دواتر گەڕاونەتەوە بۆلای میللەتە هەژار و ڕەش و ڕوتەکەیان و بەدوو قسە قەناعەتیان پێکردووون کە نێردراوی خودان.

بەهەمەنی سەحاف ئەو شەوە هیچ ناڵێت هەست دەکات ئەنساری لەوە زیاتر ئامادەی کوشتنی خودایە کە ئەم چاوەڕێی بووە، هەست دەکات ئەو دەمێکە خۆی

بۆ کوشتنی خـودا ئامـادە کـردووە و لەبری بیانوویەک هەزاران بیانووی بۆ مەرگی خودا داتاشیووە. ئەو شەوە هیچ نالێت تەنها گویٚ لە ئەنساری دەگریٚت و تەماشای ئاسمان دەکات . بەیانیش کە خەبەریان ئەبێتەوە بەخێرایی دەست دەکەن بەگەڕانەوە و تانویوەی ڕێگا دێن و دواتر دەگەنە سەر ڕاستە ڕێگایەکی ئۆتۆمبیل و ئەنساری داوای ئۆتۆمبیل دەکات و دێن بەدەمیانەوەو دوای شەو ڕۆژێک لەپشوودان بەیانیەک بەهمەن خەبەری دەبێتەوە و ئەنساری نابینێت لەجێگاکەیدا، بەیانیەک ئەو ڕۆشتووە و تەنها پارچە کاغەزێکی بەجێهێشتووە و تیایدا نوسراوە

( بـەهـمـەن چـاوەڕێـبـە زوو دێـمـەوە بـە پیاوەکانم گوتووەئاگایان لێت بێت و خزمەتت بکەن) ، ئەو لەدوای هەفتەیەک دێتەوە، بەڵام هیلاک و پەرێشان نزیکی شەو ڕۆژێـک پشـوو دەدات و لـەپاشـان دەڵـێ: ئـەم هەفتەیە دەستمان کـرد بە بەشی دووەمـی پلانی ڕزگـار کردنی دونیا لە گەمژەیی، ئەم هەفتەیە چەند شارێکی وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتمان داگیر کردو لەویٚ وتارێکم پێشکەش کرد و تیایدا ئاماژەم بەوەداوە کەپێویستە جگە لە خودا هیچ شتێک پیرۆز نەکەین، لەم هەفتەیەوە هێزەکانمان کەتوونەتە وێران کردنی پەرەستگاو قەبری پێغەمبەران و شوێنە ئاینیەکان ، ئەمەوێت ئەوەی بۆنی خودا و ئاینی لێبێت خاپوری بکەم، کاتێک ئەمەم جێبەجیٚ کرد ئیدی خـودای دروسـت کراو بەتاقانەیی ئەمێنێتەوە و کوشتنی زۆر ئاسان ئەبێت، ئێستا جەنگەکە دروسـت بـووە لەنێوان ئێمە و بەشێک لەخودا

ناسان و هێزی ئەو دەوڵەتانە، لەم هەفتەیەدا جیهان ڕزگاری بوو لە هەزاران پیاوی شەڕانگێز، لەهەزاران پیاوی جەللاد ، لەهەزاران پیاوی ئێمە و ئـەوان، ئێستا یاریەکە دەستی پێکردووە ، یاریەک کە زۆرترین پیاوی جەللاد و گەمژەی تیا دەکوژرێت، ئـەوەی بیەوێت بەرگری لەخودا بکات و ئەوەشی بیەوێت بەگژ خودایا بچێت ئەبێت بکوژرێت و لـەدوای ئەم جەنگە دونیا ڕزگاری دەبێت لەخودا و لەبێ خودا و لەگەمژە و لەجەللاد و لەقوربانی بەهمەنی سەحاف بەحەپەسانەوە گوێی بۆ دەگرێت .

ئەبوعابدی ئەنساری دەڵـێ: بەهمەنی سەحاف من لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە هاتووم تا دوونیا ڕزگار بکەم لەدەست گەمژەیی و توندڕەویی و هەژاری و دەروونە شەڕانگێزەکان، ئەوە یاسای سروشتە کە جەللادێک و قوربانیەک لە کۆڵانێکدا کۆدەکاتەوە، دەبێت ئەقڵی ئینسان لەیەکیان جیاکاتەوە، جەللادەکان بۆ یەک بەرەی جەنگ و قوربانیەکان بۆیەک بەرەی ژیانی ئاسایی، من لێرەم تا ژیانی ئەوانە تەواو بکەم کە ناتوانن ئاسایی بژین، ئەوانەی کە دەیانەوێت، ژیانێکی جیاوازیان هەبێت، زۆر کەس دەیەوێت بۆ شتێکی بچوک بژی، هەیە تەنها ناوبانگی دەوێت ناوبانگێکی چەند ڕۆژە، من کاری ئەوانە ڕێک دەخەم کە بۆ ژیان نەهاتوون، ئەوانەی کە ناتوانن وەک ئینسان بژین، ناتوانن چێژ لەجوانیەکان وەرگرن ناتوانن عاشق بن و دەستی مەعشوقەیەک بگرن و لەباخچەیەکدا بۆن بە گوڵەکانەوە بکەن ، من بۆ ئەوە لێرەم تا ئەوانە بنێرمە بەرەکانی جەنگ کە ڕوناکی لەچاوەکانیاندا

بەدی ناکرێت، ئەوانەی کە شەوڕۆژ لەیەک ناکەنەوە، بۆنی باروت و گوڵ لەلایان جیاوازی نیە، ئەوانەی کە کوڕی شەوە بێ ئامانجەکانن، شەوانی بێ عیشق، شەوانی بێ جوانی، شەوانی بێ میهر، ئەوانەی لەو شەوانەدا دروست بوون کە ژن و پیاوێکی بەد مەست لەباخەڵی یەکدا نوستوون و ئەوانی تیا بەرهەم هاتووە، ئیدی هەموو ئەوانە پەیوەندی بەمن و گروپەکانمەوە دەکەن و سەدان و هەزاران گروپی بچوک بچوکیان پێدروست دەکەم و لەجەنگەکاندا کۆتاییان پێدێنم .

ئەوان لەباخچەی حەوشەی کۆشکەکەدا پیاسە دەکەن و بەدەم پیاسەوە سەحاف دەپرسێت باشە ئەی هەژارەکان گوناهیان چیە، ئەوان بۆچی باجی هەژاری بدەن ، بۆچی ئەوانیشت لەلیستی ئەوانەدا داناوە کە بڕیارت داوە لەناویان ببەی؟

ئەنساری: ئاخر ئەوە من نیم بڕیاری مەرگی ئەوانەم دەرکردووە ، ئەوە واقیع خۆیەتی دەیسەپێنێ بەسەر ئەواندا، هەژارەکان هەمیشە دەبن بەبار بەسەر کۆمەڵگاوە ، هەمیشە هەژارەکان مەترسین بۆ سەر جوانیەکان، هەژارەکانیش چەشنی گەمژەکان هەمیشە بۆ بیانووی جەنگ دەگەڕێن و خۆیان لەهیچ جەنگێک ناپارێزن و هەمیشە لەسەرپێن بۆ جەنگ ، هەژارەکان باشترین خۆراکی جەنگەکانن، ئەوان هیچیان نیە لەدەستی بدەن ، هیچیان نیە بیدۆڕێنن ، وەک قومارچیەک بەبێ سەرمایە لەسەر مێزی قومار دادەنیشن ، بۆیە لەهیچ ناترسن و لەهەموو بارەکاندا خۆیان بەبراوە

دەزانن، بەهمەنی برام من ئەم هەفتەیە سەرقاڵی ئەوە بووم کە ئاواتی ئەوانە وەدی بێنم، ئەم هەفتەیە پرۆژەکەم کەوتە قۆناغی دووەمەوە ، قۆناغی دروست کردنی جەنگەکە لەچەند لایەکەوە قۆناغی ئەوەی کە ئەمانە ئاواتی پێدەخوازن، ئەوان پێویستیان بەیاری جەنگ هەیە پێویستیان بەوە هەیە سەرقاڵی یاریەک بن تا گەمژەیی و هەژاری و جەللادی و نابوتیەکانی ژیان لەبیری خۆیان بەرنەوە، دەشێ بەشێکی زۆری نابوتیەکانی دونیا دەستی هەژارەکانی لەپشتەوە بێت، ئاخر مرۆڤ کەنانی نەبوو بیخوات هەمووشت دەکات تا دەستی لەنان گیر دەبێت، مرۆڤی برسی بیر لەجوانی دونیا ناکاتەوە بیر لەمرۆڤایەتی ناکاتەوە بیر لەوە ناکاتەوە چی باشە و چی خراپە چی یاساییە و چی نایاساییە، مرۆڤی برسی گوێ بەشکانی ئاوێنەی جوانیەکانی ژیان نادات ، گوێ بەوە نادات لەدوایەوە چ جێدەمێنێ تەنها بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن لەبرساندا نەمرێت، برسی وەک گەمژەیەک بیردەکاتەوە ئاخر گەمژەکان هەموو کارێک دەکەن ، دەتوانن دونیا خاپور کەن و بیر لەمەرگی چۆلەکەیەکیش نەکەنەوە، لەبەر ئەوە هەژارەکان خۆیان دێن و ڕوو لەسوپاکەی من دەکەن و ئاڵاکەی من لەسەر سەری خۆیان دادەنێن، ئەوان خۆڵەمێشی هەموو شۆڕشەکانن و دواجاریش یەک دوو کەسیان دەچێتە سەرکورسی باقیەکەیان دەبنە خۆراکی جەنگ ، ئیستاش ئەوان ئەم جەنگانەی من دەڕازێننەوە و منیش بەم جەنگانە لەکۆڵی دوونیایان دەکەمەوە ، ئیدی لەوە باشترە بە پیاو کوشتن و دزی و وێران کردنی شار و

شەقامەکان بەدوای ناندا ڕاکەن، لەلایەکی تریشەوە ئەوان هیلاکن بەدەست ژیانەوە دێن تا ژیانی خۆیان کوورت بکەنەوە.

بـەڵام جەللادەکان و جەنگاوەرەکان و چەکدارەکان تینوی خوێنن، تینوی پەلاماردانن ، تینوی کوشتنی مرۆڤن، تینوی ئەوەن ئەهریمەنە نوستووەکەی ناو خۆیان وەئاگا بهێنن، ئیدی ئەمانە ئومێدی ژیانیان دۆڕانـدووە ، ونیان کردووە ، لەدەستیان داوە، بەهەرجۆرێک هەیە ئێستا بێ ئومێدترین مەخلوقن، ئەوان ئومێدی ژیانیان لەدەست داوە و من ئومێدی مەرگیان پێدەدەم، مەرگیش جۆرێکە لەئومێد، ئەوانەی بێ ئومێدن دەبێت ئومێدێکیان بۆ دیاری بکرێت تابۆی بمرن، ئەوان گەر ئومێدی مەرگیان نەدەیتێ دونیا خاپوور دەکەن .

ئـەو ڕۆژە بەهمەنی سـەحـاف تەنها گـوێدەگـرێت و جـارجـارەش پرسیارێکی بچوک دەکـات، لەئێوارەیەکی سوردا لەهەمان باخچەی حەوشەکە مێزیان بۆ دەڕازێننەوە و ئەبوعابد بەدەم هەڵدانی شەرابی سورەوە دەڵێ: هاوڕێ ئەم ماوەیە شتی زۆرت بینی ، ژیانی زۆربـەی چینەکانی کۆمەڵگات بینی، هـەر لەکۆڵانی هـەژار نشینەکانەوە تا شەقامی سۆزانیەکان و تایانەی سەرخۆشان و ژیانی ئـەوانـەی کە مـاددەی هۆشبەریان دەکێشا و کریکار و هەرچی و پەرچیەکان تا دەگات بە پیاوەشەهوەت بازەکانی مەلهاکان تۆ خـۆت هەموویت بینی ، من کەسم بـەزۆر نەکردووە بەچەکدار و جەللاد ئەوان خۆیان منیان دروست

کردووە ئەگەر ئەوان نەبن من هیچ نیم و هیچم پێناکرێت هەموو ئـەوانـە پەنایان بەمن گرتـووە تا مردنیان نزیک بکەمەوە، خۆت هەموویانت بینی چ سەرباز و جەنگاوەر چ چەکدارەکان ئـەوان عاشقی جەنگن ، ئـەوان کۆمەڵێک جەنگاوەری ئەزەلین، کە پێویستیان بەوەهەیە جەنگێکی جوانیان بۆ دروسـت بکرێت تا شارەکان وێـران نەکەن، ئـەوان هیچیان نیە و بڕواشیان بەوە نیە هیچیان هەبێت دەیانەوێت مانایەک بۆ مردنەکەیان بدۆزنەوە ، ئەی ئەوەنیە زۆر کەس بەبێ مانایی خۆی دەکوژێت، مردن ئەستەم ترین کارە کە مرۆڤ ناتوانێ بیری لێبکاتەوە بەلام هەندێک کەس بیر لەوە دەکەنەوە کە مانایەکی هەبێت، گەرچی کەمرۆڤ مرد ئیدی هیچ مانایەک وجودی نامێنێ بەڵام ئەوان وابیر دەکەنەوە کە لەپێناو شتێکدا ئەمرن ، ئیدی ئەوان گەمژەن مردن هەر مردنە.

هەندێک کەس نایەوێت وەک ئەوە بژی کە سروشت دیـاری کـردووە، نایانەوێت ژیانی ئاسایی و کۆمەڵایەتی بژین دەیانەوێت کەمتر بژین بەڵام دواتر ناوێکیان هەبێت، دواتر کەسانێک باسیان بکات، بەڵام گەمژەن نازانن کەهیچ شتێک هێندەی ژیان گرنگ نیە ، نازانن کەئەوان ڕۆشتن کۆتاییان پێدێت و باس بکرێن یان نەکرێن هیچ گرنگ نیە، هەندێک لەو گەمژانە وادەزانن من لەکۆتایدا دەست دەگرم بەسـەر دونیادا و ئیمپراتۆریەتێک ڕادەگەیەنم و وێنەکانیان لـەدراوی ئیمپراتۆریەتەکەمدا دەنەخشێنم و لـەدەروازەی شار و وڵاتەکاندا پەیکەریان بۆ دروسـت دەکـەم ، کەس

تێناگات چەشنی خاشاک لەکۆڵی وڵاتەکانیان دەکەمەوە، ئـەم گـەمـژانـە لـەهـەمـوو دونـیـادا هـەن ، هەمیشە پێش ئەوەی تەمەنی سروشتی تەواو بکەن دەمرن، هەریەکە و بەجۆرێک دەمرن ، هەیە بەڕوداوە سروشتیەکان دەمرێت، هەیە بەڕوداوە کۆمەڵایەتیەکان، هەیە ڕیکۆردێکی جیهانی دەشکێنێ، هەیە سەرکەشیەکی نوێ تۆمار دەکات، هەیە بۆ مەعشوقەیەک دەمرێت، هەیە لەتەنهایدا خۆی دەکوژێت و لـەم دونیا فراوانـەدا کەسێک نـادۆزێتـەوە وەک خۆی بیر بکاتەوە، هەیانە ناتوانن جلەوی ناوگەڵیان بکەن و لەباوەشی ژنـە حەرامەکاندا ئەمرن، هەیە وێنەی گێچی ئۆتۆمبیلەکەی دەگرێت و دواتر تێکەڵی وێنەی مەرگیشی دەبێت، ئەمانە هەردەبێت بمرن و بەخێرایش دەمرن، بەڵام زۆرجار بەئاسانی نامرن تاکاتی مردنیان دێت یەک دونیا کێشە دروست دەکەن و کاتێکیش دەمرن دونیایەک نابوتی لەدوایانەوە بەجێدەمێنێت و دونیایەک دەردی سەری بۆ خۆیان و خێزان و کۆمەڵگاو شار و وڵاتەکانیان دروست دەکەن.

سـەحـاف بـەدەم خـواردنـی چـەرەسـی شـەرابـەکـەی ئەنساریەوە دەڵێ: هاوڕێ خۆ مردن هەر مردنە تۆ بیاندەی بەکوشت یان لەشارەکاندا بمرن دواجار ئەوان هەر دەمرن بۆ لێیان ناگەڕێی بە ئاسایی و سروشتی لەشارەکاندا بمرن بۆچی کێشەیە لەشارەکاندا خۆیان خۆیان تەواو بکەن؟

ئەبوعابدی ئەنساری: ئاخر بەهەمەن گیان ئەوان بەوجۆرە بە ئاسانی نامرن ، ئەوان ژینگەی کۆمەڵگاکان وێران دەکەن،

هەیانە تاکاتی مەرگی خەونی دەیـان کچی پاکیزە لەناو دەبات، هەیانە لەبازاڕێکدا تەقە لەپیاوێک دەکات و دەیان کەس لەناو دەبـات، هەیانە دەچێتە بەردەمی زانکۆیەک و تەقە لەخۆشەویستەکەی دەکات و خەونی دەیان خوێندکار لەناو دەبات، ئیدی هەریەکەیان بەجۆری خۆی ژینگەی شار و شـەقامەکان وێران دەکات، ئەوان گەر بەشێوازی کلاسیکی کۆن بمرن تا کاتی مردنیان دێت دونیا وێران دەکەن، من هیچ ناکەم تەنها بەدروست کردنی جەنگێک تەوقیتی زەمەنی مەرگیان پێش دەخەم و ناهێڵم بەشارەکاندا بڵاو بنەوە و سەرلەژیانی ئاسایی تێک بدەن.

ئەو نەفەسێکی درێژ لەجگەرەکەی دەستی دەدات و قومێک لەپێکە شەرابەکەی دەدات و دەڵێ: هاوڕێ تەماشای ئەو پەپولەیە بکە چەندە بەتامەزرۆییەوە لێوی ئەو گوڵە دەمـژێت، تەماشاکە ئـەو پەپولەیە عاشقی ژیانە کەچی کۆمەڵێک گەمژە هەن چاوەڕێی پەیامبەرێکی جەنگاوەرن تا ڕزگاریان بکات لە دەست ژیان ناتوانن چەشنی مێرووولەیەک خواردن پەیدا بکەن و چەشنی پەپولەیەک لێو بخەنە سەر لێوی گوڵێک، گەمژەکان شایەنی ژیان نین ئەوان خۆیان ئـەوەیـان هـەڵـبژاردووە ، ئـەوان بـەدوای بیانوی جەنگدا ئەگەڕێن ، ئامادەن مرۆڤ بکوژن، خۆیان دەدەن بەدەست مردنەوە.

سـەحـاف: ئـاخـر ئـەنـسـاری لـەبری ئـەوەی جـەنـگ بۆ گەمژەکان دروست بکرێت ناکرێت ژیانیان پێبناسێنرێت، ناکرێت فێری ئەوین و جوانی و لەزەتی ژیان بکرێن.

ئەنسارى بەپێکەنینەوە: ئاخر هاوڕێ سەروەتی دونیا بەشی ئەوە ناکات گەمژەکان فێری ژیان بکەی ، ئەوەی بڕیاری دابێت بەگەمژەیی بژی ئەستەمە فێری ژیان بکرێت، لەلایەکی ترەوە دەوڵەتان پێویستیان بەگەمژە هەیە و نایانەوێت تەواو کۆتایی بە گەمژەیی بێت، ئاخر مرۆڤ بۆ ئەوەی خودایەکی هەبێت پێویستی بە ئەقڵ و خەیاڵ و بیرکردنەوە و زانین نییە، سەدان خودا و ئاینی جیاواز لەدونیادا ئامادە کراوە، مرۆڤ ئەتوانێت بەپێی ویستی خۆی خودایەکی ئامادەکراو هەڵبژێرێت و هیچیش خۆی هیلاک نەکات، یان ئەتوانێت وەک ویراسی باوکی هەر ئاینێکی هەبێت ئەویش هەمان ئاین هەڵبژێرێت، تەنانەت مرۆڤی سەردەمی بەردیش خوداناسیان کردووە، بەڵام بۆ ڕەد کردنەوەی خودا و هەڵهاتن لەخودا مرۆڤ پێویستی بە بیرکردنەوە و سەلماندن و خۆ ماندوو کردن هەیە، جگە لەمانە پێویست ناکات مرۆڤایەتی سەدان ملیار بێت ، باهەموو مرۆڤایەتی یەک ملیار بێت بەڵام ژیانێکی جوانیان هەبێت و مرۆڤ دۆستانە ڕەفتار بکەن . گەمژە شایەنی ژیان نیە، گەمژە هەموو ئەوانەن کە بڕوا بەهەمووشت دەکەن، ئەوانەن کە خۆیان سەرقاڵ کردووە بەخورافەی ئاسمانەکانەوە، ئەوانەن کە جەگ لەهەر کوێ هەبێت ئەوان لەوێن، ئەوانەن کە چونە جەنگەوە لەپێشی پێشەوە هەنگاو دەنێن، ئەوانەن کە لەمردن ناترسن، ئەوانەن کە خۆکوشتن بەقارەمانیەتی دەزانن، ئەوانەن کە مرۆڤایەتی دەکەن بەدووبەشەوە و بەشێکی پیرۆز دەکەن و نەفرەت لەبەشەکەی تری دەکەن.

ئەبوعابدی لەحاڵی مەستیدا دەڵـێ: بەهمەن من ئەو هەفتەیەی کەلەتۆ دابڕام جەنگێکم دروست کرد کە دوور نیە ببێتە جەنگێکی جیهانی، لەو جەنگەدا دوو ئاین لەشەڕدان کە لـەهـەمـوودونـیـادا هــەواداری ئـەو دوو ئاینە هەیە و لەناویشیاندا دونیایەک مەزهەب و هێزی جیاواز و خێڵ و هۆز لەشەڕدان، دونیایەک هێزی دژبەیەکم تێکەڵ کردووە لەسەرزەمینی وڵاتێکدا کە بۆخۆی گەمژەخانەیەکە، ئیستا جەنگ لەوێ بەردەوامە و لەدوونیاوە توندڕەوانی ئاینی جیهان ڕوو لەو جەنگە دەکەن و بەپشتیوانی دەیان دەوڵەتی ئاینی کە مـانـەوەیـان بەندە بـەمـانـەوەی خـوداوە جەنگ بەردەوام دەبێت، بڕیارە لەماوەیەکی کەمدا چەند دەوڵەتێکی ناوچەکە داگیر بکەن و خەلافەتێکی ئاینی ڕابگەیەنن و داوای هەموو توند ڕەوەکانی دونیا بکەن و یەک یەک گەمژەکانی دوونیا ڕوو لەسەنگەرەکان بکەن و بەئەسپایی کۆتایی بە ژیانی هەموویان بێت ، هەموو ئەوانەی کە لەدونیادا کەس چاوەڕوانی گەڕانەوەیان ناکات و چەشنی پشکۆیەکی سور بەبرژاندنی سەربازەکانی بەرەی ئەولا دەسوتێن و دەبن بەخۆڵەمێش، ئیستا گەمژەکان سەرقاڵن بەدواین یاریەوە یاری مەرگ ، یاری کۆتایی ژیانیان، (جەنگ باشترین یاریە بۆ سەرقاڵ کردنی مرۆڤە گەمژەکان) مرۆڤ تەنها لەشەڕدا دەتوانێ خەیاڵی سەرقاڵ بکات و بیر لەهیچی دیکە نەکاتەوە .

ئەو ئێوارەیە دوای ئەوەی دونیا تاریک دادێت و هەندێک لەپیاوەکان مێزی نان خواردنیان بۆ دەڕازێننەوە و نان

دەخۆن و چا دەخۆنەوە ئەبوعابد بەهمەن دەباتە ژورێکی نوێ و قاسەیەکی گەورە دەکاتەوە کە پڕە لەکتێب و دەفتەر و فایلات و ئەوراق ، لەناویاندا دەفتەرێکی قەبارە گەورە دەردێنێت و بەرگەکەی نیشانی سەحاف دەدات کەنوسراوە گەمژەخانە و دەڵێ: تاکاتێ تاقەتت هەیە ئەمە بخوێنەوە بەڵام باڕونکردنەوەیەکت بدەمێ ، ئەمانەی لێرە وێنە و زانیاریان تۆمار کراوە هەموویان لەسەرەی مەرگدا ڕاوەستاون، ناوی هەزاران گەمژەیە، کە ئامادە کراون بۆ خۆتەقاندنەوە ، ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر پەیوەندی بەڕێکخراوەکەوە دەکەن و پیاوێکم داناوە تا ناو و زانیاریەکانیان تۆمار بکات و ئامادەی بکات بۆ مردن و منیش ڕۆژانە چەند دانەیەکیان لێدەتەقێنمەوە بەوانەدا کەچەکیان پێیە، بەڵام بەجۆرێک ڕێکم خستووە کە تاگەمژەیەک مابێت کۆتایی پێنەیەت.

سەحاف بەڕقەوە دەڵێ: ئەدی مرۆڤ بونی تۆ لەکوێدایە ، ئەوانە هەرچی هەبن مرۆڤن ، تۆ دونیایەک مرۆڤت ئامادە کردووە کە پارچەپارچەیان بکەی، بەم جۆرە مرۆڤایەتی ڕزگار دەکەی؟

ئەبوعابد ئەڵێ: هاوڕێ من هیچم نەکردووە تەنها ئاگرێکم هەڵگیرساندووە چەشنی ئەو دۆزەخەی کە خودا لەکتێبەکانیدا ئاماژەی پێکردووە و دەڵێ مرۆڤ ئازادە بۆ بەهەشت ئەچێت یان بۆ دۆزەخ ، منیش لاسایی خودا ئەکەمەوە خەڵک خۆی بەهەشتی ژیان بەجێدێڵێت و دێت خۆی فڕێدەداتە ناو دۆزەخەکەی منەوە، ئیدی ئەوانە دێن کە لەئەهلی ئاگرن و لەبنەڕەتدا کوڕی پشکۆن .

ئەوشەوە بەهمەنی سەحاف چەند کاتژمێرێک سەرقاڵی خوێندنەوەی زانیاریەکانی ناو دەفتەرەکە دەبێت کە هەر لاپەڕەیەکی تەرخان کراوە بۆ چوار کەس و وێنە و زانیاری هەر چوار کەسەکەش دانراوە و ئاماژە بەڕۆژ و ساڵ و مانگ و شوێنی خۆکوژیەکەش دراوە ، کە بەپێی ئەو دەفتەرە بەشی دەیان ساڵ ئینسان ئامادە کراوە بۆ خۆتەقاندنەوە، ئەو سەیری لێدێت بەو هەموو گەمژەیە، سەیری لێدێت ئەو هەموو کەسە ئامادەی مردنن، ئەو شەوە خەریکە بیر لەوە دەکاتەوە کە ڕەنگە ئەوانە شایەنی مردن بن ئەنا بۆچی ئاوا خۆیان دەخەنە بەردەستی گەمژەیەک.

ئەو شەوە بەهمەن دەفتەرەکەی دەداتە دەست و دەڵێت: هەست ناکەی خۆت گەورەترین گەمژە و مەترسیت بۆ سەر مرۆڤایەتی، هەست ناکەی تۆ گەمژە دروست دەکەی نەک گەمژەکان تۆ بدۆزنەوە؟

ئەبوعابد وەک ئەوەی چاوەڕێی وەها قسەیەک نەبوبێت لە سەحافەوە بەسەرسامیەوە دوای کەمێ بیرکردنەوە دەڵێ ئەم شەو هەندێک ئەرکی مەزنم لەپێشە فرۆکەیەکم بۆ ئامادە کراوە ئەبێت بچم بۆ وڵاتێک و لەوێ ئەرکە سەربازیەکەم جێبەجێ بکەم، ئەم شەو گەورەترین گەمژەیی ئاینی خاپوور دەکەین، ئەگەر پێتخۆش بێت تۆش دەتوانی لەگەڵم بێیت و شاهیدی گەورەترین گۆڕانکاری مێژووی و ئاینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیت، بەهمەن کەمێک ڕادەمێنێت و هیچ ناڵێ ئەبوعابد ئەڵێت: کوڕی گەنج لەهیچ مەترسە، ڕۆژنامەنوسەکان نابێت بترسن، من بەهیچ شێوەیەک

مەترسی ناخەمە بەر خۆم بەفرۆکە ئەگەینە شوێنی جەنگەکە و چاودێری جەنگەکە دەکەین، تەنها دەچم لەدوورەوە سەرپەرشتی جەنگەکە دەکەم و لەدوای ئەرکەکەشم ئەبێت وتارێک پێشکەش بکەم، ئەگەر حەز بکەی بەڕێگاشدا وەڵامی پرسیارەکانت ئەدەمەوە .

هێندەی پێناچێت فڕۆکەیەکی تایبەت لەحەوشەی باڵەخانەکەدا ئەنیشێتەوە و بەهمەنی سەحاف لەگەڵ ئەنساری خۆی لەبەردەم فڕۆکەکەدا دەبینێتەوە، ئەو سەری ڕەزامەندی بۆ ئەنساری دەلەقێنێت و سواری فڕۆکەکە دەبێت و خۆیان دەدەنە دەست دوو فڕۆکەوان.

هەرکە فڕۆکەکە بەڕێدەکەوێت ئەنساری تەماشایەکی سەحاف دەکات و دەبینێت وەک ئەوەی بۆ گەشتێکی گەشتیاری بەڕێکەوتبێت بەئاسوودەی دانیشتووە کاتێک ئاوڕدەداتەوە دەڵێ ئەنساری وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە تۆگەمژە دروست دەکەی یان گەمژەکان خۆیان هەن و تۆ ئەدۆزنەوە؟

ئەبوعابد : هاوڕێ من هەر ئەوە دەکەم کە پەیامبەرەکانی خودا کردویانە ، منیش پەیامێکم پێیە ، پەیامی ڕزگار کردنی دونیا لەدەست گەمژەیی، پەیامبەرەکانی دی دونیایەک خەڵکیان کوشتووە لەپێناو گەیاندنی نامەکەی خودایا، یەکێک لە پەیامبەرەکان داوای لەخوداکەی کردووە کە زەوی بەسەر نەتەوەکەیدا هەڵگێڕێتەوە کاتێک زانیویەتی کە گوێ لەنامەکەی خودا ناگرن، یەکێکی تریان داوای لافاوی لەخودا کردووە بۆ لەناوبردنی تەواوی مرۆڤایەتی، پەیامبەرێکی

دی لەشکرێک شمشێر بەدەستی دروست کردووە و ئەوەی لەگەڵی نەبووە ملی پەڕاندووە، بەڵام من بەو جۆرەش ناکەم و بەزۆریش کەس ناچاری پەیامەکەم ناکەم و خۆشم ناکەمە نوێنەری خودا، تەنها ئاگرێکم دروست کردووە و ئەوانەی پێ دەسوتێنم کە شەیدای گڕ و خۆسوتاندنن، تەنها ئاگرێکم هەڵگیرساندووە و لێگەڕاووم کە جەللادەکان خۆیانی تیا بسوتێنن. ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە کە چۆن کارێک بکەم زۆر ترین جەنگاوەر و عاشقانی تفەنگ لەم ئاگرەدا بسوتێن.

سەحاف: ئاخر ئەنساری لەو جەنگانەدا دونیایەک سەرباز دەکوژرێت کە هێزی زۆرەملێن یان لەپێناو پارە و ژیاندا بوونەتە سەرباز تۆ هیچ بیرت لەو سەربازانە نەکردۆتەوە؟

ئەنساری: بەهمەن بەدرێژایی چەندین ساڵ بیرم لەم شتانە کردۆتەوە و بۆشاییەکم بۆ قسەکردن نەهێشتۆتەوە، ئێستا هێزی سەربازی دونیا بەشێوەی خۆبەخشیە ، ئەگەر سەربازی جەهەنەم بێت پیاوەکان بەویستی خۆیان دۆزەخیان قبوڵ کردووە، جگە لەوەش لەجەنگدا هەمیشە ئەوانە زوو دەمرن کە لەپێشی پێشەوە هێرش دەبەن و عاشقی جەنگ و کوشتنن، سەرباز ئەگەر نەیەوێت بمرێت ئەگەر عاشقی ژیان بێت دەتوانێت لەپێشی پێشەوە هێرش نەکات، ئەتوانێ کە مەرگ نزیک بوویەوە هەڵبێت، دەتوانێ بەرگری نەکات، ژیان لەهەمووشت گرنگترە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بژین، ڕاکردن لەمردن هیچ کات ترسنۆکی نیە، ئەوە گەمژەکانن ڕووبەڕوی مەرگ دەوەستن و

بەقارەمانیەتی تێدەگەن. مرۆڤ تا ئەوکاتە نرخی هەیە کە لەژیاندا هەیە، کە مرد ئیدی هیچ نرخێکی نامێنێت، ئاخر دواجار ئەوانەی کە دونیا خاپوور دەکەن سەربازەکانن، ئەگەر ئەوان نەبن هیچ جەنگێک ڕوونادات، هیچ وێرانکاریەک دروست نابێت، جەنگە جیهانیەکان سەربازەکان بەڕێوەیان برد، ئەگەر سەربازەکان بچونایەتەوە ماڵەکانیان ملیۆنان کەس نەدەمرد، واتە سەربازەکان لەهەرە گەمژەکانی دونیان، ئەوان مرۆڤایەتیان وێران کردووە، سەربازەکان بەڕەزامەندی خۆیان مردن هەڵدەبژێرن ئەوان بۆ ئەوەی جەللادێک لەسەر کورسی دانەبەزێت بەگژ بەرد و داردا دەچن و دەربایس وێران کردنی دوونیا نایەن، ئەوانەی کە دەبن بەسەرباز زۆر جار لە مرۆڤە هەرچی و پەرچی و گومڕا و بێکەڵکەکانی سەرشەقامەکانن، بەشێکی زۆریان کوڕانی بەرسینەما و لای گازینۆ و مەلها و باڕ و مەیخانەکانن، ئەوانەن کە بەدونیایەک هەڵە و کەموکورتیدا ڕۆشتوون و دەیانەوێت هەڵەی سەربازیش تاقی کەنەوە، سەربازەکان عاشقی تفەنگن و ئەیانەوێت لەژیان دوور بکەونەوە.

بەهمەن ئەوانەی کە لەپێشی پێشی هەموو هێرشەکانەوە هەنگاو دەنێن و ئەوانەش کەڕۆحی خۆیان دەخنەلاوە بەرگری دەکەن لەهەرە بێمێشکەکانی دونیان، ئەوانەن کە بەشوێن ناو و ناوبانگ و مەدالیای قارەمانیەتیەوەن، ئەوانەن مەناعەتیان نییە دونیا کاول بکەن و هەزاران کەس بکوژن لەپێناو ئەوەدا دواتر گەمژەیەک باسیان بکات، دواتر ناویان بچێتە سەر پەڕەی ڕۆژنامەیەک، بڕوابکە بەهمەن

خەڵک بۆ مەدالیایەکی ئاسن ڕۆحی خۆی دەفرۆشێت، پیاو هەیە لەپێناو جـەردەی دەستکەوتی جەنگی گیانی خۆی هەڕاج ئەکات من بڕوام وایە ئەوانە شایەنی مردنن، هەست دەکەم ئەوانە بەجۆرێک لەجۆرەکان بۆ مردن خوڵقاوون.

ئـەوان هـەر لەناو فـڕۆکـەکـەدان و و چەند خولەکێکە بەئاسمانەوەن و بەهمەنی سەحاف قسەکانی پێدەبڕێت و دەڵێ: ئەنساری تۆ دواجار دەتەوێت چی بکەی، دواجار چ پەیامێکی مرۆڤایەتیت هەڵگرتووە، ئەوەی تۆ دەیکەیت زۆر نامرۆڤانەیە، دواجـار دەبێت ئومێدێک بخەیتە بەردەستی جەنگاوەرەکانت و پێیان بڵێی ئێوە لەپێناو ئەمەدا دەجەنگن و ئەمە بەدەست دێنن و کۆتایی ئێوە ئائەمەیە.

ئەنساری بـەدەم قاقاوە دەڵێ: بەهمەن هەست دەکەم تۆش ناوێکی خۆت لە دەفتەرەکەدا تۆمار دەکەیت، بۆنایەی نۆرە بڕینت بۆ بکەم و بتخەمە شوێنی ئەو گەنجانەی کە ئەم شەو بڕیارە لەم هێرشەدا خۆیان بتەقێنێتەوە، وەرە بتخەمە ڕیزی ئەو چوارسەد و هەشتا گەنجەی کە ئەم شەو لەپێناو ئامانجەکەدا خۆیان دەکوژن وەرە بابەتۆوە بیکەم بە چوارسەد و هەشتا و یەک گەنج، خۆ تۆش هەر گەنجی، تۆ نازانی پیاوی گەمژە شتێکی دەوێت خۆی پێوە سەرقاڵ بکات، پیاوی گەمژە بەدوای ئامانج و ئومێد و ئەوشتانەدا ناگەڕێت ئەسڵەن پیاوی گەمژە بیر ناکاتەوە ئەگەر بیری بکردایەتەوە، دونیا بـەو جـۆرەی ئێستا نـەدەبـوو، دونیا بەم جۆرە وێران نەدەبوو، ئەگەر گەمژەکان کەمێ بیریان بکردایەتەوە هیچ نابوتیەک دروست نەدەبوو،

لەم کاتەدا ئەبوعابد شوشەیەکی گەورە شەرابی سور دەردێنێت و بەلاقرتێوە دەڵێ: ئەم قسانەی تۆ بەشەرابی سورەوە خۆشە، ئەنساری دەست دەکات بەخواردنەوە و سەحافیش هەندێ لە چەرەسات و مەزەکە دەخوات.

ئەنساری بەدەم شەراب خواردنەوەوە دەڵێ: ئەمشەو سەرەتای ئیمپراتۆریەتێک ڕادەگەیەنم و لەهەموو دونیاوە لایەنگری ڕوو لەشانشینەکەم دەکات و هەموویان کۆدەکەمەوە و دواجار جەنگێک لەنێوان هەردوو مەزهەبدا دروست دەکەم و لەدوای ئەمەش دەستی گشت دەوڵەتە ئاینی و عیلمانیەکانی ناوچەکە دەگرم بۆ جەنگێکی نادیار، دەوڵەتانیش هەریەکە ولایەنگری بەرەیەکی شەڕەکە دەکەن، بەجۆرێک کە هیچ لایەکیان شکست نەهێنێت و جەنگ بەردەوام بێت.

بەهمەنی سەحاف: ئەم جەنگە نەگریسەی تۆ تاکەی بەردەوام دەبێت، دونیا تاکەی لەم جەنگەی تۆدا خوێنی لەبەر دەڕوات، زەوی کەی لەخوێنی ئەم جەنگە پاک دەبێتەوە.

ئەبوعابد بەدەم تەماشا کردنی خوارەوەی فڕۆکەکەوە دەڵێ: گەمژەکان دەبێت چەند ساڵ جارێک بەپێگەیشتنی نەوەیەک، جەنگێکیان بۆ دروست بکەیت و بەمردنیان شار و شەقامەکانیانیان پێ پاک بکەیتەوە، بەردەوامی ئەم جەنگەش بەندە بەمانەوەی لەشکری گەمژەکانەوە، ئەمە ئاگرێکە پێویستی بەسوتەمەنی هەیە و گەمژەکانیش سوتەمەنین، تا سوتەمەنی هەبێت جەنگیش بەردەوام

دەبێت، تا جەللاد هەبێت ئەم جەنگە بـەردەوام دەبێت، تا هەژارێک لەدونیادا هەبێت ئەم جەنگە بەردەوام دەبێت، تا گەلحۆیەک دەستی چەک بگرێت جەنگ بەردەوام دەبێت، تا دەرونێکی شەڕانگێز هەبێت، تا مرۆڤێکی توند و تیژ هەبێت، تا پیاوێکی زبر هەبێت، تا مرۆڤێکی ئاژەڵ ئاسا هەبێت تا مرۆڤێک بۆنی مەرگی لێبێت، ئاگری ئەم جەنگە ناکوژێتەوە، هەرکاتێ زانست شوێنی نەزانی و خورافەی گرتەوە و ئەقڵ چووە شوێنی گەمژەیی و ئاین دوورخرایەوە لەژیانی تایبەتی و دەسەڵاتی خـودا و ئاسمانەکان لەژێر دەستی گەمژە و بازرگانەکان دەرهێنران، ئەوکات جەنگ کۆتایی دێت، بەڵێ هەرکات ژێر زەوی هیچ ماددەیەکی تیانەما و ڕۆژئاوا پێویستی بەوە نەما ڕۆژهەڵاتیەکان سەرقاڵ بکات بەئاسمانەوە ئەوکات جەنگ کۆتایی پێدێت، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە وڵاتانی گەورەی دونیا تێبگەن کە بەخشینەوەی چەک و دروست کردنی جەللاد چەندە زیان بەمرۆڤایەتی دەگەیەنێت، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئەم جەنگە بگاتە هەموو دونیا، کاتی ئەوە هاتووە بەو چەکە ڕووبـەڕووی وڵاتانی زلهێز ڕاوەستین کە خودی خۆیان دروستیان کردووە و خستویانەتە دەستی جەللادەکان، دەبێت دونیا ئەو ڕاستیەی بۆ ڕون بێتەوە کە گەمژەکان سنور ناناسن و گەمژەیەک لەم سـەری دونیا زیانی بۆ مرۆڤێکی ژیان دۆست دەبێت لەو سـەری دونیا، ئیدی ئەم جەنگە دەگاتە دونیاو تەواوی گەمژەکانی دونیا دەبێت ببن بە سەرباز یان جەنگاوەر ، ئیدی ئـەوە گرنگ نیە کێ خـودا ناسە و کێ بێخودایە ،

ئـەوە گرنگە کە گەمژەکان دەبێت بەژیانی خۆیان باجی گەمژەیی بدەن، دەبێت گەمژەکان، هەژارەکان، جەللادەکان، توندڕەوەکان، دەرونە شەڕانگێزەکان، خوێنیان بڕژێت و مەرگی هەموویان لە سـودی مرۆڤایەتی کۆتایی پێدێت، جەنگاوەر لەهەر بەرەکی جەنگدا بێت جەللادە و مرۆڤایەتی ناناسێت و بۆی بلوێت دونیا وێـران دەکـات، ئەمە کۆتا جەنگی مرۆڤایەتی دەبێت ، جەنگی گەمژەکان لەناوخۆیاندا و تا کۆتایی بە گەمژەیی دێت بەردەوامی دەبێت، دەبێت ئەم جەنگە کۆتایی بەشەڕانگێزی بێنێت و دونیا بەلەناوچونی گەمژەکان نەفرەتی کۆتایی لەجەنگ بکات، دواجار دەبێت دونیا لەسەر دەستی من ڕزگاری ببێت لەو مرۆڤانەی کە تەنها لەسـەر پێناسـەکانیان مرۆڤن.

لەو کاتەدا زەنگی موبایلەکەی ئەنساری ڕادەگرێت و پاش وەڵامـدانـەوەی تەلەفۆنەکەی ڕوودەکاتە سەحاف و دەڵێ: ئێستا جەنگە گەورەکە دەستی پێکردووە و فەرمانم کرد دەست پارێزی نەکەن و ئەوەی بۆنی خودا و ئاینی لێبێت لەناوی بەرن.

بەهمەنی سەحاف: باشە ئەو جەنگاوەرانەی تۆ هاتوون لەپێناوی خودایا بجەنگن کەچی تۆ خودایان پێدەکوژیت و ئاسەواری خودایان پێدەسڕیتەوە، ئەوان چۆن تێناگەن، چۆن هەست ناکەن هەڵەیەک لەمەسەلەکەدا هەیە. باشە چۆن لەدەیان هـەزار جەنگاوەر یەکێکیان بیرناکاتەوە و هەست ناکات کەچی ڕوودەدات.؟

ئەبوعابدی ئەنساری بەدەم داخستنی دەمی شوشەی

شەرابەکەوە دەڵێ: بەهمەنی برام مرۆڤی گەمژە بیر ناکاتەوە و قوفڵی لەمێشکی داوە، من کۆمەڵێک پیاوی ئاینیم هەیە کە وەک ماددەی سڕکەر بەئاین مێشکی ئەو گەنجانەیان بۆ سڕ کردووم، ئەمانە لەتەمبەڵترین مرۆڤەکانی سەرزەوین، خۆیان هەوڵ نادەن لەشتەکان تێبگەن، تەنانەت بۆ خودا ناسیش هەمیشە پشت بەخەڵک دەبەستن، هەیە دکتۆرای هەیە و هێشتا گەمژەیەو دەچێت لەبەردەستی بەکرێ گیراوێکی مندا هۆن هۆن بۆ خودا ئەگری بۆ ئاین ئەگری بۆ ژیانی پێغەمبەران ئەگرین، ئەمانە قوفڵلێدراون، گەرچی لێرەو لەوێ جارجار کەسێک وەک ئەوەی زەربەیەک بەر مێشکی بکەوێت قوفڵەکەی مێشکی دەکرێتەوە بەڵام فەرمانم کردووە، ئەوەی پەشیمان بوویەوە حسابی هەڵگەڕاوەی بۆ بکەن و ڕێک وەک سەردەمی دوای کۆچی موحەمەد لەناویان بەرن. چەندین کەسیان لەناوەڕاستی شاردا گوللە باران کردووە ئیدی کەس ناوێرێت نارەزایی دەربڕێت .

تەنانەت بەهمەن ئەمانە گەشتوونەتە ئەوەی کە هەرچی من بیڵێم بەدروستی ئەزانن، ئەمشەو بۆ ڕوخانی کەعبەیان ئەبەم، هێرشەکەی ئەم شەومان ڕوخانی کەعبە ئەبێت و زۆر بەدڵسۆزی و بەجوانی ئەرکەکەی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

بەهمەنی سەحاف وەک ئەوەی شتێک بەر سەری کەوتبێت دەحەپەسێت و مەترێک دەمی دەکاتەوە و چەند جارێک لەبەرخۆیەوە ناوی مەککە دێنێت و دەڵێت: ئەنساری هەست ناکەی ئەمە کۆتایی تۆیە؟ هەست ناکەی دەست بۆ

شتێکی مەحاڵ دەبەی؟ هەست ناکەی ئەمریکا بەدڵ و بەگیان هاوپەیمانی سعودیەیە و ساڵانە بایی بیست ملیار دۆلار چەکی پێشکەوتووی پێدەفرۆشێت؟ تۆ ئەم شتانە ئەزانی وا هێرش دەکەیتە سەر مەککە. تۆ دەزانی موسوڵمانەکان ڕێگا بەمە نادەن؟

ئەبوعابد: هاوڕێ من هیچ هەنگاوێک لەخۆمەوە نانێم، ئەو هاوپەیمانیەی دژی ئێمە دروست بووە ئەمشەو تابەیانی بەرگری لەئێمە دەکەن، لەهەر شوێنێکەوە بەچەکی قورس لەهێزەکانی ئێمە بدرێت هێزە ئاسمانیەکانی هاوپەیمانان بەبیانووی هەڵەی سەربازی لێیان دەدەن، جگە لەوەش بەهمەنی برام هەموو ئەو چەکە پێشکەوتووانەی کە سعودیە لەڕۆژئاوای کڕیوە کە ساڵانە بایی دەیان ملیار دۆلارە، هەفتەیەکە لەڕێگای شارەزایی و تەکنیکی سەربازیەوە لەکارخراون.

لەوێدا ئەبووعابد سەرنجی سەحاف بۆ خوارەوە ڕادەکێشێت و دەڵێ: ئەوە گەیشتینە جەنگەکە تەماشای ئاگری گەمژەخانەکە بکە، تەماشا ئەو خەڵکەم چۆن بەرداوەتە گیانی یەک. سەحاف لەخوارەوە ئاگرێکی گەورە ئەبینێت، ئاگرێک چەشنی گوللەباران، ڕوناکی گوللەی تفەنگ و تۆپ و تەقینەوەکان هەموو ناوچەکەی ڕوناککردبوویەوە، سەحاف حەپەسابوو، بڕوای بەچاوی خۆی نەدەکرد، بەڕونی دیاربوو کە هێزەکانی ئەبووعابد چواردەوری شاری مەککەیان دابوو، شارەکەیان ئاگرباران دەکرد، و لەهەموو لاکانەوە پەلاماری شارەکەیان دەدا و و بەردەوام لەڕێگای

بێتەلەوە پەیوەندی بەئەبووعابدەوە ئەکرا و هەواڵی بەرەو پێشەوە چونەکانی پێدەدرا و فڕۆکەکەش لەبەرزیەکەوە کە بەجوانی جەنگەکەی لێوەدیاربێت بەسەر جەنگاوەرەکاندا ئەسوڕایەوەو ئەبوعابد سەحافی ئاگادار ئەکردەوە کە لەهیچ نەترسێت فڕۆکەکە هیچ جۆرە چەکێک کاری لێناکات، سەحاف سەری ڕەزامەندی ئەلەقێنێت و لەجامی فڕۆکەکەوە بەردەوام ئەبێت لەتەماشا کردنی جەنگەکە و ئەبوعابد بەردەوام ئەبێتەوە لەسەر قسەکانی و دەڵێ: بەهمەن ئەگەر مێژووی ئاینەکانت خوێندبێتەوە زۆربەیان ئابەم جۆرە گەشەیان کردووە و بڵاو بوونەتەوە، بەتایبەت ئەم خودایەی کەمن ئەمەوێت لەناوی بەرم ئەم ئاینەی کە ئەمشەو بەشێکی زۆری لەناودەبەم ئاوەهابووە، وەک چۆن هێزەکانی ئێمە ئەمشەو هێرش دەکاتە سەر ئەو شارە و سبەینێ کەدەستمانگرت بەسەر شارەکەدا چیمان بوێت جێبەجێی دەکەین، ئەم ئاینەش ئاوەها هاتووە، کۆمەڵێک جەنگاوەر بەخۆیان و شمشێر و هێزەکانیانەوە هێرشیان کردۆتە سەر هۆز و تیرە و وڵاتان و داوایان لێکردوون یان دین و خوداکە قبوڵ بکەن یان لەملیان دەدرێت، ئیدی ئەوانەی ئێستا شەڕ لەسەر ئاینەکە دەکەن بەزۆری شمشێر خراونەتە سەر ئەو ئاینە.

ئیدی بەهمەنی سەحاف مرۆڤی تەمبەڵ و بیرنەکەرەوە زوو شتی بیر دەچێت، زوو مێژووی بیردەچێت، زوو سەرەتای شتەکانی بیردەچێت، ئامادەیە جەنگ بۆ ئەوانە بکات کە کۆیلەیان کردووە، ئامادەیە خۆی بەقوربانی ئەوانە

بکات کە خوێنیان مژیووە، سەحاف ڕێک وەک ئەوەی ئێستا ئەوانەی کەشەڕی مان و نەمان لەگەڵ ئێمە دەکەن و بەڕۆح بەرگری لە ئاینەکەیان دەکەن سبەینێ بەگیان بەرگری لەمن و بیرۆکەکانم بکەن و خۆیان لەپێناومدا بکەن بەقوربانی ئەمانە وەک گۆڕینی گۆرەویەکانیان ئاین و داب و نەریت و ڕەوشتیان دەگـۆڕن، کەمێک هێزیان نیشان بدە ناوی خۆشیان دەگـۆڕن، سبەینێ بەهێز نەک ئاینەکەیان ناوی خۆشیان پێ لەبیر دەبەمەوە .

پەیوەندیەکی بێتەل قسەکانی ئەبوعابد ئەبڕێت و ئاگاداری دەکەن کە دەستیان گرتووە بەسەر نیوەی شاری مەکەدا و نزیک بوونەتەوە لەکەعبە و و نزیک بەسێ سەد خۆکوژیان ماوە کە خۆیان ئامادە کردووە لەنزیک بەردە ڕەشەکە خۆیان بتەقێننەوە وەلەماوەیەکی کەمدا ئەمانجە گەورەکە وەدی دێت.

ئەبوعابد کاتێک پەیوەندیەکە کۆتایی پێدێنێت ڕوودەکاتە بەهمەن و دەڵێ: هاوڕێ چەند کاتژمێرێکی ماوە تا هێزەکانم بگەن بـەو شوێنەی کەقیبلەی بەشی زۆری دیندارانی دونیایە ئەو بەردە ڕەشەی کەساڵانە بەملیارەها دۆلاری بۆ خەرج دەکرێت و گەمژەکان تەنها لەبەر ئەوەی بەدەوریدا بسوڕێنەوە چی پاشەکەوتی تەمەنیان هەیە دێننی دەیکەنە مشتی ئەم شێخانەی ئێرە و ئەوانیش دەچـن لەڕۆژئاوا لەقومار و کەیف و سەفا و ئافرەت و کەنیزەک و ڕابواردندا خەرجی دەکەن، من ئەمشەو پێش ئەوەی ڕۆژ بێتەوە ئەو بەردە ڕەشە بەشێوەیەک دەتەقێنمەوە کە هیچ کەس هەست

نەکات لەوێدا بووە.

بەهمەنی سەحاف: ئەنساری تۆ خوێناوی ترین جەنگت دروست کردووە ، دەتوانی ئەوەم بۆ بسەلمێنیت کە نەخۆش نیت ، ئەتوانی هەست بکەی کە تۆ سەلامەتیت و هیچ نەخۆشیەکی دەرونیت نیە و گەمژەنیت ؟

ئەبوعابد وەک ئەوەی کە شتێکی تاڵ بەر زاری کەوتبێت توند چاوەکانی دادەخات و پاش کەمێک چاوەکانی دەکاتەوە و دەڵێ بۆ وەڵامی ئەوەی کە ئایا نەخۆشم یان ساغم چەند ڕۆژێکم دەوێت تا بەقوڵی بیر بکەمەوە .

بەڵام بۆ زانینی گەمژەی مرۆڤ هێندە بەسە کە گوزەرێک بەلاپەڕەکانی ژیانیدا بکەیت و تەماشای ئەو یاریانە بکەیت کە خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە هەر مرۆڤێک خۆی بەیاری بێمانا و زیان بەخشەوە خەریک کردبوو، ئەوا بێشک نەخۆشە، گەر بەپێی ئەم پێناسەیەش بێت ئەوا دەتوانی وەک گەمژەیەکی باڵا لێم بڕوانیت گەمژەیەکی گەورە، بەڵام بۆ نەخۆشی دەبێت ماوەیەک لێم ڕاوەستیت تاوەڵامەکەی دەدۆزمەوە و دەگەمە ئەو ئەنجامەی بزانم لەکۆیدابوو کە نەخۆش کەوتم .

بەهمەن: هاوڕێ پێویست بەبیرکردنەوە ناکات، من هەوڵ دەدەم بیرتی بخەمەوە، دەشێ تۆ بۆشاییەکی گەورە لەژیانتا هەبێت دەشێ نوقسانیەکی گەورەت هەبێت، دەشێ ژیانێکی ئاسایی و شیاو نەژیابیت، مرۆڤ نەخۆشە ئەگەر ژیانێکی شایستە نەژیابێت، ئاخر هاوڕێ ئەوانەی ژیانێکی ئاسایی نەژین ناتوانن ئاسایی بن، ناتوانن ئاسایی بیر

بکەنەوە، ئەوانەی لەباوەشێکی تەندروستەوە هەڵنەقوڵا بن ناتوانن تەندروست بن، دەست دەخاتە سەرشانی ئەنساری و دەڵێ:بونیادی تۆ نەخۆشە ، گەشەی هۆشی تۆ لەگەڵ کۆمەڵێک نەخۆشیدا بووە، کە دواجار ئەو هێزەت نەبووە کە پێی بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتا، دەشێ لەمنداڵیەوە ئازارێک ڕۆحی تۆ بکرۆژێت، ئازارێک لەسەری تۆدا هەبێت، ئازارێک مێشکی تۆ دەخواتەوە و ناهێڵێ وەک پێویست بیر بکەیتەوە ، بەهەمەن دەست دەخاتە سەر دڵی خۆی و دەڵێ: ئازارێک ئالێرەی تۆدا هەیە کە ئەو ئازارە بۆ شاییەکی سەیری دروست کردووە، تۆ مرۆڤایەتی بە یاری منالآن تێدەگەیت و دەتەوێت بەلەناوبردنی ملیۆنان کەس شتێک بسەلمێنی، ئەو بۆشاییەی سەر دڵی تۆ تا دێت گەورەتر دەبێت، ئیدی زەمەنی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە بەسەر چووە، ئیدی هیچ شتێک ئەو بۆشاییەی دڵی تۆ پڕ ناکاتەوە ، تۆ دەشێ ڕۆحت خاڵی بێت، دەشێت ، خەیاڵدانت پڕ بێت لەنابوتی، ئازارێک لەناو تۆدا هەیە ئازارێک لەو جۆرانەی کە بەزوبان ناگوترێن، لەوانەی کە پێناسە ناکرێن ، ئەو ئازارانەیە کە بۆ هەست کردن پێیان مرۆڤ دەبێت هەی بێت، دەبێت تاقی کردبێتەوە، دەبێت دەیان ساڵ بێت لەگەڵیا ژیابێت، ئەم ئازارەی تۆ لەو ئازارانەیە کە شەبەقێکی لەدڵتا دروست کردووە، ئەنساری دەشێ تۆ چیرۆکێکی جوان نەژیابیت ، دەشێ حیکایەتێکی غەمگینت هەبێت، دەشێ گیرۆدەی گریانێکی سەیر لەگەروی تۆدا قەتیس مابێت، کێ بڵێ ڕۆحی تۆ ئازارێکی کوشندەی هەڵنەگرتبێت، ئازارێکی دۆزەخی.

ئەنساری بەدەم هەنیسکی گریانەوە لەپەنجەرەکەوە لەجەنگەکە دەڕوانێت و بەهمەنیش لەتەنیشتیەوە تەماشای هەمان دیمەن دەکات کە تادێت گڕی خۆتەقاندنەوەکان بەرزتر دەبنەوە، پاش کەمێک لەتێڕامان دەڵێ: هاوڕێ غەمگینەکەم ، تۆ پیاوێکی نەخۆشی و زۆر شەکەتی، تۆ دڵ و ڕۆحت نەخۆشە، خەیاڵدانت ئیفلیج کراوە، ئومێدەکانت خەڵتانی خوێن کراوە، ئەم دونیایە پڕە لەپیاوی نەخۆشی چەشنی تۆ، ئەو پیاوانەی کە بونیادیان لەدار دراوە، ئەو پیاوانەی کە دەست خراوەتە هەستەکانیانەوە، هەست دەکەم دەمێکە دەتناسم، هەست دەکەم لەمنداڵیەوە هاوڕێتم، تۆ پیاوێکی خاڵی خاڵی کراویت لەهەست و شعوور و جوانی.

لەوێدا ئەبوعابد بەئیشارەتی پەنجە بەهمەن ڕادەوەستێنێت و پەیوەندیەکی بێتەل بەخوارەوەوە دەکات و پاشان سەیری بەهمەن دەکات و ئاماژە بۆ خوارەوە دەکات، سەحاف هەست دەکات لەخوارەوە جەنگەکە کپ بۆتەوە و بەجۆرێک لەجۆرەکان جەنگاوەرەکان ئاهەنگ دەگێڕن و فیشەک بەئاسمانەوە دەنێن، ئەنساری دەڵێ: ئێستا تەواوی شاری مەککە و تەواوی حەرەمی مەککە و بەردەڕەشەکەش کۆنترۆڵکراوە و دەستکراوە بەتەقاندنەوەی ئەو شتانەی کە هەزاران ساڵە بەپیرۆز دانراوە و خەڵکیان پێ لەخشتە بردووە. ئەو شەوە تابەیانی ئەوان لەفڕۆکەکە دانابەزن و ئەبوعابد بەپێکەنینەوە ئەڵێت: لەم جەنگانەدا ئاسمان پارێزراوترین شوێنە ئەگەر فڕۆکەکەت موشەک نەبڕێت، ئەڵێ: ئەزانی بەهمەن بۆچی خوداش ئاسمانی هەڵبژاردووە

بۆنیشتە جێ بوون، ئای لەخودای سەری ئەم خەڵکە، لەخودای داتاشراوی خەیاڵی ئەم مرۆڤە بچوکانە.

ئەوان بەیانیەکی زوو لەفڕۆکەخانەی شاری مەککەدا ئەنیشنەوە کە تەواوی شارەکە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ئەبوعابد دا ئەبێت و سەدان جەنگاوەر بەجلی ڕەش و دەم و چاو شاراوەیی پێشوازیان لێدەکەن و خێرا دەیانخەنە نێو ئۆتۆمبیلێکی سەربازی گوللە نەبڕەوە و فەرماندەکات کە فڕۆکەکە بەئاسمانەوە لەئامادە باشیدا بێت بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕوان نەکراوە.

ئەوان بەیاوەری دووپاسەوان و شۆفێرێک بەڕێدەکەون و بەشارەکەدا چەند خولەکێک دێن و دەچن و دواجار لەگەورەترین مزگەوتی شارەکەدا لادەدەن و خەڵکی ئیمانداران لەخۆیان کۆدەکەنەوە و کەسێک کە وادیارە هاوکاریەتی ئەبوعابدی ئەنساری وەک خەلیفەی پێنجەم بەخەڵکەکە دەناسێنێت و پاشان وتارێکی درێژ پێشکەشی ئیمانداران و شارەکە پێشکەش دەکات و ئامانجی وتارەکەی و دەست بەسەرا گرتنی شارەکە و خاپورکردنی قیبلەی ئیمانداران و شوێنی حەج و عەمرە و تەفروتوناکردنی بەردە ڕەشەکە بۆ خەڵک شیدەکاتەوە و باس لەوە دەکەت خەڵک فێری بتپەرستی بووە و ئیمان ئەوە نییە ئەوان تێی گەشتوون و خەڵک لەتاو بتپەرستی خوداشیان بیرچۆتەوە، باس لەوە دەکات کە سەردەمێکی نوێ لەدینداری دێتە پێشەوە و ئەو وتارەی ئەو دواین وتاری ئاینی دەبێت لەمزگەوتدا و چیدی هەموو مزگەوتەکان دەبێت خاپوورکرێن و خەڵک

بۆگەڕان بەشوێنی خودایا ئەبێت ناو دڵی خۆیان بگەڕێن نەک مزگەوت و لای بەردەڕەشەکە، دوای وتارەکەشی دەڵێ: کەس پرسیاری هەیە، پیاوێکی پیر و گەنجێک هەڵدەسنەوە و دەڵێن ئەوەی تۆ باسی دەکەی نەک دینداری نییە سوکایەتیشە بەئاین و خوداکەیان، دەڵێن تۆ شتانێک قەدەغەدەکەی کە ڕوکنەکانی دینن. هەزاران ساڵە ئیشی لەسەر دەکرێن. ئەبوعابد فەرمان دەکات کە گوللەباران بکرێن، دوای ئەوەی بەدیارچاوی ئەو خەڵکەوە گوللە باران دەکرێن، دووبارە دەڵێ: کەس پرسیاری هەیە، ئەمجارە کەس پرسیاری نابێت. دەڵێ: کەس هەیە من بەخەلیفەی پێنجەم نەزانێت، ؟ کەس نقەی لێوە نایەت.

ئەوان لەمزگەوتەکە دێنە دەرەوە و هێشتا خەڵک لەناو مزگەوتەکەدا ئەمێنێت کە مزگەوتەکە دەتەقێننەوە و بەئەبوعابد ڕادەگەیەنن کە ئەوە دواین مزگەوتی شارەکەبووە کە تەقاندویانەتەوە. بەهمەنی سەحاف بینەری ئەم دیمەنانە ئەبێت و بەحەپەسانەوە لەدیمەنەکان دەڕوانێ و هەست دەکات ئەبوعابد پارچەیەکە لەئاسن هەست دەکات مەعدەنی مرۆڤ لەدروستکردنیدا بەکار نەهاتووە.

بەهەمان ئۆتۆمبیلی گوللەنەبڕ بەڕێدەکەونەوە و لەولای مزگەوتەکەوە کۆمەڵێک گەنج دەبینن و ئەنساری فەرمانی کوشتنیان دەردەکات و ئۆتۆمبیلەکە ڕادەگرێت و تەماشای گوللەباران کردنیان دەکات و لەجامی ئۆتۆمبیلەکەوە هاوار دەکات و دەڵێ: کە من وتارم هەبوو نابێت خەڵک لەسەر شەقامەکاندا ڕاوەستێت و نەیەت بۆ گوێگرتن،

پاشان پەیوەندیەکی بۆ دێت و بێتەلەکە ئەداتە دەست شۆفێرەکە و دەڵێ: خێرا بۆ ئەو شوێنە، پاش کەمێک دەگەنە سەربازگەیەکی مەشق و ڕاهێنانی فڕۆکەوانی کە سەحاف هەزاران گەنج بە باڵبەستراوی ئەبینێت، هەزاران گەنج ئامادە کراوون بۆ گوللەباران کردن و چاوەڕێی فەرمانی ئەبووعابد ئەکەن، ئەو کەمێک لەسەربازەکان و فڕۆکەکان ڕادەمێنێت و پاشان تەماشای جەنگاوەرەکان دەکات و دەڵێ: هەموویان گوللەباران بکەن ئەمانە هێزی ئاسمانین باکیان بەسوتانی دونیا نایەت ئەگەر گەورەکەیان فەرمانی مەرگی مرۆڤایەتی بدات ئەمانە جێبەجێی دەکەن. لەکاتی گوللەباران کردنەکەیاندا سواری ئۆتۆمبیلەکە دەبن و دەچن لەهەمان ئەو شوێنەی کە لەفڕۆکەکە دابەزین سواری فڕۆکەکە دەبنەوە و بەرەو وڵاتەکەی خۆیان دەگەڕێنەوە.

بەهەمەنی سەحاف تاماوەیەک تاقەتی بیرکردنەوەشی نابێت، تەندروستی تێک دەچێت و ئازارێک سەرسنگی دەتەنێت، چەند جارێک دەرشێتەوە و خەیاڵی لای ئەو دواین نیگایانە ئەبێت کە کاتی کەوتنە سەرزەوی لەمانیان دەڕوانی و چەشنی گلەیی تەماشای ئەبوعابدیان دەکرد.

ئەو شەوە بەهمەن زۆر دڵگران ئەبێت، زۆر توڕە ئەبێت لەدەستی بێت ئەبوعابد خەڵتانی خوێن ئەکات، نیوەشەوێکی دڕەنگ دەچێتە بەردەمی و دەڵێ: تۆ چەشنی ڕۆبۆت بڕیار دەردەکەی، چەشنی ئەو ڕۆبۆتانەی، کەهیچ هەستێکیان نیە و پارچەیەکن لە ئاسن، سەحاف کەمێ تۆنەکەی نزم دەکاتەوە و بەبێ ئەوەی لەسیمای بڕوانێت دەڵێ: تۆ پیاوێکی

پەراوێز خراوی ، پیاوێکی هیچ سۆز و خۆشەویستیەکت تیا نەچێنراوە و پڕ پڕ کراوی لەڕق و کینە، پیاوێکی زەڕەیەک ناز و ناسکی و بەرائەت و مەحەبەت لەدڵی تۆدا جێگیر نەکراوە، ئەوەیە گرفتی تۆ، ئەوەیە کێشەی تۆ لەگەڵ پیاوەکاندا، تۆ بەدوای تۆڵەیەکی سەیردا دەگەڕێی لەو پیاوانەی کە بەم جۆرەیان بەسەر هێناوی، بۆشاییەکی گەورە کەوتۆتە ڕۆحی تۆوە، ئەوە بۆشایی جێگاماچێکە کە لەهەموو تەمەنتا بەگۆناتەوە جێنەماوە، جێگا ماچێکی حەقیقی ، باوکانە، دایکانە، خوشکانە، ئەویندارانەی ڕاستەقینە، هیچ جێ ماچێ بەڕوخساری تۆوە جێنەماوە، چۆڕێ بارانی خۆشەویستی نەگیشتۆتە دڵی تۆ، ئەو بۆشاییە دەبوو لەمنداڵیدا بە پێکەنین و جوانی پڕبێتەوە، دەبوو بەوشەی جوان پڕبێتەوە، بەمەحەبەت، بەئومێدی جوان بە ژیان، بەحیکایەتی ژیان دۆستانە، دەبوو بەشتێک بۆشاییەکانی ڕۆحی تۆ پڕکەنەوە، شتێک کە بۆنی ژیانی ئاسایی لێبێت، بەڵام تۆ وشەیەکت نەبینیوە بۆنی ژیان و جوانی لێبێت ، ئەوە هەم تۆی گەمژە کردووە و هەم نەخۆشی خستویت.

سەحاف لەوێدا دەوەستێت و تەماشای ئەنساری دەکات کە دڵۆپە فرمێسکەکانی سەر گۆنای دەسڕێت و بەدەم هەنیسکی گریانێکی پیاوانەوە دەڵێ: بەهمەن تۆ پارچەیەکی لە حەقیقەت، پارچەیەکی لەبەرائەت، دەشێ هاتنی تۆ بۆلای من دەستی ئیبلیسی تیا بێت، من دەیان ساڵە دڵۆپێک ئەشکم بەسیمامەوە نەبینیوە، سوپاس بۆ تۆ کە فرمێسکت بیرخستمەوە و گەڕانتمەوە بۆ زەمەنی مناڵی و زەمەنی

گریان، ئەو کەمێک قورگی ساف دەکات و دەڵێ: من بەسەدان گەمژەخانەدا تێپەڕیووم تا گەشتووم بەم دواپلەی گەمژەییە، یەکەمین گەمژەخانە ئەوە بوو سروشت فڕێیدامە باوەشی ژن و پیاوێکی گەمژە، پاش سێ ساڵ چوومە کۆڵانێکی پڕ پڕ لەگەمژە، پاشان چوومە گەمژەخانەیەکی ڕاستەقینە، فێرگەیەکی گەمژاندن ، شوێنێک کە دەبوو هیچ شتێک نەڵێم جگە لەوەی کە لەکتێبەکاندا نوسرابوو، دەبوو هیچ نەکەم جگە لەوەی کە گەمژەکان پێیان دەسپاردم، نزیک بە پازدە ساڵ من لەو گەمژەخانەیەدا بووم، پازدە ساڵ من ئەو دێڕ و وشەو دەستەواژانەم ئەزبەر دەکرد کە لەکتێبەکانی ئەواندا نوسرابوو، ئیدی نەدەبوو خۆم هیچ شتێک بکەم ، لەدوای ئەمە نێردرامە گەمژەخانەیەکی تریش و لەوێش دەبوو چوار ساڵی تر درێژە بەگەمژاندنم بدرێت، بەڵام لەو گەمژەخانەیەدا تەواو بوومە گەمژە کاتێک هەزاران گەمژەم ناسی و تێکەڵی ئەو هەموو گەمژەیە بووم ، ئیدی کاتێک خۆمم لە ئاوێنەی حەقیقەتدا بینیەوە تەماشام کرد چەشنی گوێدرێژ دووگوێچکەی گەورەم لێڕواوە، پاشان لەو گەمژەخانەیەدا پێش ئەوەی ڕوو بکەمە گەمژەخانەی ئاینی و خوێندنی ئاینی و بڕینی قۆناغەکانی خوێندنی ئاینی کە دواتر هەموو تەمەنی منی برد، کچێکی گەمژەم ناسی، گەمژەیەکی سەیر، عاشقی بووم، ئاخر لەهیچ گەمژەخانەیەکدا باسی عیشقم نەبیستبوو، نەمدەزانی عیشق چ گەمژەیەخانەیەکە، گەمژەیەکی جوان بوو، گەمژەیەک بوو کە هەموو سەرمایەکەی جوتێ چاوی کاڵ و سیمایەکی

قەشەنگ و پرچێکی ڕەشی قەترانی و جوتێ شەمامەی زەرد و هەیکەلێکی شۆخ و شەنگ، ئیدی جگە لەمە هیچی نەبوو، تەنانەت هیچ لەسەریشیا نەبوو ، تەنها لەبەر ئەوەی پێش من دوو گەمژەی کە گوتبوویان خانم تۆ زۆر جوانی ،ئیدی ئەو خۆی لێ ببو بەشت و منی گەمژە چەشنی مێشی سەر شیرینی ناو زبڵخانە بەسەر باڵای ئەودا نیشتمەوە، بەڵام زۆر جار گەمژەکان فێری یەک وشە دەبن وشەی نەخێر ، ئەو هەردەیگوت: نەخێر و من هەر دەمگوت بەڵێ، دواجار نەخێری ئەو لای بەڵێی من وەک سیحری لێهات و دوای ئەوەی بەڵێی منی ڕەکردەوە و بەڵێی بۆ کوڕی پیاوێکی ئاینی کرد من دەمویست ئەو سیحرە بەتاڵ کەمەوە ، دەمویست ئەو گەمژەییە لەبیر خۆم بەرمەوە، دواجار بە دوو گووللەی دەمانچە ئەو سیحرەم بەتاڵ کردەوە، بەڵام ئەوە تەسکێنی دڵی نەدام و بڕیارمدا خوداکەشی بکوژم، ئەو خودایەی کە گەمژەکان خۆیان بەیەخەیدا هەڵدەواسن.

ئەبوعابد شوشەیەک شـــەراب دەردێنێت و پێکێک بۆخۆی تێدەکات و پێکێک بۆ سەحاف و پێکەوە لەتەنیشت پەنجەرەکەدا سەروپێک هەڵدەدەن و دەڵێ: ئیدی لەوێدا دەستم بەخوێنی گەمژەیەکی جوان سور بوو، ئیدی دوای چەند ساڵێک بووم بەئەبوعابدی ئەنساری، بووم بەگەمژەیەکی تەواو ، ئیدی بەناو ئەو هەموو گەمژەخانەیەدا هاتم و گەشتمە ئێرە و بووم بە گەمژەترین پیاوی دونیا بۆ لەناوبردنی گەمژەکانی دونیا.

بەیانیەک ئەبوعابدی ئەنساری ڕیشێکی درێژ بۆخۆی

دادەنێت و دەستێک جلی ڕۆژهەڵاتی لەبەر دەکات و دەستی بەهمەن دەگرێت و دەچنە ستۆدیۆ گەورەکەوە کە کۆمەڵێک وێنەی چەکداری ڕیشدار بەدیوارەکەوەیە کە لەچیاکان گیراوە و کامێراو شت بەرامبەر بەخۆی دادەنێت و لەبەر دەم وێنەیەکی گەورەدا دەوەستێت و دەڵێ: چاوپێکەوتنەکە لێرە تۆمار دەکەین و ئیدی سەربەستی لەوەی حەقیقەتی من بڵاو دەکەیتەوە یان چاوپێکەوتنەکە.

ئەبوعابدی ئەنساری نزیک بە پازدە خولەک قسە بۆ کامێراکە دەکات و بەهمەن بە حەپەسانەوە مایکرۆفۆنی بۆ دەگرێت و هەموو مەبەستی قسەکانیشی یەک دێڕە کە بەچەند شێوازێک دووبـارە و سێ بـارە و دەبارەیان دەکاتەوە و دەڵێ: دەبێت تەنها خودا بپەرسترێت و جگە لە ئەو هیچ شتێک شایەنی پەرستن نیە و هێرشی ئێمە بۆ وڵاتانی بێ دین و دوژمنی ئاینەکەمانە.

ئەو شەوە دواین شەو دەبێت کە ئەنساری و سەحاف پێکەوە دەبن، سەحاف بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر ئەنساری بکوژێت ئەوا دونیا ڕزگاری دەبێت لەو جەنگە بەرنامە بۆ دارێژراوە، بەڵام نازانێ چ هۆکارێک هانی دەدات ئەو کارە نەکات، بەیانیەک بەپارچە نوسراوێک ماڵئاوایی لێدەکات و دەگەڕێتەوە ناو کەناڵەکەی و شریتی تۆماری قسەکانی ئەبوعابد لەگەڵ دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لەبواری ڕاگەیاندن تەسلیم بەڕێوەبەری کەناڵەکە دەکات و دەچێتەوە ماڵەوە و تیڤی ژورەکەی خۆی دەشکێنێت .

ئەو شەوەی کە سەحاف لەژورەکەی خۆیدا بەبێ تیڤی

دەنوێت جیهان چاوەڕێی قسەکانی ئەبوعابدی ئەنساری دەکات. بەڵام لەتیڤیەکانەوە ئەو وتارە پێشکەش ناکرێت کە جیهان چاوەڕێی دەکرد، وتارێکی جیاواز پێشکەش دەکرێت وتارێک تەنانەت دواتر بەهەمەنی سەحافیشی توشی شۆک کرد، شتێک ڕوودەدات کە بەلای ئەبوعابدی ئەنساری خۆشیەوە چاوەڕوان نەکراو بوو هەرگیز خۆی بۆ شتێکی ئاوەها ئامادە نەکردبوو، ئەبوعابدی ئەنساری لە ڤیدۆیەکدا بەڕیشێکی جاویدانیەوە دەردەکەوێت و خۆی وەک یەکەمین پەیامبەر لەقەڵم ئەدات و دەڵێ: هەزاران ساڵە مرۆڤایەتی هەڵخەڵەتێنراوە، دەڵێ: هەتا ئێستا هیچ ئائینێک و هیچ دینێک و هیچ خودایەک و هیچ پەیامبەرێک حەقیقی نەبووە. دەڵێ: من یەکەمین پەیامبەر و دواین پەیامبەری مرۆڤایەتیم کە خودا بۆسەر زەوی ناردووە، وە هەر ئەو خودایە فەرمانی پێکردووەم هەموو خودا دەستکردەکان لەناوبەرم. ئەبوعابد لە ڤیدیۆکەدا باس لەوە دەکات کەچی دی دەبێت دونیا دان بە پێغەمبەرایەتی ئەودا بنێن و هەمووان ئاینی سەر پێناسەکانیان بگۆڕن بەئاین و خودای ئەبوعابد.

کۆتایی وتارەکەی بەهەڕەشەیەک کۆتایی دێنێت بۆ سەر دونیا و دەڵێت: ئەمە فەرمانی خودایە و ئەوەی سەرپێچی بکا سزای خۆی وەردەگرێت، ئیدی من دەستم کردووە بە جێبەجێ کردنی فەرمایشتەکانی خودا، هەر هێرشێکیشمان کردە سەر هەر وڵات و میللەت و نەتەوەیەک ئیدی بزانن کە خودا لەڕێگای منەوە سەردانیان ئەکات ئەگەر بێفەرمانی بنوێنن توند ترین سازیان دەدەم ، هەر شوێنێک زوو

مل بەفەرمانی خودا نەدات لەبتخانەکەی مەککە خراپتری بەسەر دێنین . من یەکەمین و دواین پەیامبەری مرۆڤایەتیم کەهاتووم خوداکانی پێشتر بکوژم .

من ئیدی هاتووم خودا بگێڕمەوە بۆ شوێنی خۆی، ئیدی کەس بۆی نیە باسی خودا بکات، ئیدی خوداکانتان هەڵگرن بۆ خۆتان و خودا پێویستی بەماڵ و مەعبەد نیە.